چاودێر
THE OBSERVER
Aweekly Political, Educational & Social Press
ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕوناکبیری کۆمەڵایەتی هەفتانەیە
ژمارە (٥٦) دووشەممە ٢٠٠٥/١٢/٥

سەرۆکی حکومەت (٩٠) ڕۆشنبیر بۆ گفتوگۆیەکی کراوە بانگێشت دەکا

عومەر فەتاح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان- ئیدارەی سلێمانی، (٩٠) نووسەرو ڕۆژنامەنووس بانگێشت دەکا تاوەکو سەعات (١٢)ی نیوەڕۆی ئەمڕۆ لەسەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵیاندا کۆببێتەوە.

لەو بارەیەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار لەسەرۆکایەتیی ئەنجومەن وەزیران بە "چاودێر"ی ڕاگەیاند: لەکۆبوونەوەکەی ئەمڕۆی سەرۆکی حکومەتدا لەگەڵ ڕۆشنبیرە بانگێشتکراوەکان، کە هەندێکیان حزبین و ئەوانی تریش کەسانی بێلایەنن، گفتوگۆی ڕاشکاوانە دەکرێ لەسەر باشترکردنی ئیش و کارەکانی حکومەتی هەرێم و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی هاووڵاتیان و هەڵبژاردن و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەمڕۆی کوردستان■

ئەمڕۆ حاکم ڕزگار دەستدەکاتەوە بە دادگاییکردنی سەدام و سەرانی ڕژێمەکەی

٥ ساڵ بۆ دادگاییکردنی سەدام دادەنرێ

ئەمڕۆ سەرلەنوێ حاکم ڕزگار محەمەد ئەمین سەرۆکی دادگای تاوانی باڵای عیراق دەستدەکاتەوە بە دادگاییکردنی سەدام حسێن و سەرانی ڕژێمەکەی سەبارەت بەدەعوای "دوجەیل" کە بەهۆیەوە ١٤٨ هاووڵاتی بێتاوان بوونە قوربانی.

لەمبارەیەوە سەرچاوەیەکی نزیک لەدادگای تاوانی سەرانی ڕژێم بە "چاودێر"ی ڕاگەیاند: دادگاکە (٥) ساڵی بۆ تەواوکردنی پرۆسەی دادگاییکردنەکە داناوە سەبارەت بەو تاوانانەی سەرانی ڕژێم کە دژ بەمرۆڤایەتی ئەنجامیانداوە.

سەرچاوەکە ئاشکراشیکرد: لەدانیشتنی ئەمڕۆشدا کە حاکم ڕزگار سەرۆکایەتی دەکا، شایەتەکان و هەندێ لەشکاتکەرو شایەتەکان وەردەگیرێ و بەدووریشی نەزانی داوای یەکەم کە تایبەتە بە "دوجەیل" ٥-٦ دانیشتنی تر بخایەنێ، و ئەوەشی ئاشکراکرد: شایەتی ئەو ئەفسەرە موخابەراتەی لەدانیشتنی پێشوودا ئاماژەی پێکرا، کە بەر لەمردنی شایەتی دابوو، لەڕووی یاساییەوە زۆر گرنگترە لەشایەتی تر و ئەم ئیعترافانەش دادگاکەی گەیاندە زۆر ئەنجامی گرنگ کە ناکرێ نکوڵی لەزانیارییەکانی بکرێ.

لەوەڵامی پرسیارێکی "چاودێر"یشدا دەربارەی داوای دووەمی دادگاکە کە ڕووبەڕووی سەدام و گەورە بەرپرسانی ڕژێمەکەی دەکرێتەوە، سەرچاوەکە ئاماژەی بەوە کرد:

چەند داوایەک هەن کە چاوەڕوانەکرێ لەخولی دووەمی دانیشتنەکاندا ڕووبەڕووی ئەو تۆمەتبارانە بکرێنەوە کە ئەوانیش ئەنفال، بێ سەروشوێنکردنی بارزانییەکانە، یاخود تاوانی شەعبان کە ساڵی ١٩٩١ دژ بەهاووڵاتیانی ناوەڕاست و باشووری عیراق ئەنجامدرا.

دەربارەی ئەگەری لە سێدارەدانیشیان، وتی:

ئەوە ئەگەرێکە لەئەگەرەکان و بۆ داهاتووی بەجێدەهێڵین، و ئاماژەی بەوەش کرد: ئەو دادوەرانەی سەرۆکایەتی دانیشتنەکانی دادگاییکردنەکە دەکەن، لە پێنج ئەندام پێکدێن کە تەنها حاکم ڕزگار کوردە و سەرۆکی دادگاکەیە و تاکە دادوەریشە کە ڕەزامەندی نیشانداوە لەکاتی پرۆسەی دادگاییکردنەکەدا وێنەکەی بڵاوبکرێتەوە، و چوار ئەندامەکەی تریش کە عەرەبن ڕازینەبوون وێنەیان لەکاتی پرۆسەی دادگاییکردندا بڵاوبکرێتەوە■

لەکەرکوک

١٥ تیرۆریستی تر دەستگیردەکرێن

ڕۆژی هەینی ڕابردوو هێزەکانی سریەی (١)ی سوپای نوێی عیراق لەدوبز لەسەر ڕێگای سەرەکی کەرکوک-موسڵ نزیک گوندی "مامە" (١٥) تیرۆریستیان دەستگیرکرد کە خەریکی دانانی چەند بۆمبێک بوون.

لەوبارەیەوە بەڕێوەبەری ژووری عەمەلیاتی دوبز بە "چاودێر"ی ڕاگەیاند: ئەو پانزە دەستگیرکراوە کە بڕێکی زۆر چەک و تەقەمەنیان پێگیراوە، لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکاندا دانیان بەوەدا ناوە چەندین جار لەو شوێنەدا تەقینەوەی تریان دژ بە هێزەکانی پۆلیس و فرەڕەگەزو سوپای عیراق ئەنجامداوە، و (٣) ئۆتۆمبیلیشیان پێگیراوە کە ئێستا لە بنکەی پۆلیسی دوبزن لەگەڵ بڕێکی زۆر کەرەستەی تەقاندنەوەی بۆمب.

هەر لەو بارەیەوە هادی حەمە مستەفا قایمقامی دوبز بە "چاودێر"ی ڕاگەیاند: ئەو پانزە تیرۆریستە ڕەوانەی فەوجی (٥) کراون لەکەرکوک و ئێستا لەلایەن ئیستیخباراتی فەوجی ناوبراوەوە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرێ.■

هاشم-پ.کەرکوک

یەکگرتووی ئیسلامی شکات لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەکا

سەرچاوەیەکی بەرپرس لە بەغدای پایتەختەوە بە "چاودێر"ی ڕاگەیاند: لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا لێپرسراوێکی باڵای یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەلای عادل اللامی سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عیراق سکاڵای بەرانبەر بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان تۆمارکردووە، و نیگەرانی حزبەکەی بە ناوبراو ڕاگەیاندووە: کە ترسیان هەیە لە تەزویرکردن لەلایەن لیستی هاوپەیمانی کوردستانەوە و داوایان لە عادل اللامی کردووە بۆ هەموو سندوقەکان ڕێکخەری سەر بە یەکگرتوو دابنرێن. سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەش کرد: ئەم شکاتکردنەی یەکگرتوو دوای ئەو فشارە جەماوەرییە فراوانەیە لەسەری بەهۆی جیابوونەوەی لەلیستی هاوپەیمانی، و نیگەرانیان لەبەدەستهێنانی کورسی لەپارلەمانی عیراق■

بەغدا- تایبەت

هەواڵ و مەترسی

کوژرانی تیرۆریستێک لەسەعدیە

ش.سالەیی:

شەوی ٢لە٣ی ئەم مانگە لەشارۆچکەی سەعدیەی سەر بە قەزای خانەقی، بۆمبێک بە تیرۆریستێکدا تەقیەوە کە دەیویست بۆمبەکە لە نزیک فەرمانگەی کشتوکاڵی سەعدیە دابنێ. خۆشبەختانە لەو تەقینەوەیەدا تەنها تیرۆریستەکە کوژرا، بێ ئەوەی هیچ زیانێکی گیانی و ماددی لێبکەوێتەوە.■

دەستگیرکردنی (٢) تیرۆریست

پ.کەرکوک:

پاش نیوەڕۆی دوێنێ پۆلیسی دۆمیز لەنزیک کۆمپانیای تاریق لەگەڕەکی عەسکەری شاری کەرکوک، (٢) تیرۆریستیان دەستگیرکرد، کە عەرەبی کەرکوکن و دانیان بەوەدا ناوە بۆمبی دەستکرد لەماڵەوە دروستدەکەن.■

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک:

لەگەڵ کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ڕێکەوتووین لەسەر لابردنی بەعسیەکان

ڕزگار عەلی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ڕایگەیاند: لەگەڵ کۆمیسیۆنی باڵا سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕێکەوتووین لەسەر لابردنی ئەو فەرمانبەرانەی کۆمیسیۆن کە لەپاشماوەکانی ڕژێمی بەعسن و ئاشکراشیکرد: هەر دوێنێ موقابەلەی (٥٠) کەسمان کردووە تاوەکو وەک ئەندام ئیش و کارەکانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە کەرکوک ڕاپەڕێنن، و دوپاتیشیکردەوە: ڕێگا نادەین هیچ بەعسییەک وەک فەرمانبەر لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دابمەزرێنرێ.

هەر لەو لێدوانەیدا بۆ "چاودێر"، ڕزگار عەلی داوای لەسەرجەمی هاووڵاتیانی کوردستان کرد دەنگبدەنە لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەبەرئەوەی تاکە لیستە لەسەرتاسەری عیراقدا کە قوربانی زۆری داوە و بەشداربووانی نێو لیستەکەیش هەرگیز سازشیان نەکردووە لەسەر کوردستانیبوونی کەرکوک، و ئامادەش نین سازش بکەن.

دەربارەی ئەو (٤٩٦) ملیۆن دۆلارەش کە لەلایەن ئەمریکاوە بۆ کەرکوک تەرخانکراوە، ناوبراو ئاشکرایکرد: لەگەڵ ئەمریکییەکاندا ڕێکەوتووین ئەو بڕە پارەیە بۆ ئاوەدانکردنەوەی کەرکوک تەرخانبکرێ، و دەبێ پرۆژەکانیش پێشوەخت ڕەزامەندی ئەنجومەنی پارێزگای لەسەربێ.■

پ. کەرکوک

وەزیری دارایی حکومەتی هەرێم - سلێمانی:

هیچ زانیارییەکمان لەسەر بودجەی ساڵی داهاتوو لەلا نییە

بایز تاڵەبانی وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان-ئیدارەی سلێمانی ڕایگەیاند: هیچ زانیارییەکمان لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠٠٦) لەلا نییە، و ئاشکراشیکرد: لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا بریکاری وەزارەتەکەی لەبەغدا بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ وەزیری دارایی عیراقدا کۆبووەتەوە، بێ ئەوەی وردەکاری زیاتر لەو بارەیەوە بڵاوبکاتەوە.

وەزیری دارایی ئاماژەی بەوەش کرد: ئەو بودجەیەی کە بۆ هەرێمی کوردستان تەرخاندەکرێ قابیلی ئەوە دەبێ مشت و مڕی لەسەر بکرێ و ڕاشیگەیاند: دەبێ پارلەمانی کوردستان پەسەندی بکات، ئینجا دەڕێتە بەغدا. هەر لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا لەگەڵ "چاودێر"، وەزیری دارایی ئاماژەی بەوەش کرد: تەسدیقکردنی بودجەی ساڵی نوێ هەمیشە لەمانگی (١)دا دەکرێ■

دوای بڕیاری لابردنی بەڕێوەبەری گەنجینەی

پەروەردەی سلێمانی لەجێی خۆی دەمێنێتەوە!

هۆگر-تایبەت:

دوای ئەوەی لەچەند هەفتەی ڕابردوودا وەزیری پەروەردە بڕیاریدا بە لابردنی شێخ ڕەووف بەڕێوەبەری گەنجینەی پەروەردەی سلێمانی، بەڵام تائێستا بەڕێوەبەری گەنجینەکان لەجێگای خۆی ماوەتەوە و ئەو پۆستەی بەجێنەهێشتووە.

لەمبارەیەوە سەرچاوەیەک لەوەزارەتی پەروەردە بە "چاودێر"ی ڕاگەیاند: مانەوەی بەڕێوەبەری گشتیی گەنجینەکان لەپۆستەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هێشتا لیژنەی لێکۆڵینەوە لەکەمتەرخەمییەکانی دابەشکردنی کتێب لەگەنجینەکان، ڕاپۆرتەکەی لەوبارەیەوە تەواونەکردووە. هەربۆیە وەزیری پەروەردە بەزارەکی بەڕێوەبەری گەنجینەکانی ئاگادارکردووەتەوە جارێک لەپۆستەکەیدا بمێنێتەوە.

سەرچاوەیەکی نزیکیش لە لیژنەی ناوبراو بە "چاودێر"ی ڕاگەیاند: لیژنەکە ڕاپۆرتی کۆتایی داوەتە وەزیر سەبارەت بەو کێشەیەو ئاشکراشیکرد: لەڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوەکراوە بەڕێوەبەری گشتی گەنجینەکان سزادراوە، ئیتر چ پێویست دەکا ئێمە سزای تری بدەین.■

ڕفاندنی بەڵێندەرێکی کورد

پەیامنێری کەرکوک:

ئێوارەی ڕۆژی (٢)ی ئەم مانگە، لەسەر ڕێگای سەرەکی کەرکوک-موسڵ چەند چەکدارێک لە ئۆتۆمبیلێکی ئۆپڵەوە دەستڕێژیان لەبەڵێندەرێکی کوردی دانیشتوی قەزای دوبز کرد بەناوی عومەر بایز دواتر ڕفاندیان.

دوابەدوای ڕووداوەکەش، هێزەکانی پۆلیس و سوپای نوێ و فرەڕەگەز هەڵمەتێکی گەڕان و پشکنینیان لەناوچەکە دەستپێکردو (٧) گومانلێکراویان دەستگیرکرد کە گومانیان لێدەکرێ دەستیان لەو کردەوە تیرۆریستیەدا هەبووبێ.

لەو بارەیەوە هادی حەمە مستەفا قایمقامی دوبز کە خاڵۆزای بەڵێندەرە ڕفێنراوەکەشە، بە "چاودێر"ی ڕاگەیاند: بەڵێندەرە ڕفێنراوەکە دوو جار پەیوەندی بە کەسوکارەیەوە کردووە، کە جاری دووەم دوێنێ نیوەڕۆ بووە کە لەڕێی کاسێتێکی تۆمارکراوەوە داوای لەکەسوکارەکەی کردووە ڕفێنەرانی هەرچییەکیان دەوێ بۆیانی جێبەجێبکەن، بێئەوەی تیرۆریستەکان داواکارییەکانیان ئاشکرابکەن.

ناوبراو ئاشکراشیکرد: بە شێخی عەشیرەتەکانی حەویجەمان ڕاگەیاندووە گەر بێتو ئەو بەڵێندەرە ئازادنەکرێ، ئەوا هاوسەنگی برایەتی کوردو عەرەب لە قەزاکە تێکدەچێ.■

سەرۆکی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان:

هونەرمەند هەیە بە دەفتەر دۆلاری دراوەتێ، و ئەمەش نیگەرانی لەنێو هونەرمەنداندا دروستکردووە



سەرۆکی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان

فەرەیدون دارتاش سەرۆکی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان بە "چاودێر"ی ڕایگەیاند: تائێستا نە ئەنجومەنی وەزیران نە وەزارەتی ڕۆشنبیری نە هیچ دەزگایەکی حزبی، پرسیان بە ئێمە نەکردووە بۆ فڵان پرۆژەی هونەری، یان هاوکاریکردنی فڵان کاری هونەری تاوەکو دیراسەی بکەین و پرۆپۆزەڵێک پێشکەش بکەین سەبارەت بە تێچووی ئەو بەرهەمە، بۆیە بەهیچ جۆرێک ئاگاداری ئەو پارانە نین کە بۆ هونەرمەندان خەرج کراون کە هەندێکیان هێندە زۆرن نیگەرانییان خستووەتە نێو هونەرمەندانەوە.

فەرەیدون دارتاش نیگەرانی خۆشی نیشاندا کە هەندێ هونەرمەند هەیە چەندین چەندو چونی لەگەڵدا دەکرێ تا پارەیەکی کەم دەدرێ، لەکاتێکدا هەندێ هونەرمەند هەیە لەگەڵ ڕێزمدا لەو ئاستەشدا نییە، لەئەوروپا گەڕاوەتەوە بەدەفتەر دۆلاری دراوەتێ. ناوبراو سووربوونی ڕێکخراوەکەشی دووپاتکردەوە کە ئامانجی خزمەتکردنی هونەرمەندانە.■

لەسلێمانی

١٦ باخچەی ساوایان و قوتابخانە داگیردەکرێن

حسێن شێخ مستەفا بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی سلێمانی بە "چاودێر"ی ڕاگەیاند: (١٦) باخچەی ساوایان و قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندیمان لەلایەن حزب و لایەنگرانی حزبەکان و هەندێ لەئاوارەکانەوە داگیرکراون و چەندین جاریش بە نووسراوی ڕەسمی لەڕێی وەزارەتی پەروەردەوە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، و دواین جاریش پارێزگای سلێمانیمان لێ ئاگادارکردەوە، بەڵام تائێستا ئەو کێشەیەمان چارەسەرنەکراوە.

ناوبراو ئاماژەی بەوەش کرد: کێشەیەکی زۆری بینای خوێندنمان هەیە کە چاوەڕوان دەکرێ بۆ ساڵی داهاتوو بەشی زۆری ئەو کێشانە چارەسەربکرێن، ئەویش دوای تەواوبوونی (٣٠) قوتابخانە لەناو شاری سلێمانی کە لەچەند مانگی داهاتوودا تەواودەبن، سەرباری دروستکردنی نهۆمی دووەم لە (٢٠) قوتابخانەی تردا.

هەر لەو پەیوەندییە تەلەفۆنیەدا، شێخ حسێن ئاماژەی بەکێشەیەکیتر کرد کە ئەویش نەبوونی مامۆستای پسپۆڕی کیمیا، فیزیا، و زیندەوەرزانییە لەناوەندییەکاندا و ئەم کێشەیەیشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە دەرماڵە و موچەکانیان کەمە، بۆیە ئەو پسپۆڕییانە دەچن لە نەخۆشخانە و تاقیگەکاندا دادەمەزرێن، و لەمبارەیەشەوە ئاشکرایکرد:

چەندین جار بە نووسراوی ڕەسمی و لەڕێی وەزارەتەوە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانمان لەو کێشەیە ئاگادارکردووەتەوە، بۆ زیادکردنی دەرماڵە و مووچە بۆیان، بەڵام تائێستا ئەو کێشەیەشمان چارەسەرنەکراوە.■

یەکێک لەو تیرۆریستانەی دەستی هەبووە لەتەقینەوەکەی خانەقی، دەستگیردەکرێ

شێرکۆ سالەیی- چاودێر:

بەڕێوەبەری پۆلیسی خانەقی بە "چاودێر"ی ڕایگەیاند: یەکێک لەو تیرۆریستانەی دەستی هەبووە لەتەقینەوەکەی چەند ڕۆژی ڕابردووی شاری خانەقی، لەلایەن نووسینگەی تاوانی گەورەی سەر بە پۆلیسی دیالەوە دەستگیرکراوە و لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانیشدا ئیعترافیکردووە لەسەرە (١٠) تیرۆریستی تر کە تێوەگلاون لەئەنجامدانی ئەو کردەوە تیرۆریستییە، و ئاشکراشیکرد: تیرۆریستە دەستگیرکراوەکە عەرەبێکی عیراقی سونەیە، بێ ئەوەی ئاشکرایبکا خەڵکی چ شارێکە.

دەربارەی خۆئامادەکردنیشیان بۆ ڕۆژی هەڵبژاردن، وتی: ڕۆژانی ٩و١٠ی ئەم مانگە خولێک بۆ پۆلیس دەکەینەوە بۆ چۆنیەتی پاراستنی بنکەکانی دەنگدان و ڕۆژی (١٣)ی مانگیش پاراستنی بنکەکانی دەنگدانیان پێدەسپێرین■

نیاز بەیاتی زانکۆی سلێمانی بەجێدەهێڵێ

عەبدوڵڵا ئەحمەد- تایبەت:

نیاز بەیاتی مامۆستای کۆلێجی هونەری زانکۆی سلێمانی بە "چاودێر"ی ڕاگەیاند: بەهۆی زۆربوونی فشارەکان لەسەرم لەلایەن کۆلێجی هونەرو سیستمی زانکۆی سلێمانییەوە، بڕیارمدا واز لەزانکۆی ناوبراو بهێنم و بگەڕێمەوە بۆ دانیمارک.

بەیاتی کە پێشتر لە (١٨) زانکۆی ئەوروپاو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا وانەی هونەری وتووەتەوە وەک خۆیشی بە "چاودێر"ی ڕاگەیاند: لەپێناو خزمەتکردن و لەسەر داوای زانکۆی سلێمانی و وەزارەتی ڕۆشنبیری لە ئەوروپا گەڕاوەتەوە بۆ خزمەتکردنی خوێندکارانی کوردستان، بەڵام ماوەی سێ مانگە یەک دیناری وەرنەگرتووە، و تەنانەت شوێنی حەوانەوەیشی بۆ دابین نەکراوە و هەروا ڕێگایشی پێنەدراوە ئۆتۆمبیلەکەی وەک هەریەکە لە مامۆستاکانیتر بباتە ناو زانکۆوە.

ناوبراو ڕەخنەی توندیشی گرت لە سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانی لەڕووی بوونی بیرۆکراتیەت کە خەمساردن لەپەرەپێدانی زانکۆکە و گۆڕینی مەنهەجی خوێندن و لەمبارەیەوە سیستمی خوێندنی کۆلێجی هونەری بە سیستمێکی پۆلیسی ناوبرد.■

بەدواداچوونێک لە لاپەڕە (٣)دا دەخوێننەوە..

ÇAWDÊR
Political, cultural, social weekly press ..kurdistan iraq
No.: (56) 5-12-2005
THE OBSERVER

www.madaniat.org
info_chawder@yahoo.com
سلێمانی - شەقامی سالم
مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان
تەلەفۆن: ٣١٤١٤٣٢
نەخشەسازی: جەلیل حسێن
پیتچنین: سۆران بورهان؛ ئیبراهیم حسێن، تەها حەمە نوری؛ لەیلا حەسەن پور
نرخی: (٤٠٠) دینارە

خاوەنی ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس: مەلا بەختیار
ستافی کارا: سامی هادی، جەمال حوسێن، ناهیدی حوسێنی، مەم بورهان قانع
بەڕێوەبەری کارگێڕی: داهێن هاشم
دەستەی نوسەران: سەلام مستەفا، مامەند ڕۆژە، عومەر سەرگەتی، سەردەشت حەمە ساڵح، بابان حەمە، ڕەنج قەرەداغی، عەبدوڵا ئەحمەد، نەبەز محەمەد، عەزیز ڕەئوف، سۆران عەبدوڵا

ئابووری شەشەم

شەریک شعور

نایکاتەوە

نەخێر نایکاتەوە. زاناکان ئەڵێن قاوە زەغطی خوێن بەرز ناکاتەوە. بێجگە لە کلیلی جەماعەت جەماعەتێنەش هیچ کلیلێک دەرگای بەتەوەری بەرووی کادیری حزبیدا ناکاتەوە. کە زبڵخانە ئەیابەرەکەی سەرجادە و ناو بازاڕیش ئەبینیت ئەگەیتە ئەو قەناعەتەی کە کورد بۆیە ئاوڵ لەدواوەیە چونکێکم هیچ کاسبکارێک بەردەمی دوکانەکەی خۆی پاک ناکاتەوە. یەکێتی ئەورووپاش ئەڵعان لە ئێراندا تووشی هێن ڕەشی خۆی بووە و سەبەبەکەش ئەوەیە کە حکومەتی تازەی تاران مەشجەبی کەرەسە ئەتۆمیەکانی خۆی بۆ پشکنەرە نێودەوڵەتییەکان ناکاتەوە. خاڵە مەحمود عەباسیش کە ئەڵێن تووشی کەئابە بووە لەبەر ئەوەیە ئەریل شارون چوار سەعات زیاتر مەعبەری ڕەفەح بۆ فەلەستینیەکان ناکاتەوە. سیستمی پەروەردەی ئێمەش بە نەوعێک تەلەبەی ڕاهێناوە کە شەوی ئیمتیانی لێ دەرچێ، تەلەبەی کورد بە حەیاتی کتێبەکەی ناکاتەوە. ئاگادارە سیاسیەکانیش ئەڵێن وەلەو میستەر بوش مودەتێکە چاو لە دیمەشق سور ئەکاتەوە بەڵام زەحمەتە هجومی بۆ بەرێت لەبەر ئەوەی تەجروبەکەی عێراق لە شاما تیکرار ناکاتەوە. بیستووشمە ئەڵێن لە ترسی پارەی تەزویر و ئەمانە، لەو بازاڕی دۆلارە سەرت بێت بەژێر لەشتەوە موسوڵمانێک صەد دۆلارییەکت بۆ ورد ناکاتەوە. لەم سەروبەندی هەڵبژاردنەشدا کە کوردی دنیا چاوی بڕیوەتە لیستی حەوصەدوسی، براتان سیقەی تەواوی بە سەرکردایەتی کورد هەیە کە ئیشەڵڵا ئەمجارە دەست لەگەڵ هێزە کۆنە پەرستەکانا تێکەڵ ناکاتەوە و دانیشن بەخێر. ■

دوا پرۆژەت چییە..؟

لەوەڵامی پرسیاری (دوا پرۆژەت چییە؟) نووسەرو مامۆستای زانکۆ (ڕێبوار سیوەیلی) بەدوا لاپەڕەی چاودێری ڕاگەیاند: ئەوەی ئێستا پێوەی خەریکم بریتیە لەبەرگی یەکەمی (مێژووی هزری کۆمەڵایەتی)، هەروەها کتێبێکی ترم بەناوی (نوسین و بەرپرسیاری) لە چاپخانەیە. دواکاریشم پرۆژەیەکی هاوبەشە لەگەڵ (گۆڤاری سپی تر) بەناوی (شارو مۆدێرنیتە).■

نوێترین مۆدێلی جل و بەرگی کوردی بۆ ساڵی ٢٠٠٦

کاری دیزاینەری جل و بەرگی جیهانی خاتو دڵکەش، لەژمارەکانی داهاتوودا مۆدێلە جیاوازەکانی دیزاینەری کورد خاتو دڵکەش دەبینن.

لەباوکی کەرکوکەوە...

"کەرکوک بەکوردستانی ببینم بشمرم قەینا"

چاودێر / کەرکوک

هاوڕێ کرێکار پێشمەرگەیەکی دێرینی شاخەو پاش ئەوەی حکومەتی بەعس هەموو خێزانەکەی لەکەرکوک دەرکرد، ساڵی (١٩٨٥) ڕوویان لەهەندەران کرد و لەوڵاتی سوید نیشتەجێ بوون، لەوەڵامی پرسیارێکی چاودێردا ناوبراو ڕایگەیاند: کاتێ کە دەرکراین لەکەرکوک باوکم (دکتۆر قادر دانسان) لەڕێگەی ئێران پێی دەوتین، ڕژێم بە ١٥ سەر خێزانەوە منی دەرکرد، بەڵام ڕۆژێک دەبێت، بە ١٠٠ سەر خێزانەوە بگەڕێمەوە کەرکوک. هاوڕێ کرێکار لەم دواییانەدا منداڵێکیان بووەو ناوی ناوە (کەرکوک) سەبارەت بە پاڵنەرەکانی ئەم ناولێنانە پێی ڕاگەیاندین: کاتێ کە لەهەندەران بووین باوکی خوالێخۆشبووم بەردەوام پێی دەوتین هەچ کاتێک کەرکوک ڕزگاری بوو پێویستە هەموو کوردێک کە منداڵی بوو ناوی بنێ (کەرکوک)، بۆیە منیش ئەو وەسیەتەی باوکم جێبەجێ کرد.

دواتر سەبارەت بەهەلومەرجی ئێستای شاری کەرکوک هاوڕێ کرێکار پێی ڕاگەیاندین: من پێموایە کەرکوک شارێکی تەواو کوردستانیەو تەنانەت عەرەبی ڕەسەنیشی تێدا کەمە، ئەوەی هەیە هەمووی عەرەبی هاوردەیە، من نەک تەنها لەگەڵ ئاساییکردنەوەی شارەکەدام، بەڵکو ئامادەم ڕۆح و گیانیشم بکەمە قوربانی.

لەکۆتاییدا هاوڕێ کرێکار ئەوەشی ڕاگەیاند، کە لەپێناو ئاساییکردنەوەی شاری کەرکوک و گێڕانەوەی بۆ کوردستان و لەهەنگاوێکی عەمەلیدا زیاد لە ٢٠ خانوی عەرەبە هاوردەکانی کڕیوەتەوە بەمەبەستی هاندانیان بۆ گەڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان.■

سەیوان سەعیدیان: تائێستا ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپیەکانمان)م نەخوێندۆتەوە



ئا: ئومێد مەڵکەندی

سەیوان سەعید لەزۆر بواری شێوەکاری وەکو وێنە، پەیکەر، گرافیک... کاردەکات و بەوتەی خۆی دونیای وێنە و ڕوانین دونیایەکی بەرفراوان و بێ کۆتاییە، هەرچەندە بۆ ڕۆیشتووم هێشتا وادەزانم سەرەتایە. سەبارەت بەکاری دیزاینی بەرگ سەیوان وتی: دیزاین بۆ من لێرە دەرگایەک بوو کەتوانیم پێیدا تێپەڕبم و بۆ جارێکی تر هەنگاو بنێمە هەرێمی وێنەوە، هەربۆیە زۆر لام خۆشەویستە. من سەرجەم کارەکانی خۆم وەکو سەرەتایەک و هەنگاوێکی نوێ دەزانم و هەموو کات لایەنە نێگەتیڤەکانی زیاتر دەمهەژێنێ تاوەکو جوانی کارەکانم وەک خۆی ببینمەوە. سەبارەت بەئاستی کارکردنی ئێستای وتی: ئێستا خەریکی ئەزموونم و هەمیشەش بەترسێکەوە ئەو ئەزموونەم درێژە پێدەدەم، واهەست دەکەم بەرپرسیارێتیەکی قورسە. ئاواتە خوازم لەژێر قورسایی ئەودا نەشکێم و سەرکەوم. سەیوان لەم دواییانەدا بەرگێکی جوانی بۆ دوا ڕۆمانەکەی (بەختیار عەلی) ڕۆماننوس کردووە بەناوی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) کە جێگەی سەرنجی زۆرێک لەخوێنەران و بینەرانی ئەو کتێبە بووە.

سەبارەت بەوەی کە ئایا (بەختیار عەلی) ئەو بەرگەی بەدڵ بووە یان نا، سەیوان وتی: ئەو پرسیارە ئەگەر ئاراستەی کاک بەختیار بکرێتەوە بەوەڵامێکی ڕاستتر دەگات، تەنیا ئەوەندە دەڵێم کاک بەختیار بەداخەوە لەبەرگی کتێبەکانی تری ڕازی نییە، ئەو ماوەیەی کەلەگەڵ خۆی و کاک ئاراس فەتاح (بۆ مۆنتاژی ناوەوە) کارمان کرد، هەستمان کرد بەشتێک گەیشتبین. من خۆم لەبەرگی پشتەوەی زۆر ڕازی ترم تا ڕووی پێشەوەی. سەبارەت بەوەی کە فۆرمی ئەم بەرگە چەندە پەیوەستە بەناوەڕۆکی ڕۆمانەکەوە سەیوان وتی: بەداخەوە ئەوەندە کاتم نەبوو کەکتێبەکە تەواو بخوێنمەوە، کاک بەختیار و کاک ڕێبین هەردی لەناوەڕۆکی ڕۆمانەکە دوان. باکگراوندێکی گشتی لەسەر ئەتمۆسفێری ڕۆمانەکە دروست بوو. کاک بەختیار خۆشی کۆمەڵێک تابلۆی (بۆگارێۆ)ی لەگەڵ خۆی هێنابوو کەبابەتی زۆربەیان ئەو فریشتانەبوون کەمۆسیقایان دەژەنی. بەگشتی چەندان کەڵکم لەچەندین لەوانە وەرگرتووە. تائەو جێیە من بیستومە ڕووبەرگەکەی دوور نییە لەناوەڕۆکەکەی، بەڵام خۆم تا ڕۆمانەکە تەواو نەخوێنمەوە ناتوانم بڕیار بدەم.■

ڕیکلام
پەیمانی عێراق
هاوڵاتیمان مافەکانمان ئایندەمان
ئەی دەنگدەر
دەست بە پەیمانی عێراقەوە بگرە
داوالە پاڵیوراوەکانت بکە تا پەیوەست بن بەو یاسایانەی کە مسۆگەری:
- مافی مرۆڤ دەکات
- ئازادی بیرورا دەبڕین
- پشت بەستن بە پشێوایەتی و دووربون لەگەندەڵی دام و دەزگا حکومیەکان
- سەربەخۆی دادگای فیدراڵی باڵا
www.AhadALIraq.net

یەکگرتووی ئیسلامی
لە نێوان ستایش و تانەوتەشەردان لە (لیستی هاوپەیمانی کوردستان) !

نیاز سەعید عەلی

لە هەڵبژاردنی ڕابردووی پەرلەمانی عێراقدا، لە (٢٠٠٥/١/٣٠)، یەکگرتووی ئیسلامی، شانبەشانی ژمارەیەک لە حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق، لە ناویاندا (ی.ن.ک) و (پارتی)، لە یەک لیستی هاوبەشدا، بە ناوی (لیستی هاوپەیمانی کوردستان) دابەزی، بەڵام ئەمجارەیان، بۆ دووەم پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، کە بڕیارە لە ڕۆژی (٢٠٠٥/١٢/١٥)، ئەنجام بدرێ، یەکگرتووی ئیسلامی، بڕیاری داوە، هەرخۆی بەتەنها، وەکو لیستێکی سەربەخۆ، بەشداری لەو پرۆسەی هەڵبژاردنەدا بکا.

هاوکات لەگەڵ ئەو گۆڕانە بنەڕەتییەی کە بەسەر هەڵوێستی یەکگرتووی ئیسلامییدا هاتووە، گۆڕانێکی بنەڕەتی تریش، بەسەرخیتابی ڕاگەیاندنی ئەو حیزبەدا هاتووە، لە پرۆسەی یەکەم هەڵبژاردندا، کە بە هاوبەشی لەگەڵ حیزبە سیاسییەکانی تر بەشداریکرد، یەکگرتووی ئیسلامی، کەوتبووە ستایش و بە شانوباڵدا هەڵدانی (لیستی هاوپەیمانی کوردستان) و تیۆریزەکردن (تنظیر) بۆ هاوپەیمانێتییەکەو شەرعیەتپێدانی ولەهەمانکاتدا، تیۆریزەکردن بۆ پێویستێتی و گرنگی بەشداریکردنیان لەو هاوپەیمانێتییەدا، بەڵام لە پرۆسەی دووەم هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی عێراقدا، کە یەکگرتووی ئیسلامی، بە جیاو بە لیستێکی سەربەخۆ، بەشداری ئەکا، بە پێچەوانەی هەڵبژاردنی پێشوو، کەوتۆتە سەرزەنشت کردن و تانەوتەشەردان، لەو هاوپەیمانێتییەو تیۆریزەکردن بۆ جیابوونەوەیان لەو هاوپەیمانێتییە و بە شەرعیەتپێشاندانی ئایینییانەی جیابوونەوەکەیان و کەمکردنەوەی ڕۆڵی ئەو هاوپەیمانێتییە لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا.

وەزیفەی سەرەکی ئەم ووتارە بۆ ئەوە نییە، کە مەترسی گەورەی ئەم هەڵوێستەی یەکگرتووی ئیسلامی، بخاتە ڕوو، بەهۆی جیابوونەوەیان لە (لیستی هاوپەیمانی کوردستان) و تانەوتەشەردان لێی، بەڵکو بۆ ئەوەیە، دەری بخەین کە یەکگرتووی ئیسلامی، وەکو هێزێکی ئیسلامی سیاسی، خاوەن ئامانجی سیاسی، بۆ گەیشتن بە حوکم و دەسەڵات، بە شێوەیەکی ئینتیقائییانەو بە بەرژەوەندی ئامانج و سیاسەتەکانی خۆی، مامەڵە لەگەڵ واقیعی کوردی و خیتابی سیاسی خۆی وتەنانەت ئایینی ئیسلامیشدا ئەکاو لەگەڵ گۆڕانکاریی و ڕۆژگارو پێشهات و هەلومەرجە نوێکاندا، بۆ بەدەستهێنانی، ئەوەی لە پرۆسەی سیاسەتدا پێی ئەوترێ، دەسکەوتە سیاسی و بەرژەوەندییە حیزبییەکان و ئیمتیازاتی حوکم و دەسەڵات، زۆر بەئاسایی، ئەم حیزبەش، وەکو حیزبە سیاسییەکانی تر، گۆڕان لە سیاسەت و ڕێبازو هەڵوێستەکانیدا ئەکا، ئەویش لەسەر ئەو بنەماو پێوەرەی کە لە پرۆسەی سیاسەتدا، زەرەرو قازانج هەیە و یەکگرتووی ئیسلامیی کە بۆ بەدەستهێنانی قازانجی حیزبی تێ ئەکۆشێ، زەمینەو بارودۆخەکان لە پێناویدا ئەقۆزێتەوە، ململانێ و تێکۆشان لە پێناوی قازانج ، لەسەر بنەمای سیاسەتێکی ڕاگەیاندن، بە مەبەستی سەرنجڕاکێشانی ڕای جەماوەر بەلای خۆیداو کارلێکردن لێیان، ئەڕازێنێتەوە وماکیاژی ئەکابە چەندین دروشم و ووتارو بەڵێن و بانگەشەو لێدوان.

ئەوەی یەکگرتووی ئیسلامی لە ناوەڕاستی نەوەدەکانەوە تا کۆتایی نەوەدەکان و تا کاتی بەشداری لە هەڵبژاردنی شارەوانی ساڵی (٢٠٠٠)، دەرینەخستبوو، ئەوە بوو کە ئەم حیزبە، وەکو سەرجەم هێزە سیاسییەکانی تر، خاوەنی پڕۆژەیەکە بۆ بە دەستهێنانی پلەو پایە و پۆست و ئیمتیازات و ئامانجی گەیشتن بە حوکم و دەسەڵات

ئەمە لە کاتێکدا بەسەر یەکگرتووی ئیسلامییدا ڕوویداوە، کە ئەو حیزبە، لە سەرەتاکانی خۆڕاگەیاندنیەوە، لە (١٩٩٤/٢/٦)ەوە، وابانگەشەی بۆخۆی ئەکرد وخۆی ئەناساند، کەگوایە ئەوان جیاوازتر، لەحیزبە سیاسییەکانی تر، دوورلە ئامانجی سیاسی ودوورلە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە حوکم و دەسەڵات و پلەو پایەی دنیایی، هاتوون بۆ ئەنجامدانی کاری خێرخوازیی و فریاگوزاریی وەدەعەویی و خزمەتگوزاریی و ئاوەدانکردنەوەو ئامێزکردنەوە بۆ بێسەرپەرشتیاران وبەهاناوەچوونی لێقەوماوان و ......هتد، تەنها بە چاوەڕێ بۆ پاداشتی ئەو دنیایی !!

ئەوەی یەکگرتووی ئیسلامی لە ناوەڕاستی نەوەدەکانەوە تا کۆتایی نەوەدەکان و تا کاتی بەشداری لە هەڵبژاردنی شارەوانی ساڵی (٢٠٠٠)، دەرینەخستبوو، ئەوە بوو کە ئەم حیزبە، وەکو سەرجەم هێزە سیاسییەکانی تر، خاوەنی پڕۆژەیەکە بۆ بە دەستهێنانی پلەو پایە و پۆست و ئیمتیازات و ئامانجی گەیشتن بە حوکم و دەسەڵات !!

لێرە بەدواوە، بە پێویستی ئەزانم، لەم ووتارەدا تیشک بخەمە سەر بەشێک لەو تیۆریزەکردن و ستایشەی کە یەکگرتووی ئیسلامی، لە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی پێشووی پەرلەمانی عێراقدا هەیبوو، بۆ دەرخستنی پێویستێتی و گرنگی (لیستی هاوپەیمانی کوردستان) و شەرعیەتپێدانی، لە هەمان کاتدا و بۆ بەراوورد، ئەکەومە ئاماژەکردن، بۆ بەشێک لەو تانەوتەشەرلێدان و تیۆریزەکردنەی کە یەکگرتووی ئیسلامی، بۆ خۆجیاکردنەوە لە (لیستی هاوپەیمانی کوردستان)، لە هەڵمەتی بانگەشەی دووەم پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا، لە ئێستادا کاری لەسەر ئەکا، بە جیاوازی نۆ مانگ، لە نێوان پرۆسەی یەکەمی هەڵبژاردن و ڕۆژی (٢٠٠٥/١٠/٢٢)، کە تیایدا، مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی، بە بەیاننامەیەک، خۆجیاکردنەوەی لە (لیستی هاوپەیمانی کوردستان) ڕاگەیاند.

یەکگرتووی ئیسلامی لە کاتی هەڵبژاردنی یەکەمی پەرلەمانی عێراقدا و، بۆ بەڕێوەبردنی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ (لیستی هاوپەیمانی کوردستان) وبۆسەلماندنی ڕەوایی و پێویستی بەشداریکردنی یەکگرتووی ئیسلامی تیایدا و، بۆ لەقەڵەمدانی بەشداریکردنەکە، بە ئەرکێکی شەرعی ئایینی سەرشانیان، بەم جۆرە ستایشی (لیستی هاوپەیمانی کوردستان)ی کردووە و تیۆریزەی لە پێناوداکردووە :

١- بەڕێز سەڵاحەدین محەمەد بەهائەدینی ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی، لە کۆبوونەوەیەکیدا، لەگەڵ ڕێکخستنەکانی هەردوو مەڵبەندی (هەولێر و سلێمانی) ی یەکگرتووی ئیسلامی، بەم جۆرە ستایشی ئەو لیستە ئەکا : (لیستی هاوبەش پڕۆژەیەکی نیشتمانیی خزمەتگوزارییەو یەکگرتوو میوان نییە تیایدا) - لاپەڕە یەک، ژمارە (٥١٩) ی ڕۆژی (٢٠٠٤/١٢/٢١) ی ڕۆژنامەی (یەکگرتوو).

٢- هەر لە لاپەڕە دووی هەمان ژمارەی ڕۆژنامەی (یەکگرتوو) دا، کادیرو نووسەرێکی یەکگرتووی ئیسلامیی و، ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی (یەکگرتوو)، بە ناوی بەڕێز (فەهمی حەمە توفیق)، ووتارێکی نووسیوە، بە ناوونیشانی (لەژێر ڕۆشنایی وتەکانی بەڕێز ئەمینداری گشتی دا، کوردستان لیستی هاوبەش دەخوازێت).

٣- بەڕێز محەمەد فەرەجی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیی، لە کۆبوونەوەیەکی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستاندا، بەمجۆرە ئەو لیستەی هەڵسەنگاندووە : (لیستی هاوبەش سەرکەوتنێکی زۆر گەورەیە بۆ گەلی کوردستان لە دوو ڕەهەندی کوردستانی و عێراقییەوە) - لاپەڕە یەک، ژمارە (٥٢٠)ی ڕۆژی (٢٠٠٤/١٢/٢٨) ی ڕۆژنامەی (یەکگرتوو).

٤- بەڕێز مەولود باوەمورادی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیی، لە بەشی دووەمی ووتارێکیدا، بە ناوونیشانی (لیستی هاوبەش لە نێوان مافی هاوڵاتی و خەمەکانی گەلدا)، نووسیوویەتی : (سەرکردایەتی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان داوای پێکهێنانی لیستی هاوبەشی حزب ولایەنە کوردستانییەکانی کردووەو داوای لە سەرکردایەتی هەردوو حیزب کردووە کە سیغەیەک بۆ پێکهاتن و لیستی هاوبەش بدۆزنەوە) - لاپەڕە دوو، ژمارە (٥٢٠) ی ڕۆژی (٢٠٠٤/١٢/٢٨) ی ڕۆژنامەی (یەکگرتوو)، هەروەها ناوبراو، لە بڕگەیەکی تری هەمان ووتاردا، بەم جۆرە ستایشی ڕۆڵ و گرنگیی لیستی هاوبەش ئەکاو ئەڵێ: (لیستی پێکهاتنی نیشتمانییە، لیستی خەبات و شەڕی سیاسییە، لیستی بەدەستهێنانی فیدراڵییەت و گێڕانەوەی ناوچەکانی کوردستانە بۆ سەر هەرێم، لیستی یەکلاکردنەوەی کێشەی کەرکوک و بنەبڕکردنی پرۆسەی ڕاگواستن و ئاوارەکردنە، یەکگرتوو ئاوا دەڕوانێتە ئەو پەرلەمانە نوێیەو شەرەفێکی گەورەیە بۆ خۆی و سەرجەم ئەندام و لایەنگرانی کە لەو وێستگە چارەنووسازەی گەلەکەماندا بەشدارە، با بە یەک کەسیش بێت، لیستی هاوبەش بۆ ئێمە پاش قبوڵکردنی ئیلتیزامێکی شەرعی و ئەخلاقییەو دەبێت بە گەرمی و لە ڕووی ئەو تێگەیشتنە گشتیانەمانەوە بۆ ئەو لیستە بەشداری جددی تیادا بکەین) - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٥ بەڕێز عومەر عەبدولعەزیزی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیی، لە بەشی یەکەمی ووتارێکیدا، بەناوونیشانی (قۆناغی پاش هەڵبژاردن و ئەرکی مێژوویی لیستی هاوپەیمانێتی کوردستان)، گرنگیی و ڕۆڵی (لیستی هاوپەیمانی کوردستان)، لە پەرلەمانی عێراقدا، بەمجۆرە ئەنرخێنێ : (لە واقیعدا ووشەی هاوپەیمانێتی بۆ لیستی هاوبەشی کورد لە بەغدا، کۆمەڵە ئەرک و مەسئولیەتێکی نەتەوەیی گەورەی لێ دەکەوێتەوە) - لاپەڕە سێ، ژمارە (٥٢٥)ی ڕۆژی (٢٠٠٥/٢/٨) ی ڕۆژنامەی (یەکگرتوو).

یەکگرتووی ئیسلامی لە دووەم پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا، بە پێچەوانەی هەڵوێستی پێشووتری، بەشداریکردن لە (لیستی هاوپەیمانی کوردستان)، ڕەتئەکاتەوە و تانەوتەشەری لێ ئەداو، تیۆریزە بۆ جیابوونەوە، لەو لیستە ئەکاو، جیابوونەوەکەی بە ئەرکێکی شەرعی ئایینی سەرشانی خۆی لەقەڵەم ئەدا، لەم سۆنگەیەوە چەند نموونەیەک ئەخەمە ڕوو:

١ مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیی، ڕۆژی (٢٠٠٥/١٠/٢٢)، بەیاننامەیەک بڵاوئەکاتەوە، لەو بەیاننامەیەدا، یەکگرتووی ئیسلامیی، بەجیا دابەزینی خۆی، وەکو لیستێکی سەربەخۆو جیاواز لە (لیستی هاوپەیمانی کوردستان)، ڕائەگەیەنێ و لە بڕگەیەکی ئەو بەیاننامەیەدا هاتووە : (لەم قۆناغەدا بە ئەرکی شەرعی و نیشتمانیی و نەتەوەیی خۆمان زانی کە لە سنووری توانای خۆماندا ئەم حاڵەتە چەقبەستووە بشڵەقێنین و لە هەڵبژاردنی داهاتوودا نەچینە چوارچێوەی هەندێ هاوپەیمانێتییەوە)-بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ژمارە (٥٦٢) ی ڕۆژی (٢٠٠٥/١٠/٢٥)ی ڕۆژنامەی (یەکگرتوو)، هەروەها لە بڕگەیەکی تری بەیاننامەکەدا هاتووە : (بڕیارماندا لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٥/١٢/١٥ دا بەجیا لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان و بەتەنیا وەک لیستێکی سەربەخۆ دابەزین).

٢- بەڕێز سەڵاحەدین محەمەد بەهائەدینی ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامیی، لە دیدارێکدا کە لەگەڵی سازدراوە و، لە لاپەڕە سێی ژمارە (٥٦٤)ی ڕۆژی (٢٠٠٥/١١/١٥)ی ڕۆژنامەی (یەکگرتوو) دا، بڵاوکراوەتەوە، دژی (لیستی هاوپەیمانی کوردستان)، ڕاوەستاوەو ئەو هاوپەیمانێتییە ڕەت ئەکاتەوە، لە وەڵامی پرسیارێکیشدا، سەبارەت بە ئەگەری گەڕانەوەی ئەندام پەرلەمانەکانی لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی، لەناو پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا، بۆ ناو (لیستی هاوپەیمانی کوردستان)، ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامیی ئەڵێ : (ئێمە هەر بڕوامان بە هاوپەیمانێتی نییە بۆ کوردستان، خەڵکی کوردستان پێویستی بە هاوپەیمانێتی نییە).

٣- بەڕێز هادی عەلی ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی ئەنجومەنی شورای ناوەندی یەکگرتووی ئیسلامیی، لە لێدوانێکیدا لە هەولێر بۆ کاک (ئاسۆ حەمید)، کە لە ڕۆژی (٢٠٠٥/١١/٢٤) دا، لە پێگەی یەکگرتووی ئیسلامیی، لە ئینتەرنێتدا بڵاوکراوەتەوە، بەڕێز هادی عەلی ؛ ئەوە ڕەتئەکاتەوە کە ئەندام پەرلەمانەکانی لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی، لە پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا، بچنە ناو (لیستی هاوپەیمانی کوردستان)، وەک چۆن لە پاش هەڵبژاردنی یەکەمی پەرلەمانی عێراق، هەردوو ئەندام پەرلەمانەکەی لیستی (کۆمەڵی ئیسلامی)، چوونە ناو (لیستی هاوپەیمانی کوردستان)، لە کاتێکدا (کۆمەڵی ئیسلامی)، بە لیستێکی سەربەخۆ و جیاواز لە حیزبەکانی ناو(لیستی هاوپەیمانێتی کوردستان)، بەشداری هەڵبژاردنی کردبوو، یان هەمان بەڕێز، لە ژمارە (١٢٣)ی ڕۆژی (٢٠٠٥/١١/١٥) ی هەفتەنامەی (الافق الجدید)ی بڵاوکراوەی یەکگرتووی ئیسلامیی، بە زمانی عەرەبی، دیدارێکی لەگەڵدا سازدراوە و تیایدا، ناوبراو جیابوونەوەی لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی لە (لیستی هاوپەیمانی کوردستان)، بە مافێکی شەرعی لەقەڵەم داوە و لەم ڕووەوە ئەڵێ : (ئامانج لە بەشداریکردنمان، بە لیستێکی سەربەخۆ، بۆ ئەوەیە کە پەیڕەوی مافێکی سروشتی و شەرعی خۆمان لە پەیڕەویکردنی دیموکراسییەتدا بکەین).

٤- کادرێکی یەکگرتووی ئیسلامیی، بە ناوی بەڕێز (هیوا حامید) کە لێپرسراوی بەشی ڕۆشنبیریی مەڵبەندی (٢)ی هەولێری یەکگرتووی ئیسلامییە، لە ووتارێکیدا بە ناوونیشانی (هەڵوێستێک جەماوەر چاوەڕێی بوو !)، بە سەرسوڕمانەوە، ستایشی بڕیاری مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیی ئەکا، کەبڕیاریان داوە، بە لیستێکی سەربەخۆو جیاواز، لە (لیستی هاوپەیمانی کوردستان)، بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنی دووەم پەرلەمانی عێراق بکەن، سەرەڕای ئەو سەرسامی دەربڕینە، ئەو کادیرە، مافی داوە بەخۆشی، بە ناوی جەماوەرەوە بدوێ و، هاتووە چاوەڕوانی و ڕەزامەندی جەماوەری بۆ ئەوبڕیارە، دووپات کردۆتەوە و، لەبڕگەیەکی تری ووتارەکەیدا ووتویەتی : (لە هەڵوێستێکی تری سیاسی حەکیمانەیدا یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان گۆمەکەی شڵەقاند بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەو پاساوانەی قۆناغی ڕابردوو نەمان بۆ هاوپەیمانێتی سەرانسەری هێزە کوردییەکان دوای ئەوەی پرۆسەی دەستوور کۆتایی پێ هات، بڕیاریدا لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٥/١٢/١٥) دا بە لیستی سەربەخۆ بەشداریی هەڵبژاردن بکات) - لاپەڕە چواری ژمارە (٥٦٣)ی ڕۆژی (٢٠٠٥/١١/١) ی ڕۆژنامەی (یەکگرتوو).

٥- بەڕێز سەڵاحەدین بابەکری ئەندامی شورای ناوەندی یەکگرتووی ئیسلامیی، لە گۆشەی (ڕووبینا) ی ژمارە (٥٦٤) ی ڕۆژی (٢٠٠٥/١١/١٥)ی ڕۆژنامەی (یەکگرتوو)، بەناوونیشانی (هەنگاوێکی گونجاو لە کاتێکی گونجاودا)، ئەڵێ : (لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا یەکگرتوو بڕیارێکی گونجاوی لە کاتێکی گونجاودا دا، ئەویش بەوەی کە بڕیاریدا لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراقدا بە تەنهاو بە لیستێکی سەربەخۆ دابەزێت و نەچێتە ناو (لیستی هاوپەیمانی کوردستان)، هەروەها لە ووتارێکی تری گۆشەکەیدا بە ناوونیشانی (سەرکردایەتی و جەماوەر)، کە لە ژمارە (٢)ی پاشکۆی ڕۆژنامەی (یەکگرتوو) ی تایبەت بە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق، بڵاوی کردۆتەوە، ناوبراو، ستایشی ئەو بەجیا دابەزینەی یەکگرتووی ئیسلامیی ئەکا، لە هەڵبژاردنی ئەمجارەداو لەسەرەتای گۆشەکەیدا ئەڵێ : (بڕیاری دابەزینی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بە تەنهاو لیستێکی سەربەخۆ، بڕیارێکی پڕ بە پێستی واقیعی ئەمڕۆی کوردستانە).

٦-نووسەرێک بەناوی بەڕێز محەمەد محەمەد ئەمین، ووتارێک لە لاپەڕە سێی ژمارە (٥٦٥) ی ڕۆژی (٢٠٠٥/١١/٢٢) ی ڕۆژنامەی (یەکگرتوو) دا بڵاوئەکاتەوە، بەناوونیشانی (هاوپەیمانێتییەکی بێ پاساو، لیستی یەکگرتوو خیارێکی دی لەبەردەم هاووڵاتیدا)

ئەوەی یەکگرتووی ئیسلامی کردوویەتە پاساو بۆ نەمانی پێویستێتی و نەمانی شەرعییەت بۆ (لیستی هاوپەیمانی کوردستان) و بەشداری نەکردن تیایداو ڕەتکردنەوەی ئەو هاوپەیمانێتییە، لە لایەک گەڕاندویانەتەوە بۆ دیاردەی گەندەڵی و لە لایەکی تریش گەڕاندویانەتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو هاوپەیمانێتییە، تەنها بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد بووە لە دەستووردا و دەستووریش بڕیاری لێدرا، ئەمە لە کاتێکدا ئەم پاساوە لاوازە و نابێتە پاساوێکی لۆژیکی و واقیعی

٧- لە ژمارە (٣) ی پاشکۆی ڕۆژنامەی (یەکگرتوو) کە تایبەتە بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و، لەگەڵ ژمارە (٥٦٥)ی ڕۆژی (٢٠٠٥/١١/٢٢)ی ڕۆژنامەی (یەکگرتوو) دا بڵاوکراوەتەوە، چەند بابەتێکی تایبەت بە پرۆسەی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی یەکگرتووی ئیسلامیی، تیا بڵاوکراوەتەوە و، بەهۆیانەوە، ڕاستەوخۆ، تانەوتەشەر دراوە لە (لیستی هاوپەیمانی کوردستان) و تیۆریزە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو لیستە کراوە، بۆ نموونە لە ووتارێکدا، بڕیاری دابەزینی یەکگرتووی ئیسلامیی بە لیستێکی سەربەخۆ، بە بەرزکردنەوەی چەکوشێک شوبهێندراوە، ناوونیشانی ئەو ووتارە بریتییە لە : (ئەو چەکوشەی یەکگرتوو بەرزی کردۆتەوە)، یان لە ووتارێکی تردا، ئاستی پاکانەو پاساو هێنانەوە، بۆ جیابوونەوەی یەکگرتووی ئیسلامیی، لە (لیستی هاوپەیمانی کوردستان)، گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە نکوڵی لە بەشداریکردنی یەکگرتووی ئیسلامیی بکرێ لە (لیستی هاوپەیمانی کوردستان)، لە هەڵبژاردنی پێشووی پەرلەمانی عێراقدا، ئەو ووتارەش بە ناوونیشانی (یەکگرتوو نەچووەتە ناو هاوپەیمانی، نەک لە هاوپەیمانی دەرچووە).

٨- ئەوکاک (فەهمی حەمە توفیق)ەی ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی (یەکگرتوو)، کە لە پرۆسەی یەکەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا، ووتارێکی بە ناوونیشانی : (لە ژێر ڕۆشنایی ووتەکانی بەڕێز ئەمینداری گشتیدا، کوردستان لیستی هاوبەش دەخوازێت)، لە پرۆسەی دووەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا، بانەداتەوەو، ووتارێکی تر ئەنووسێ بە ناوونیشانی : (یەکگرتووش مافی خۆیەتی - دیدێک) و لە بەشێکی ئەو ووتارەیدا، پێچەوانەی ناوەڕۆک وئاراستەی ووتاری یەکەمی، ئەنووسێ : (یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان نە خۆی باسی کردووەو نە بەڵگەیەکی دیاریش خراوەتە ڕوو، لەبەر کەمی پێدانی کورسی لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان جیابووبێتەوە، مەبەستی بڕیارەکەی یەکگرتووش ڕوون و بەرچاوەو تەفسیری تری ناوێت تا پێی تاوانبار بکەن، لە کاتێکدا چەندین ساڵە خودی پارتی و یەکێتی ململانێی کورسی دەکەن، ئەگەر من وەک ئەندامێکی یەکگرتوو ڕای خۆم بڵێم، دەستخۆشی تەواو لەو هەڵوێستە دەکەم ئەگەر لەبەر کورسی زیاتریش بووبێت) - بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە : ژمارە (١)ی ڕۆژی (٢٠٠٥/١١/١٧)ی پاشکۆی یەکگرتوو - تایبەت بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق.

هەروەک پێشووتر ئاماژەم پێکرد، جیاوازی زەمەن، لە نێوان یەکەم پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و، ڕۆژی ڕاگەیاندنی جیابوونەوەی یەکگرتووی ئیسلامیی، لە (لیستی هاوپەیمانی کوردستان)، دەورووبەری نۆ مانگ ئەخایەنێت، لەم نۆ مانگەدا، یەکگرتووی ئیسلامیی، هەڵوێستی خۆی گۆڕی و، بڕیاریدا بە جیاو بە سەربەخۆ، بە لیستێک، لە هەڵبژاردندا دابەزێ، یەکگرتووی ئیسلامیی بەوەشەوە نەوەستاوە، بەڵکو زمان و خیتابی ڕاگەیاندنیشی گۆڕیوە، لە بەڕێوەبردنی هەڵمەتی بانگەشەو هەڵبژاردنی ئەمجارەدا، کەوتۆتە تانەوتەشەردان ، لە پرۆسەی هاوپەیمانێتی حیزبە کوردستانییەکان و(لیستی هاوپەیمانی کوردستان) ڕەتئەکاتەوە و تیۆریزە بۆ ناڕەوایی و ڕەتکردنەوەی ئەکا و پێچەوانەی شەرعیەتپێدانی ئایینییانەی یەکەمجاری کە بەشداری لەو لیستەدا کردبوو، جارێکی تریش کەوتۆتەوە شەرعیەتپێدانی ئایینییانە، بەڵام بۆ بەشداریکردن نا، لەو لیستەدا، بەڵکو بۆ خۆجیاکردنەوە لەو لیستە، واتە پەیڕەویکردن و گرتنەبەری سیاسەتێکی ناکۆک وپێچەوانەوە !

لە پرۆسەی یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا، بەڕێز ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامیی، لیستی هاوبەشی بە پڕۆژەیەکی نیشتمانیی وخزمەتگوزاریی لەقەڵەم داوە و، پێی وایە کوردستان پێویستی بە لیستی هاوبەشەو کوردستان ئەو لیستە ئەخوازێ، لەلایەکی تریش ئەندامێکی (م. س)، لیستی هاوبەش بە سەرکەوتنێکی زۆرگەورە بۆ گەلی کوردستان، لە کوردستان و عێراقدا ئەنرخێنێ، ئەندامێکی تری مەکتەبی سیاسیش، ئەولیستە، بە لیستی ویفاقی نیشتمانیی لە کوردستاندا ئەناسێنێ و، پێی وایە ئەو لیستە، لیستی بەدەستهێنانی فیدراڵییەت و، گەڕانەوەی ناوچە تەعریبکراوەکانی تری کوردستانە بۆ سەر هەرێمی فیدراڵی کوردستان و، لیستی چارەسەری کێشەی کەرکوک و، بنەبڕکردنی پرۆسەی ڕاگواستنی زۆرەملێ و ئاوارەکردنی ئەو کوردانەیە کە لە خاک و نیشتمانەکەیان دەربەدەرکراون، کەچی لە دەمەدەمی، بڵاوبوونەوەی دەنگۆی ئەنجامدانی دووەم پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، یەکگرتووی ئیسلامیی، هەڵوێست و زمان و ووتاری ڕاگەیاندنی خۆی، بە تەواویی و بە پێچەوانەوە، گۆڕیوە و مەکتەبی سیاسییەکەیان، لە بەیاننامەیەکدا لە (٢٠٠٥/١٠/٢٢)، ئەوە دووپات ئەکاتەوە، کە لە ڕوانگەی ئەرکی شەرعی و نەتەوەیی و نیشتمانییەوە، یەکگرتووی ئیسلامیی، بڕیاریداوە نەچێتە ناو (لیستی هاوپەیمانێتی کوردستان) و، بە تەنیا وەک لیستێکی سەربەخۆ دابەزێ، بەڕێز ئەمینداری گشتییەکەشیان، بە ئاشکرا و ڕاشکاوانە لە دیدارێکی ڕۆژنامەی (یەکگرتوو) دا ئەڵێ : (ئێمە هەر بڕوامان بە هاوپەیمانێتی نییە بۆ کوردستان، خەڵکی کوردستان پێویستی بە هاوپەیمانێتی نییە)، لەولاوە بەڕێزێکی تریان، کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی ئەنجومەنی شورای ناوەندی یەکگرتووی ئیسلامییە، ئەو پروپاگەندەیە ڕەت ئەکاتەوە کە ئەڵێ ئەندام پەرلەمانەکانی لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی، لە پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا، ئەچنە ناو لیستی هاوپەیمانی کوردستان و، ڕایئەگەیەنێ کە یەکگرتووی ئیسلامیی بەتەمای هەنگاوێکی لەو چەشنە نییە.

لێرەدا چەند پرسیارێک دێتە ئاراوە و ڕووبەڕووی یەکگرتووی ئیسلامیی ئەبێتەوە، ئەبێ ئەو حیزبە ڕوونتر، هەڵوێستی گۆڕاوی سەدوهەشتا پلە پێچەوانەی، ڕوون بکاتەوە، تاکو بتوانێ ؛ ڕاستگۆیی و نیازپاکی خۆی بۆ جەماوەر بسەلمێنێت و متمانەیان بەدەستبهێنێ.

ئایا ئەوەی گۆڕاوە چییە، یان کامەیە فاکتەری بگۆڕ، ئایا ئەو ئامانج و ویستانەی کە یەکگرتووی ئیسلامیی، لە پڕۆژەی کارو بەرنامەی (لیستی هاوپەیمانی کوردستان) داهەیبوو، هاتوونەتەدی ، ئایە بۆ لەمەودوا، کورد پێویستی بە یەکریزیی و تەبایی و یەکهەڵوێستی نییە و نەماوە، ئایە هەموو مافەکانی کورد، بە تەواویی سەلمێندراوە، بەو لانی کەمی مافانەی ناو دەستووریشەوە، کە ڕێژەیەکی بەرچاوی جەماوەر، پێی ڕازی نەبوون و بەشداری ڕاپرسییەکەیان نەکرد، ئەمە لەکاتێکدا کە پێویستە لەناوپەرلەمانی داهاتووی عێراقدا، بە چەند یاسایەک، بەشێک لەو بڕگە و مادانە، بخرێنە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، یان ئایە کێشەی کەرکوک، بە تەواویی یەکلابۆتەوە، ئایا عەرەبی هاوردە گەڕێندراوەتەوە، ئایا کێشەی ئاوارەکانی کەرکوک چارەسەرکراوە، ئایە ناوچە تەعریبکراو و دابڕاوەکان، گەڕاونەتەوە بۆ ناو ئامێزی نیشتمان ، ئایا ئیتر نەتەوەی کورد، بۆ لەمەودوا هیچ هەڕەشەو مەترسییەکی تری لەسەر نەماوە و کەشتییەکەی گەیشتۆتە کەناری ئارام، ئایا ترس و بێ هیوایی و ڕەشبینی، لە هێزە باڵادەستە عێراقییەکان، لە پەیڕەوکردنی حوکمێکی ناعادیلانە و، نەسەلماندنی پراکتیکییانەی مافە لانی کەم سەلمێندراوەکانی کورد، لەناو دەستووردا، ڕەوییوەتەوە و هیچ ترس و هەڕەشەیەک لەسەر پێشێلکردنی

بۆل (٩)

هەڵبژاردنی ئەمجارە

شاخەوان مەنسور

(بەرکلیس)ی فەرمانڕەوای شاری ئەسینا، لەپێناوی یەکخستنی هەردوودەوڵەتی شاری ئەسیناو ئەسپارتەدا، بەبێ جیاوازی لەنێوان هاونیشتمانیاندا وشەی دیموکراسی داهێنا. بەڵام، ئەو تێگەیشتن و خوێندنەوەیەی ئەمڕۆ لەنێو خەڵک و ناوەندە جیاجیاکاندا بۆ مانای دیموکراسی خەملیوە ئاسۆیەک و ڕەهەندێکی قوڵتر دەگەیەنێ، دەتوانین بڵێین یەکسانییەکی تەواو دەگەیەنێ، پراوپڕی وشەکە واتای تەواوی خۆی لێوانلێو دەکات، بەهێند وەرگرتنی خواست و ئیرادەی کەمینە دەگەیەنێ لەلایەن زۆرینەوە، نەک زۆرینە بەشێوەیەک لەشێوەکان ئەگەر زۆرداری بێت یاخود لەڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە بێت مافەکانی کەمینە پێشێل بکات.

لەکۆتایی هەموو قۆناغێکی مێژوویی - سیاسی و گۆڕانکارییە بنەڕەتیەکاندا کارتەکان تێکەڵی یەکتری دەکرێنەوەو جارێکی دی سەر لەنوێ لەسەرەتای دەسپێکی پرۆژەی گەمەیەکی سیاسی تردا دابەش دەکرێنەوە، بۆیە مەترسی و نیگەرانیەکانی خەڵکی کورد لەجێی خۆیدایە. لەبەرئەوەی گەلی کورد تاکە نەتەوەیە کێشەکەی وا بەهەڵپەسێراوی ماوەتەوە، سەرباری دەستێوەردانی ناوچەیی، ناوەندەکانی هێزو بڕیاری سیاسی هەمیشە بەپێی ڕەوتی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە.

لەپاش ڕووخانی دەوڵەتی ماد (٨٣٠-٥٥٠) بەر لەزایین ئیدی ئێمەی کورد لەهەوڵی بەرەنگاربوونەوەدا بووینە تا قۆناغی ڕزگاری. لەساڵی ١٥١٤دا سولتان سەلیمی یەکەم بەسوود وەرگرتن لەکورد توانی بەسەر شا ئیسماعیلی سەفەویدا سەرکەوێ. لەساڵی ١٦٣٩دا بەرەسمی کوردستان کرا بەدوو لەتەوە. ئیدی نەسی مادەکەی پەیمانی سیڤەری ١٩٢٠و نە ئەو حزب و کۆمەڵ و شۆڕشانەی سەریان هەڵدا نەیانتوانی بگەن بەقۆناغی ڕزگاری، تا ڕاپەڕینە شکۆمەندەکەی گەلی کوردو بڕیاری ٦٨٨ی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبەهاری ١٩٩٢. ئەوێ دەمێ پاش ساڵێک سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بڕیاری هەڵبژاردنی پەسەند کرد. جێبەجێ کردنی کەرنەڤاڵی هەڵبژاردن، سەنگ و پایەی کوردی خستە بەر دیدەی قودرەتمەندانی دنیا، پەرلەمانی کورد پشت ئەستور بەو خۆپیشاندانە جەماوەرییەی لە ١٩٩٢/١١/١٤ بڕیاری فیدراڵی پەسەندکرد، وەک ڕێگەچارەیەک بۆ پرۆسەی هاریکاری و پێکەوە ژیان لەدنیای مۆدێرنەدا. کەچی سەرباری چەسپاندنی ئەو بڕیاری لە ٢٠٠٥/١٠/١٥ لەدەستووری هەمیشەیی عێراقداو سەلماندنی لەلایەن جامیعەی عەرەبی و خودی عەمرو موساوە، تازەکی جەنابی (د. ئەیهەم سامەرائی) سەرۆکی (التکتل الدیمقراطیین- العراقیین) دەڵێ:

١- ئێمە لەڕێگەی جێبەجێکردنی حوکمی زاتییەوە مافەکانی کورد چارەسەر دەکەین.

٢- ئێمە بۆ پوچەڵ کردنەوەی بڕیاری فیدراڵی تێدەکۆشین، لەبەرئەوەی عێراق یەک عێراقە.

٣- لەپێناوی گێڕانەوەی بەعسیەکان تێدەکۆشین.

براڵەرینە ئەوەی بەخوێنی شەهیدان بەرجەستە بووە، ئەمڕۆ گەمەی دیموکراسی خەریکە دەستکەوتەکانی دەخاتە مەترسییەوە.

لە١٥-١٢-٢٠٠٥دا (٢١) کیانی سیاسی بەشداری لەکێبەرکێکان دەکات؛ بۆنمونە عەلمانی و لیبراڵخوازەکان کە (١٤) حزب و ڕێکخراون لەلیستی عێراقی نیشتمانیدا هاتوون، عەرەبی سوننە بە (٤) لیستی جیاجیا هاتوون، شیعە بە (٣) لیستی سەرەکی هاتوون، تەنیا ئیئتیلافی عێراقی لە (١٦) حزب و ڕێکخراو پێکهاتووە... هتد. بۆیە دەڵێم ئێمەی کورد هەموومان پێکەوە لەیەک کەشتیداین ئەگەر کونێکی تێکەوت ئەوا هەموومان پێکەوە نوقم دەبین. "ڕەفیق حیلمی" سیاسەتمەدار لەیاداشتەکانی خۆیدا دەڵێ: نزیکەی دە گروپ دژایەتی شێخی نەمریان دەکرد، کۆمەڵێک لەبەرژەوەندی یوزەمیرکاریان دەکرد، دەستەیەکی دی بۆ دەزگای هەواڵگری ئینگلیستان کاریان دەکرد، تاقمێکی تر ئاژاوەچی و (لا منتمی بوون)، ... هتد. پێدەچێ ئێمە هێشتا ئەو پەتایە بەری نەدابین، ئەگینا هیچ کەس و تاقمۆکەیەکت بەدی ناکرد دژی یەکێتی ڕیزەکانی گەل و ریزبەندی خەڵکی کورد کاری بکردایە...!؟

خەڵکینە ئێمە بەقۆناغێکی زۆر چارەنوسساز و مێژوویدا گوزەر دەکەین و هێشتا کاروانمان بەمەنزڵ نەگەیشتووە. ئەوەتانێ عەرەبی سوونە بەخۆیی و کلتورە داخراوەکەی بیابانەوە هاتوون و دەیانەوێ باڵانسی سیاسی بگۆڕن. ئەم ڕەوشە گوتەکەی (معاویة بن یزید)م وەبیر دەهێنێتەوە، کاتێ بەتەنیشتی گۆڕی ئیمامی عومەردا تێدەپەڕی، دەیوت: ئەوەی بەشەڕ دەستتان کەوت بەئاشتی بردمانەوە. ئەم هەڵە مێژووییە بەری ڕەنج و تێکۆشانی ڕۆڵەکانی کوردە، نابێ بەهێندی وەرنەگرین...، ئەوەتانێ تەنیا لەهەڵبژاردنی داهاتوودا بەرۆکمان پێ ناگرن. دەڵێن: لەنوسینەوەی دەستوری هەرێمیشدا دژایەتیان دەکەینەوە..؟ ئەوەتانێ عەرەبەکانی حەویجە دەڵێن (یا عرب أنقذوا کرکوک...) بەرەی تورکمانی دەڵێ (لا عراق بدون کرکوک ولا کرکوک بدون ترکمان...).

خەڵکینە ئەم هەڵبژاردنە پاش پەسەند کردنی دەستور دەکرێ! (٥٧) خاڵی دەستوور ڕوون نەکراوەتەوە دەبێ دواتر خورد بکرێتەوە؟ هێشتا زۆرمان ماوە زۆر... ئەگەر هەورازی (٦٠) کورسی بەدەست بهێنین باشە. مێژووی هەموو دەسەڵاتەکانی دنیا هەر بەم شێوەیە بەچەندین کەندو کۆسپ و هەورازو نشێودا تێپەڕبووە. ئەم شۆڕشەی ئێمەش بەچەندین نسکۆو تێکشکان و... تێپەڕیوە. هەرماوینەتەوە تاگەیشتوون بەم ڕۆژە. ئەوانەی قسەی بێ توێکڵ ئەکەن یەک دڵۆپ ئارەقیشیان بۆ کورد نەڕشتووە.■

ئایندەی کورسیەکانی یەکگرتوو بەرەو کوێ؟

ساڤۆ هادی

پاش ئەو ڕەخنەو گلەیی و گازەندە بەرفراوانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، ئاراستەی یەکگرتووی ئیسلامیان کرد، دەربارەی خۆ جیاکردنەوەی لەلیستی هاوپەیمانی کوردستان و پێکهێنانی لیستێکی سەربەخۆ، کەبێگومان نەک هەر زیان بەمەسەلە چارەنوسسازەکانی گەلەکەمان دەگەیەنێ، بەڵکو ئایندەی یەکلایی کردنەوەی زۆر بابەتی هەستیاری دیکەی میللەتەکەشمان دەخاتە بەردەم مەترسی ترسناکەوە. چونکە ئەوەی نیگەرانی قۆناغی دووەم لای چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری دروست دەکات، لەدوای جیابونەوەی یەکگرتوو لەلیستی کوردان، بریتییە لەئایندەو چارەنوسی کورسیەکانی یەکگرتوو. لەپەرلەمانی داهاتووی عێراقدا، ئاخۆ چۆن مامەڵەیان پێوە دەکات لەبەرژەوەندی کێشەی کورد، یاخود بەرژەوەندی هێزە سوننیگەراکانی عێراق؟! چونکە لەلایەک پاساوی بانگەشەی یەکگرتوو بەم خۆ جیاکردنەوەیە زیادکردنی دەنگی کوردە لەئەنجومەنی نیشتمانی عێراق. کەچی بەپێی لێدوانەکانی سەرکردایەتی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیان زۆر ڕاشکاوانە ڕایدەگەیەنن، کەکورسیەکانی یەکگرتووی ئیسلامی دواجار سەربەخۆ دەبێت و ناچەنە پاڵ هیچ هێزو کوتلەیەکی تری نێو پەرلەمان. قورسایی نیگەرانی خەڵکی کوردستان لەوەدایە کەیەکگرتوو بەئاشکرا دەری دەبڕن کەئەگەر چەند کورسیش بەدەست بهێنن ئاواش لەداهاتوو ئەو کورسیانە ناخەنە پاڵ کورسیەکانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان، کەئەمەش بەراستی خەمێکی یەکجار گەورەیەو ترسێکی مەترسیدارە. ئەوەتا (سەڵاحەدین بابەکر) لەژمارە (٢١٨)ی ڕۆژنامەی (میدیا)دا کەئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتووە، زۆر بێ باکانە ئەمە ڕوون دەکاتەوە کەئایندەی کورسیەکانی یەکگرتوو، وەکو لیستەکەیان سەربەخۆ دەبێت، ئەگەر بەدەستی بهێنن، لەڕاستیدا ئەم لێدوانەو ئەم قسەکردنانە، زەنگێکی مەترسیدارو خراپن لەبەرامبەر مەسەلە هەستیارو چارەنوسسازەکانی کورددا. لەلایەک یەکگرتوو، وەک پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، سنوری هەرێمی کوردستان و مەسەلەی کەرکوک و فیدراڵی و چی و چی بەهەند وەردەگرێ، کەچی لەولاشەوە بەڕاشکاوی ڕایدەگەیەنێ، کە لەداهاتوودا ئەگەر کورسیش بەدەست بێنن، سەربەخۆ دەبن و ناچنە پاڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستان.. ئایا یەکگرتوو دەتوانێ بەتەنها بەرگری لەو مەسەلە گرنگانە بکات، یاخود ئەمە بۆ خەڵەتاندن و فریودانی خەڵکی کوردستانە، تا ئەوەندەی دەنگ دەدەنە لیستەکەیان، ئەگەرنا لەولاشەوە (سەڵاحەدین بابەکر) بەڕاشکاوی دەبێژێ. کەئێمە ناچینە پاڵ هیچ کوتلەیەکی تر، لەپەرلەمانی عێراقدا، کە بێگومان لەوەشدا تەنها مەبەستی لیستی هاوپەیمانی کوردستانە، ئەوەی نادیاری ئایندەی کورسیەکانی یەکگرتوو لەپەرلەمانی داهاتووی عێراقدا ڕوون دەکاتەوە بریتییە لەوەی کە لەو کۆڕو کۆبوونەوە نهێنی و ئەو کۆبوونەوانەش کە بۆ چین و توێژەکانی دەبەستن لەبەرامبەر پرسیاری خەڵکدا، کە هەموو لایەک هەستی کردووە بەوەی کە یەکگرتوو بەدڵنیاییەوە لەگەڵ هێزە سونیەکاندا تەحالوف و ئیئتلاف دەکات، پاساویان مانەوەی کورسیەکانیانە بەسەربەخۆیی لەداهاتوودا، ئەمەش پاساوێکی نادروستە، تەنها بەوەش پینەی دەکەن، چونکە هەموو ئەو خەڵکەی یەکگرتوو بەزۆر کۆیاندەکاتەوە، فشاری زۆر دەخەنە سەر یەکگرتوو، بەوەی کە یەکگرتوو بۆچی جیابۆتەوە لەلیستی هاوپەیمانی کوردستان؟ ئەگەر کورسیش بێنن چی لێدەکەن لەداهاتوودا؟ تەنها پاساوی بێ جێیان ئەمەیە: کەکورسیەکانیان سەربەخۆ دەبێ لەداهاتووشدا، چونکە چاک دەزانن، ئەگەر بڵێین دەیدەنە سوننەکان (کە لەڕاستیدا هەرواش دەکەن)، ئەوە خەڵک لێیان قبوڵ ناکات، ئەگەر بشڵێن، دەیدەنە لیستی هاوپەیمانی کوردستان و هەر بۆ کورد دەبێ. ئەوا دیسان خەڵک پێیان دەڵێ ئەگەر ڕاستتان دەکرد هەر ئێستاش لەگەڵیاندا دەبوون واتە لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستان، نەک جیاببنەوە.

پاساوی بانگەشەی یەکگرتوو بەم خۆ جیاکردنەوەیە زیادکردنی دەنگی کوردە لەئەنجومەنی نیشتمانی عێراق. کەچی بەپێی لێدوانەکانی سەرکردایەتی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیان زۆر ڕاشکاوانە ڕایدەگەیەنن، کەکورسیەکانی یەکگرتووی ئیسلامی دواجار سەربەخۆ دەبێت و ناچەنە پاڵ هیچ هێزو کوتلەیەکی تری نێو پەرلەمان

بۆیە چۆن جیابونەوەی یەکگرتوو مەترسی و زەبری کوشندەو خەنجەری ژەهراوی ئیخوان موسلمین بوو لەکوردو مەسەلە چارەسەر نەکراوەکەی، بەهەمان شێوە نادیاری ئایندەی کورسیەکانی یەکگرتوو، هەروەها بەسەر بەخۆ مانەوەی بەحسابی خۆیان. کەواش نییەو بەفەرمانی ئیخوانی میسر دەیدەنە سوننەکان. دواجار لێدانی مەترسیدارتری مەسەلەی کورد دەبێ لەلایەن دوژمنەکانی کوردەوە کەیەکگرتوو دەستی لەگەڵدا تێکەڵاو کردوون. بۆیە مافی خۆمانە لێرەوە خەڵکی هۆشیار بکرێتەوە لەئایندەی کورسیەکانی یەکگرتوو، کەبەگوێرەی لێدوانی رەسمی خۆیان نایدەنە لیستی هاوپەیمانی کوردستان و دڵنیا بن بۆ کوردیش نابێ. ئەوا دوور نییە ببەخشنە سوننەکان و لەگەڵ ئەواندا تەحالوف و ئیئتلاف بکەن. بۆیە دەنگدان بەو لیستە، دەنگدانە بەخزمەتکردنی هێزە شۆڤێنییەکانی دیکەی عەرەب. کەدژی کوردو خەڵکی کوردستان و دژی ئاڵاو فیدراڵیەت و ناسنامەی سیاسی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانن، چونکە ئەمڕۆ ئەوان بەم دورکەوتنەوەیە، خزمەت بەدوژمنانی ئاڵای کوردستان دەکەن دووره پەرێزن لەلیستی کوردو دەنگ و ڕەنگی کورد.■

یەکگرتوو، وەک پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، سنوری هەرێمی کوردستان و مەسەلەی کەرکوک و فیدراڵی و چی و چی بەهەند وەردەگرێ، کەچی لەولاشەوە بەڕاشکاوی ڕایدەگەیەنێ، کە لەداهاتوودا ئەگەر کورسیش بەدەست بێنن، سەربەخۆ دەبن و ناچنە پاڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستان

دەربارەی ئەو دروشمە نهێنییانەی یەکگرتوو بۆ هەڵبژاردن بڵاویان دەکاتەوە

ئاسۆ کەریم حەمە

لەم نوسینەی تردا، چەند دروشمێکی تر دەخەینەڕوو، کە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، بەنهێنی وەکو ڕێنمایی و تەوجیهی سیاسی ئاراستەی ئەندامان و لایەنگرانی خۆیان دەکەن بۆئەوەی ئەوانیش خەڵکی تر هانبدەن و دەنگ بۆ لیستەکەی خۆیان کۆبکەنەوە.

یەکێک لەو دروشمانەی تری یەکگرتوو، کەنهێنیە دەڵێ: "دابەزینی ئەمجارەمان بەجیا کارێکی ئیماندارانەیەو دەبێت تەوجیهی حزبی بدەین کەبرایانمان نەترسن و ڕزق و ڕۆزی بەدەستی خوایەو مردنیش هەر بەدەست خوایە، ئەوەنە پێویست دەکات بترسن لەموچە بڕین و فەصڵ کردن و ترسان لەمەرگ..".

ئەگەر سەیری ئەم دروشمە بکەین لەڕاستیدا هەمیشە ئەو حەقیقەتەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کەبەرپرس و کەسە بەرزەکانی یەکگرتوو هەمیشە لەپێشهات و ڕووداوەکاندا ئەندامانی خوارەوەیان فێرکردووەو ڕاهێناوە کەنەترسن لەفەصڵکردن و ترساندن و موچە بڕین و شتی لەم شێوەیە، لەسەر ئەوەی کەبانگەشە بۆ یەکگرتوو دەکەن. هەروەک هەردەم ئەندامانی بەشەکانی خوارەوەی خۆیان کردووە بەپردو بەسەریاندا پەڕیونەتەوەو ئەوانیان کردووە بەقوربانی تەنگوچەڵەمەو ململانێی حزبی و بەرژەوەندییە شەخسیەکانی خۆیان. بێ ئەوەی خۆیان لەمەترسیەک تێگەیاندبێ و ئامادەبن زیان بەبچوکترین بەرژەوەندی شەخسی خۆیان بگەیەنن.

کام ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی مەڵبەند لەنێو یەکگرتوودا هەیە زەوی وەرنەگرتبێ و مەعاش و موچەی باش نەبێت، بەڵام ئایا ئەم دادپەروەرییانەیان لەگەڵ ئەندامانی خوارەوە بەکارهێناوە؟. ئاخۆ کەسێکی (د. عەلی قەرەداغی) کە لەوڵاتی قەتەر خۆی و ماڵ و منداڵی های لایف ئەژی و بەخۆشی ژیان ئەگوزەرێنێ، قەت ڕۆژێک لەڕۆژان بیری لەژیانی ئەندامەکانی خوارەوەی یەکگرتووی ئیسلامی کردۆتەوە؟ هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی تری یەکگرتووی ئیسلامی کەی ڕۆژێک لەڕۆژان بیریان لەچارەنوس و ژیانی ئەندامەکانیان کردۆتەوە؟ چ کاتێک ئەوانیش وەک ئەندامەکانی خوارەوە بێ موچەو بێ خزمەت گوزاری قبوڵ بکات؟ ئایا ئەو خۆشگوزەرانی و پلە و پۆستەش بۆ ئەندامانی خوارەوە هەیە. تا لەم دروشمەدا هانی ئەندامانی خوارەوە دەدرێ. کە لەم قۆناغەدا کە سەرکردایەتی یەکگرتوو بڕیارێکی هەڵەو دژە کوردییانەی داوە، تەنها ئەندامانی خوارەوە بەشیاو دەزانن بۆئەوەی ئەم کردەوەو بڕیارە قەڵپ و قوڕانە بەسەر ئەواندا ساغ بکەنەوە. بۆیە پێویستە ئەندامانی خوارەوە لەم هاندانەی سەرەوەی خۆیان بەئاگا بێنەوەو چیتر ئەوە لێکبدەنەوە. و ئەو پرسیارە بکەن. کەئاخۆ ئەندامانی سەرەوەش هەمان ئامادەیی ئەندامانی خوارەوەیان هەیە؟ بەشێکی هەرە زۆری ئەندامانی بەشی خوارەوەی یەکگرتووی ئیسلامی لەهەموو ماف و ئیمتیازاتەکانی بێ بەشن. بەپێچەوانەشەوە ئەندامانی سەرەوەو خزم وکەسوکارەکانیان های لایف دەژین و سودیان لەهەموو ئیمتیازێکی حزبەکەیان وەرگرتووە لەزەوی وەرگرتن و لەخوێندنی زانکۆو یاسای ئێواران و ماستەرو.. تاد.، کەچی هێشتا ئەندامانی خوارەوە هانی دەدرێت و دەکرێنە سەرە ڕمی ڕووداوە ترسناک و بڕیارە سەقەت و دژە بەرژەوەندییە کوردییەکان.

پێویستە ئەندامانی خوارەوە لەم هاندانەی سەرەوەی خۆیان بەئاگا بێنەوەو چیتر ئەوە لێکبدەنەوە. و ئەو پرسیارە بکەن. کەئاخۆ ئەندامانی سەرەوەش هەمان ئامادەیی ئەندامانی خوارەوەیان هەیە؟ بەشێکی هەرە زۆری ئەندامانی بەشی خوارەوەی یەکگرتووی ئیسلامی لەهەموو ماف و ئیمتیازاتەکانی بێ بەشن. بەپێچەوانەشەوە ئەندامانی سەرەوەو خزمو کەسوکارەکانیان های لایف دەژین و سودیان لەهەموو ئیمتیازێکی حزبەکەیان وەرگرتووە

هاوکات لەدروشمێکی نهێنی تردا، تەوجیهی یەکگرتوو بەم شێوەیە دەڵێ:

"بە بزوتنەوە بڵێن ئێوە کەمن، دەنگەکانتان مەسوتێنن، چونکە کورسیەک پێویستی بە (٤٥ تا ٥٠) هەزار دەنگ هەیە، با دەنگەکانتان نەفەوتێنن، دەنگ بدەن بەیەکگرتوو" ئەگەر لەم دروشمەش بڕوانین یەکگرتوو، ئامادە نیە کەجیاوازی و فرەیی هەبێت، بوونی حزبێکی ئیسلامی وەکو بزوتنەوە بەقبوڵ نازانێت، کەئەوانیش سود لەهەمان هەناسەی دیموکراتی ئەم وڵاتە وەربگرن، تەنانەت بەلەخۆبایی بوونیشەوە، ئەوە دەڵێن بەبزوتنەوە کەئێوە قەبارەتان کەمەو دەنگی خۆتان مەسوتێنن، واتە یەکگرتوو ڕازی نیبە کەحزبێکی تر لەدەرەوەی خۆیان بوونی هەبێ بەتایبەت حزبێکی ئیسلامی دیکە، چونکە دەزانن لەسەر حسابی ئەمان دەبێ، ئەمەش پێچەوانەی ئەو بروپاگەندانەیە کەیەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بۆ پلورالیزم و فرەیی سیاسی لەکوردستان دا دەیکات، هەروەها یەکگرتوو هەرگیز ئیعترافی بەبزوتنەوەی ئیسلامی نەکردووەو لای یەکگرتوو بزوتنەوەی ئیسلامی جێگەی بەزەیی پێدا هاتنەوەیە. هەروەک ئەندامانی خۆشیان هان دەدەن، کەداوا بکەن لەبزوتنەوەی ئیسلامی دەنگ بەلیستەکەی خۆیان نەدەن، بەڵکو بیدەن بەلیستی یەکگرتوو، ئەمەیە دیکتاتۆریەتی بیرکردنەوەو تەوجیهکردن. کە براەرانی یەکگرتوو پیادەی دەکەن، بەڕاستی لەم هەڵمەتی پروپاگەندەکردنانەشدا، تەنانەت بەهیچ شێوەیەک باسی بزوتنەوەی ئیسلامی و لیستەکەیان ناکەن، بەڵکو پێشیان خۆشە کەئەوەندەی تر بچوک ببنەوەو ون ببن. بەڵام ئاخۆ ئەم دروشمە نهێنیە. لەڕاستگۆیی یەکگرتوو کەمناکاتەوە

یەکگرتوو، ئامادە نیە کەجیاوازی و فرەیی هەبێت، بوونی حزبێکی ئیسلامی وەکو بزوتنەوە بەقبوڵ نازانێت، کەئەوانیش سود لەهەمان هەناسەی دیموکراتی ئەم وڵاتە وەربگرن، تەنانەت بەلەخۆبایی بوونیشەوە، ئەوە دەڵێن بەبزوتنەوە کەئێوە قەبارەتان کەمەو دەنگی خۆتان مەسوتێنن، واتە یەکگرتوو رازی نیبە کەحزبێکی تر لەدەرەوەی خۆیان بوونی هەبێ بەتایبەت حزبێکی ئیسلامی دیکە

لەوەی کەبانگەشە دەکات بۆ برایەتی و یەکریزی؟ ئەی بۆ لیستی بزوتنەوەی ئیسلامیان قبوڵ نیەو داوا دەکەن ئەندامانی بزوتنەوە دەنگ بەخۆیان نەدەن بەڵکو بیدەنە یەکگرتوو؟.■

عەرەب... ئیسلام... تیرۆر

د. کامیل ئەلنەجار

و: ئەحمەد فاتیح ئەحمەد

ئایا عەرەب موسوڵمانن؟ پرسیارێکە د. شاکر ئەلنابلسی لەماڵپەری ئیلافی ئەلکترۆنیدا رۆژی هەینی ٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠٠٤ کردوویەتی، وا وەڵامی داوەتەوە کەعەرەب موسوڵمان نین و بنەماکانی ئیسلام جێبەجێ ناکەن، دکتۆر نکوڵی لەپەتای تیرۆر کرد لای هەموو گەلانی تر بێجگەلە عەرەب. وێرای رێزی بێ پایانم بۆ دکتۆر نابلسی دەمەوێت داوای لێبوردنی لێبکەم کەجیاوازییەکی تەواوم هەیە لەگەڵ بۆچونەکەیدا، پێش ئەوەی بچینە ناو ئەم بابەتەوە دەبێت لەپێناسەکردنی تیرۆردا روون و ئاشکرا قسە بکەین، ئەمە وێرای قورسایی پێناسەکە. دەڵێ: "تیرۆریست ئەو کەسەیە هەوڵ دەدات بیروباوەڕو بۆچونەکانی خۆی لەرێگەی ترس و تۆقاندنی بەرامبەرەوە بڵاو بکاتەوە" وابزانم ئەم پێناسەیە بەسە بۆ لەخۆگرتنی زۆرێک لەو کردەوە تیرۆریستیانەی کەئەمرۆ روو دەدەن. جیاوازیم لەگەڵ دکتۆر لەخاڵی یەکەمی وتارەکەیەوە دەست پێدەکات کەدەڵێت: "کاتێک پێش ١٥ سەدە ئیسلام بۆ عەرەب هات، عەرەب زۆر پێویستیان پێی هەبوو، ئەگەر ترسیان لەئاینی نوێ نەبوایە کەئاسایشیان دەخاتە مەترسییەوەو بازرگانی و گەشت و گوزاری ئاینیان لەناو دەبات کەلەرێگەی بتەکانەوە بۆیان دەهات" هەروەها کوێلەو بەکرێگیراوو چەوساوەکانی زەوی هەڵدەگەراندەوە، کەقورئان گوزارشتی لێکردووە "وقالوا أن نتبع معک الهدی نتخطف من أرضنا" (سورة القصص، اية ٥٨) ئەوا لەساتەکانی یەکەمی دەرکەوتنی ئیسلامەوە دەستە دەستە خەڵک دەچوونە ئاینی خوداوەو پێغەمبەریش (١٥) ساڵ لەمەککە بۆ بانگهێشتکردن نەدەمایەوە، بێ ئەوەی بتوانێ زیاتر لە (١٥٠) موسوڵمان بەتەنها بهێنێتە ناو ئیسلامەوە، بەبۆچونی من ئەمە گریمانەیەکەو هەموان قبوڵی ناکەن.

وەلێ سود وەرگرتن لەبازرگانی و گشت وگوزاری ئایینی پیشەی زۆرینەی زۆری عەرەبی دورگە نەبوون، چونکە بازرگانی تەنها لەچەند ماڵێکی مەککەدا قۆرخ کرابوو، هەروەها ساقی حاجیەکان و هاوکاری کردنیان لەدەستی بردنی عبدالدار بنی قصی کلاب دا بوو، ئەمانەش تیرەیەک بوون لەقورەیش.

بەڵام باقی هۆزە عەرەبیەکانی تر بازرگانیکردنیان لامەبەست نەبوو، یان رێگر نەبوو لەچوونە ناو ئاینی نوێوە. عەرەبی پێش موسوڵمان زۆرێک پێویستیان بەئیسلام نەبوو، چونکە عەرەبی باکورو باشور باوەڕیان بەمەسیحیەت هێنابوو، هۆزەکانی ناوەراستیش بەبتەکانیان رازی بوون لەبیروباوەڕیشیاندا لێبوردەیی هەبوو بەبەڵگەی ئەوەی لەکەعبەدا (٣٦٠) بتی تێدابوو، هەر هۆزێک بتێکی خۆی هەبوو، رۆژێک لەرۆژان عەرەب بەهۆی بتەکانیانەوە نەجەنگاون. هۆزە دەشتەکیەکان ئیرەییان بەیەکتری دەبرد ئەمەش لەرووی شانازی کردن بەئازایەتی و بۆ غەنیمە کردنی وشترو ژن، هەندێکیان رێگایان لەکاروانە بازرگانیەکانی رۆمانی و قورەیشی دەگرت، بەلام بەرامبەرەکانیان لەپێناوی سەرکەوتنی یەکێک لەبتەکانیان نەدەکوشت.

هەروەها عەرەبە مەسیحیەکان جەنگی نامەسیحیەکانیان نەدەکرد بۆ ئەوەی بە زۆر ببن مەسیحی، عەرەبی قورەیش ئەوانەی باوەڕیان بەئیسلام نەبوو لەو کەسانە بوون زۆرێک لەپێغەمبەر نزیک بوون خەڵکانی (السقایة و الرفادة) بوون و بازرگانیکردنیان رێگر نەبوو لەموسوڵمان بوونیان، لەوانەش ئەبو تاڵب مامی پێغەمبەر کەبەکافری کۆچی کردو عەباسی مامی کەلەجەنگی بەدردا دژی وەستایەوەو نەبوو بە ئیسلام تاپێش چەند ساڵێکی سادە لە کۆچکردنی پێغەمبەر، مێردی زەینەبی کچی کەساڵی ٨ی کۆچی بوو بەئیسلام، ئەبو لەهەبی مامی و ئامۆزاکانی (ال سفیان بن حرب و زۆربەی حەنیفیەکان) کەهیچ تازەگەرییان لەئیسلامدا بەدی نەدەکرد. تەنانەت کاتێک پێغەمبەر مەککەی فەتح کرد ئەبو سوفیان بەعەبباسی مامی پێغەمبەری وت " دەبینم سامانی برازاکەت فراوان بووە " ئەوەی رێگر بوو لەئیسلام بوونی عەرەب بێ بڕواییان بوو بەوەی ئیسلام ئاینێکی نوێیە. لەنێوەندی عەرەبیدا تیرۆر بەپێناسەکەی پێشووی وەدیار نەکەوت تا وەدیارکەوتنی ئیسلام.

تیرۆر بەگشتی لەگەڵ هاتنی ئاینە ئاسمکانیەکاندا دەستی پێکرد، یەکەم دەرکەوتنی لەگەڵ دەرکەوتنی ئاینی یەهودیدا بوو، موسا لایەنگرانی خۆی هاندا لەبەنی ئیسرائیل هەموو هۆزەکانی فەلەستین بکوژن ئەوانەی یەهودی نین. بۆیە دەبینین موسا دەڵێت: کاتێک بەنو ئیسرائیل لەشیطم بوون پیاوەکان سەرسامی ژنەکانی مواب بوون و خۆشیان ویستن و کرنوشیان بۆ ئیلاهەکانیان برد. "تورەبوونی خوا لەئیسرائیل گەرمتر بوو" تاخوا بە موسا دەڵێت "سەری سەرکردەیەکی گەل بپەڕێنە لەبەرامبەر خوردا بۆ خوای هەڵواسە بەم شێوەیە تورەیی لەئیسرائیل دادەمرکێتەوە" (سفر العدد، الاصحاح٢٥) دوای ئەوەی موسا سەرکردەکانی گەلی کوشت و سەریانی لەخۆردا هەڵواسی، ئیلاه داوای لێکرد هەموو خەڵکی (مدین) بەدوژمن دابنێت دەبێت بیان کوژێت. هەمویان خۆیان بۆ مدیان ئامادەکرد وەک خوا فەرمانی پێکردن هەموو نێرینەکانیان کوشت (٧). پادشاکانی مدیان (أوی وراقم وصور و رابع) یان بەسەر کوشتارەکانیاندا کوشت هەر پێنج پادشای مدیان، بلعام بن بعوریشیان بەشمشێر کوشت (٨). بەنو ئیسرائیل هەموو ژن و منداڵی مدینیان بەدیل گرت و هەموو ئاژەڵ و رەشە وڵاخەکانیان و سامانەکانیان بەتاڵانی برد (٩). هەموو شارو ماڵ و قەڵاکانیان بەئاگر سوتاندن (١٠). هەموو غەنیمەو تاڵانیەک لەژن و ئاژەڵ هێنا (١١) هاتن بۆ لای موساو ئەلیعازرای کاهین و کۆمەڵەی بەنی ئیسرائیل بەژنە دیلەکان و تاڵانی و غەنیمەوە لای المحلەو لای عربات مواب کەلەسەر ئوردونی ئەریحا بوو ((١٢) سفر العدد، الاصحاح٣١٠). کاتێک موسا زانی ژنەکانیان نەکوشتووە زۆر تورە بوو(موسالەبریکارانی سوپا زۆر تورە بوو سەرکردەی هەزاران و سەرکردەی سەدانی لەو سەربازانەی لەجەنگەوە دەگەرانەوە (١٤) موسا پێی گوتن هەموو مێینەکانتان بەزیندوویی هێشتۆتەوە؟(١٥) هەمان (سفرو هەمان الاصحاح). موسا فەرمانی پێدان هەموو منداڵێکی نێرینەو هەموو ژنێک کە جووت بووە بکوژرێن و تەنها کچەکان بهێڵنەوە بۆ خۆیان، بەمەش ٣٢٠٠٠ کچیان بەنسیب بوو.

لەپاشاندا تیرۆری یەهودی لەگەڵ بەرەو پێشەوە چوونی زەمەندا پێشکەوت، بۆیە دەبینین مەناحم بیگن و موشی دایان هۆتێلی مەلیک داود لەقودس دەتەقێننەوەو دەیان سەربازی ئینگلیزی لەناو هوتێلەکەدا دەکوژن، هەنوکەش تیرۆری ئیسرائیلی بەردەوامەو ئیسرائیلیەکان سزای بەکۆمەڵ دژی فەلەستینیەکان بەرپا دەکەن و خانووی کەسوکاری تیرۆریستەکان دەروخێنن و دەربەدەریان دەکەن، هەموو ئەمانەش بەناوی ئاینەوە روو دەدات، چونکە خوا بەڵێنی خاکی فەلەستینی بەیەهود داوە. بێگومان خودی بیرۆکەی سزای بەکۆمەڵ لەئاینی یەهودی وەرگیراوە، کاتێک خوا سزای کۆمەڵێک خەڵک دەدات هەر لەژن و منداڵەوە ئەمەش بەتاوانی پیاوێک کاتێک کۆمەڵە کەسێک لەنێو خۆیاندا ناکۆک بوون لەوانە مریەمی خوشکی هارون، فورح بن یصهار لەگەڵ موسادا ئیلاه دوو دڵ نەبوو لەنغرۆکردنیاندا لەگەڵ زەویدا وەک لە (سفر العدد) هاتووە. خوا بەموساو هارونی وتووە لەو کۆمەڵە جیاببنەوە لەساتێکدا فەنایان دەکەم، بێئیرادەیی بەرووی هەردوکیاندا وەدیار کەوت و گوتیان: خوایە خوای رۆحی هەموو مرۆڤ هەڵە کردنی پیاوێک دەبێتە هۆی تورە بوونت لەهەموو کۆمەڵ؟ (سفر العدد، الاصحاح١٦، ئایەتەکانی ٢١-٢٢) بەڵام ئیلاهی موسا تورەبوو گوێی بەپارانەوەکانیان نەدا، داوایان لێکردن لەو کۆمەڵە جیا ببنەوە کەسزای سێدارەدانیان بەسەردا دراوە، بەم جۆرە فورح و داشان و ئیبرام هاتنە دەرەوەو داشان و ئیبرام لەگەڵ ژنەکانیان مانەوەو منداڵەکانیان لەنێوانیاندا بوو، لەبەردەم خێوەتەکەیاندا، کاتێک لەقسەکردنی هەموو ئەو قسانە تەواو بوو زەوی لەژێریاندا جیابۆوەو دەمی کردەوەو خۆیان و خانوەکانیان و هەموو ئەو شتانەی لەسامان بۆ فورح دەگەرایەوە قوتدا.(سفر العدد، الاصحاح ئایەتی ٣٠-٣١).

پاشان رۆڵی ئیسلام هات و چەند چیرۆکێکی وەک چیرۆکی لوطو ساڵح و نەتەوەی عادی گێرایەوە، وەلێ خوا هەموویانی بەتاوانی تاوانبارێک سزاداوە. لەبەرئەوەی پیاوێک وشتری ساڵحی بریندار کردووە، قیژەو هاوارکردن هەموو منداڵ و ئاژەڵی شارەکەی گرتەوە. هەروەها لەقورئاندا باس لەنارەزایی موسا دەکات لەبەرامبەر ئەمجۆرە لەسزای بەکۆمەڵ کاتێک موسا بەخوا دەڵێت "أتؤاخذنا بما فعل السفهاء منا" ئیسلام بەدووبارە کردنەوەی چیرۆکەکان نەوەستا، بەڵکو هانی عەرەبی دا بۆ کوشتاری کافرەکان و سەپاندنی بۆچونی نوێ بەسەریاندا: "قاتلوهم یعذبهم الله بأیدیکم ویخزهم و ینصرکم علیهم ویشفی صدور قوم مؤمنین" "قاتلو الذین لا یؤمنون بالله ولا بالیوم الاخر ولا یحرمون ماحرم الله ورسوله ولا یدینون دین الحق من الزین اوتوا الکتاب حتی یعطوا الجزیة عن ید وهم صاغرون" "یا أیها النبی حرض المؤمنین علی القتال" "واقتلوهم حیث ثقفتموهم واخرجوکم من حین اخرجوکم" "کتب علیکم القتال وهو کره لکم" "فاذا لیقتم الذین کفروا فضرب الرقاب".

بەم شێوەیە کوشتنی خاوەن بۆچونی پێچەوانەو ئەوەی بڕوای بەبۆچونەکانمان نییە سروشێک بێت لەسروشەکانی ئیسلام لەپێناویدا هەزارانمان کوشتووە، ئەگەر نەڵێین ملیۆنەها لەنصاراو یەهودو فارس و ئیسپانی و بولگاریەکان لەئەوروپی و ئەوانی تر، ئەمە کاتێک کەموسوڵمانەکان بەهێز بوون، بەڵام کاتێک موسوڵمانەکان لەسەدەی بیستەمدا لاواز بوون زانا ئاینیەکانیان بۆ بەگوڕکردنی حەماسەتی ئایینی بەمەبەستی سەرکەوتن بەسەر ئەو دەوڵەتانەی لەخۆیان بەهێزترن بۆیە دەبوایە پەنا بۆ قورئان ببرایە، بۆ وەدەرهێنانی ئەو ئایەتانەی کەئەمە دەکاتە شتێکی مومکین ئیتر ئایەتەکانی گیان بەخشین دۆزیەوەو فێری تەقاندنەوەکانیان کردن، بۆ قەرەبووکردنەوەی لاوازییان، چونکە ئیتر دەکەسی بەسەبر توانای سەرکەوتنی نەبوو بەسەر هەزار لەکافرەکاندا "الان خفف الله عنکم وعلم ان فیکم ضعفا فان یکن فیکم مئة صابرة یغلبوا مئتین وإن یکن منکم الف یغلبوا الفین باذن الله والله مع الصابرین"

دکتۆر نابلسی دەڵێت: پێویستە لەسەر عەرەب ئێستا دان بەوەدا بنێن کەموسوڵمان نین و لەئیسلام بێ بەرین، ئیسلامیش لەوان بێبەرییە وەک وەک بێبەری بوونی گورگ لەخوێنی (بن یعقوب) ئەمەش بۆ پارێزگاری و چاککردنی شەرەفی ئیسلام بۆ ئەوەی رێگە بەرۆژئاواش نەدەن تۆمەتی تیرۆر بەئیسلامی عەرەبییەوە بلکێنێت، بۆ ئەوەی راستی بەدرەوشاوەیی بمێنێتەوە ئەویش ئەوەیە عەرەب دوور لەئیسلام تیرۆریستن نەک ئیسلام و پەیامە مرۆڤایەتیەکەی کەتیرۆری نەناسیوە، موسوڵمانانی بێ لەعەرەب تیرۆریست نین، تورکەکان تیرۆریست نین، هەروەها پاکستانی و ئەندەنوسی و مالیزی و بەنگلادیشی و سەرجەم موسوڵمانانی جیهان. ئەوەی لەتورکیاو پاکستان و ئەندەنوسیا روویدا کاری موسوڵمانە ئاساییەکان نەبوو، بەڵکو کاری عەرەب موسوڵمانەکان بوو بەپارەو پیلانگێرانیان. وەلێ تورکیاو گەلانی ئاسیای موسوڵمان ئاگاداری تیرۆر نەبوون پێش دەرکەوتنی کۆمەڵی ئیخوان موسلمین و باڵا درێژو پانەکەی ئەلقاعیدەو پێش بڵاوبونەوەی عەرەب ئەفغانەکان لەجیهاندا. ئەی وتەکەی دکتۆر چەند لەراستیەوە دوورە؟ وەلێ تیرۆرو ئاینە ئاسمانیەکان دوو روی یەک دراون تەنانەت مەسیحیەتیش کەتوندوتیژی و تیرۆری نەناسیوە لەبڵاوکردنەوەی پەیامەکەیدا لەسەدەی یەکەمدا، قەشەکانی مەسیح هەندێک ئایەتی ئینجیلیان ئامادەکرد وەک: "لاتظنوا انی جئت لالقی سلاما علی الارض، ما جئت لالقی سلاما بل سیفا" (سفر متی، الاصحاح ١٠ ئایەتی ٣٤).

ئەم ئایەتەیان کرد بیانویەک بۆ دەست پێکردنی جەنگی خاچ پەرستەکان بۆ ملکەچ کردنی بەرامبەر بۆ بوون بەمەسیحی و گەڕاندنەوەی زەویە پیرۆزەکان لەموسوڵمانان. ئەگەر عەرەب موسوڵمان نەبونایە رەنگە پەنایان بۆ تیرۆر ببردایە یان پەنایان بۆ نەبردایە، کەپێش هاتنی ئیسلام ناسراو نەبووە.

تیرۆر وەک پەتای لێهاتووە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دی دەگوازرێتەوە، یەکەم دەرکەوتنی تیرۆری نوێ لەشەستەکاندا بوو کاتێک لاوان شەکەت بوبون بەبیروبۆچونە سۆسیالیستیەکان و هەندێکیان ویستیان گۆرانکاری لەرژێمی فەرمانرەوایی وڵاتەکانیاندا بکەن، سەرەتا لەئەڵمانیاوە کەچەتەکانی (ماینهۆفی) توندرەوی بەخۆوە بینی کەپەنای بۆ کوشتن و تەقینەوە دەبرد، پاشان بەدوایدا (لیوا سورەکان) لەیابان هاتن کەبەدەست کوشتن و تەقاندنەوەوە دەینالاند پاشان کەرەستە پوچەکەیان هەڵبژارد بۆ فرۆکەخانەی (الله) لە ئیسرائیل و هەوڵیاندا وەک هاوسۆزییەک لەگەڵ فەلەستینیەکاندا فرۆکەخانەکە بتەقێننەوە کەفەلەستینیەکانیش سەرەتای دەست پێکردنیان بوو بەفراندنی فرۆکەو تەهدید کردن بەتەقاندنەوەی فرۆکەکە بەهەموو سەرنشینە سڤیلەکانیەوە. وێرای ئەوەی ئیسرائیلین، رەنگە لەئیسرائیل بێتاوان هەبێت و لەگەڵ مەسەلەی فەلەستیندا هاوسۆز بن، بەوتەی دکتۆر گوایە موسوڵمانانی بێ لەعەرەب تیرۆریست نین، ناتوانرێت رەزامەندی لەسەر وەربگیرێت چونکە بینیمان چۆن ئیسلامگەرا تورکەکان کڵێساو باڵیۆزخانەو پەرستگای یەهودەکانیان لەئەستەمبوڵ تەقاندەوە، تەنانەت دوای ئەوەی تیرۆریستە عەرەبەکان دوای تەقینەوەکانی یەکەم هەڵاتن و چۆن ئەندازیاری مالیزی ئەزهەری حسێن و هاورێکەی نورەدین توب باڵیۆزخانەی ئوستورالیایان لەجاکارتا تەقاندەوە هەروەها ئوتێلی ماریۆت (١٢) کەسی تیا کوژراو بەدەیانیش بریندار بوون، هەروەها تۆمەت باریشن بەتەقاندنەوەی یانەکانی شەوانە لەدورگەی بالی ساڵی ٢٠٠٠ کاتێک دوو سەد لاوی کوروکچی تیا کوژراوو کەزۆربەیان ئوسترالی بوون، هەنوکەش دەسەڵاتی فەرمانرەوای ئەندەنوسی بەدوای زانای ئاینی ئەبوبەکر بەعاشیرەوەیە سەرکردەی کۆمەڵی ئیسلامی ئەندەنوسی بەتاوانی پاڵپشتی کردنی کارە تیرۆریستیەکان، لەفلیپینیش دەسەلات بەدوای دەستەی (ئەبو سەیاف)دایە کەشارەزا بووە لەرفاندنی گەشتیارە بیانیەکان بەمەبەستی وەرگرتنی فدیە لەوڵاتەکانیان بۆ ئەمەش (قەزافی) بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ هانیان دەدات لەرێگەی پێدانی قەرەبوو بۆ ئازادکردنی بارمتە بیانیەکان.

لەتەیموری خۆرهەڵاتیش کۆمەڵە ئیسلامیە ئەندەنوسیەکان کڵێسای مەسیحیەکانیان تەقاندەوەو دەیان کوشتن و لاقەیان دەکردن. لەهندیش موسوڵمانەکان ئاگریان لەشەمەندەفەرێک بەردا بەشەو کەسەرنشینەکانی حەجاجە سیخیەکان بوون لەشاری ئارمستاری پیرۆزەوە دەگەرایەوە دوای ئەوەی سروتی ئایینی خۆیان بەجێ هێنا، سەرەنجام هەموو سەرنشینەکانیان کوشت، ئەمەش بوە هۆی تۆڵە سەندنەوەی سیخەکان کەهەموو مزگەوتی موسوڵمانەکانیان سوتاند، لەکشمیریش موسوڵمانەکان لەبەری هیندی میندا دەچێنن و هێرش دەکەنە سەر لادێ بچوکەکان و هەموو دانیشتوانەکەی دەکوژن، ئەی ئەو وئەمریکیەی بوو بەئیسلام و سواری فرۆکەیەک بوو روەو ئەمریکاو شلەپێڵاوەکەیدا تەقەمەنی دانابوو بەمەبەستی تەقاندنەوەی فرۆکەکە (bomber shoe) ناوزەد کرا. ئەی ئەو ئوستورالیيە سپی پێستەی بوو بەئیسلام و چوو بۆ ئەفغانستان و چاوی بەبن لادن و زەواهیری کەوت و گەرایەوە بۆ ئوسترالیاو راسپێردرابوو باڵیۆزخانەی ئیسرائیل لەکانبێرا بتەقێنێتەوە؟ هەموو ئەمانە عەرەب نەبوون و لەگەڵ ئەوەشدا موسوڵمان بوون و لەتیرۆرەوە گلابوون.

ئەگەر تەماشای ئایینە نائاسمانیەکان بکەین وەک بوزی و شەنتی و هیندۆسی دەبینین لێبوردن و لەئامێزگرتنی بەرامبەر لەلایان بڵاو بووبووەوە، گوێبیستی هیچ کارێکی تیرۆریستی نەبووین لایان بەدەگمەن نەبێت. وەک باسمان لێوەکرد لەشەستەکان لەیابان و لەسەردەمی نوێشدا کاتێک دەستەیەکی ئاینی زۆرترین کەسیان لەتۆکیۆ کوشت بەبڵاوکردنەوەی گازی سارین لەیەکێک لەوێستگەکانی میترۆدا. ئەو وڵاتانەی زۆرینەی دانیشتوانەکەی باوەڕیان بەهیچ ئاینێک نییە وەک چین و روسیا، تیرۆری شارەکانیان نەزانیوە، تەنها کاتێک نبێت موسوڵمانەکانی شیشان دەستیان بەتەقاندنەوەی بیناکان و بۆمب رێژکردنی ئۆتومبیلەکان کرد. بێگومان شیشان گەلێکی چەوساوەن وەک فەلەستینیەکان، بەڵام تیرۆرو تەقینەوە چارەسەری کێشە سیاسیەکان نییە، بەبروای من ئایینە ئاسمانیەکان بەتایبەتی یەهودی و ئیسلام هۆکاری سەرەکی بڵاوبونەوەی تیرۆرو توندوتیژین لەجیهاندا، هەندێک جار ئەستەمە بۆ مرۆڤ وێنای ئەو رق و کینەیە بکات کەئاینە ئاسمانیەکان لەناخی لایەنگرانیان دەیچێنن. بۆ نمونە ئەگەر وەسێتی خوا بۆ موسا وەربگرین (لە سفری تثنیەدا، الاصحاح ١٣ "فضربا تضرب سکان تلک المدینە بحد السیف وتحرمها بکل مافیها مع بهائمها بحد السیف (١٥) تجمع کل امتعتها الی وسط ساحتها وتحرق بالنار المدینە وکل امتعتها کاملة لرب الهک فتکون تلی الی الابد لاتبنی بعد (١٦) ولا یلتصق بیدک شی و من المحرم لیرجع الربط من حمو غضبه ویعطیک رحمه (١٧)"، دەبینین خوا تورە بونەکەی بەکوشتنی بێ ئیمانەکان و کوشتنی منداڵ و ئاژەڵەکانیان هێور نابێتەوە، بەڵکو دەبێت شمەک و شارەکانیان بسوتێنن تاکو هیچ کات راست نەبونەوە، ئەستەمە بۆ مرۆڤ لەوە زیاتر رق بۆ بەرامبەر خەیاڵ هەموو ئەم سوتان و ماڵوێرانییە بۆیە هاتووە چونکە بەرامبەر هەمان بیروباوەڕیان نییە. وەلێ وا نابینم پێویست بکات عەرەب بۆ سپی کردنەوەی رووی ئیسلام لەرۆژئاوا پۆزش بێنێتەوە، چونکە رۆژئاوا بنەماکانی ئیسلام و یەهودیەت باش دەزانێت و یەکەم کەس رەخنەی ئیسلامی کرد پیاوانی رۆژئاوابوون وەک نولدگەو مۆنتگری وات و ئەوانی تر.■

وا نابینم پێویست بکات عەرەب بۆ سپی کردنەوەی رووی ئیسلام لەرۆژئاوا پۆزش بێنێتەوە، چونکە رۆژئاوا بنەماکانی ئیسلام و یەهودیەت باش دەزانێت و یەکەم کەس رەخنەی ئیسلامی کرد پیاوانی رۆژئاوابوون وەک نولدگەو مۆنتگری وات و ئەوانی تر

مەسعود بارزانی:

بەشدارنەبووم لە هەڵبژاردنی هیچ کام لە کاندیدکراوەکانی لیستەکان

بەڕێز مەسعود بارزانی رایگەیاند: بەشدارنەبووم لە هەڵبژاردنی هیچ کام لەکاندیدکراوەکانی نێو لیستەکان و ئاگاداری میکانیزمی کاری هەڵبژاردنی کاندیدکراوەکانیش نیم، و لەلایەن لیژنەوە هەڵبژێردراون.

ئەم راگەیاندنەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەمیانەی کۆبوونەوەیەکیدا هات لەگەڵ نوێنەرانی ئافرەتان و ژنان کە رۆژی ١١/٢٩ لەهاوینەهەواری سەلاحەدین بەرێوەچوو، وتیایدا ئاماژەی بەوەش کرد: ئەو حزبایەتییەی بەر لەروخانی رژێم پەیرەویمان لێکردووە، لەمەودوا ئەوەمان بۆ دەست نادات، و روونیشیکردەوە: حزبێکی زۆر لەکوردستان هەن، کە پێموایە زۆریان زیادن و دەبێ بەو بارودۆخەیشدا بچینەوە، و گەر کورسیش بدرێت بەهەموویان، بۆ خۆمان هیچ کورسی نامێنێتەوە.

بارزانی ئاشکراشیکرد: کۆمپانیای زۆر گەورەی ئەمریکی و ئەوروپی بەڵێنیانداوە بۆ سەرمایەگوزاری بێنە کوردستان.■

وەزیری لاوانی عیراق بەڵێنیدا دەستبکرێتەوە بەجێبەجێکردنی یاریگای هۆڵە داخراوەکانی سلێمانی

رۆژی شەممەی رابردوو وەزیری لاوانی عیراق دوای گەشتێکی سێ رۆژە بۆ شاری هەولێرو سلێمانی لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان و نوێنەرانی یەکێتییە وەرزشییەکانی سلێمانیدا کۆبووەوە، ولەکۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان، سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی داوایلێکرد پرۆژەی دروستکردنی یاریگا داخراوەکانی شاری سلێمانی کە زیاتر لەدوو مانگە کارکردن تیایدا راوەستاوە، فەرمانبدات بە دەستکردنەوە بەکارکردن تێیداو وەزیری لاوانیش بەڵێنیدا دوای گەڕانەوەی بۆ بەغدا فەرمانبدات بەدەستکردنەوە بەجێبەجێکردن و تەواوکردنی ئەو پرۆژە وەرزشییەی شاری سلێمانی.

هەر لەسەردانەکەیدا بۆ شاری سلێمانی، تاوتوێی چەندین پرۆژەی وەرزشی لەسەر ئاستی کوردستان و عیراق کرا، و وەزیری لاوان بەڵێنیدا بۆ یادی کارەساتی هەڵەبجە وەزارەتەکەی چەندین چالاکیی وەرزشی ئەنجامبدا.■

پارێزگاری کەرکوک:

دوای بەغداو بەسرە، (٤٩٦) ملیۆن دۆلارەکەی ئەمریکا بۆ کەرکوک سەرفدەکرێ

پەیامنێری کەرکوک

عەبدولرەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکوک بە "چاودێر"ی راگەیاند: سەرفکردنی ئەو (٤٩٦) ملیۆن دۆلارەی ئەمریکا بۆ کەرکوکی تەرخانکردووە، دوای بەغداو بەسرە دەبێ لەبەرئەوەی بۆ هەریەکێک لەو دوو شارەیش برێک پارە لەلایەن حکومەتی ئەمریکاوە تەرخانکراوە کە لەپێشدا دەدرێتە ئەو دوو شارە.

ناوبراو ئاشکراشیکرد: بە زاڵمای خەلیل زاد باڵیۆزی ئەمریکا لەعیراقم راگەیاندووە ئەو (٤٩٦) ملیۆن دۆلارە، بەهاوبەشی لەنێوان لیژنەی (P.R.T) ئەمریکی و پارێزگاو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکدا بۆ پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی شارەکە وەک دروستکردنی پاڵاوگەیەک و تۆڕی ئاوو وێستگەی کارەباو پێداویستییەکانی شارەوانی و ئاوەڕۆو پاککردنەوەو جوانکردنی شارەکە سەرفبکرێ.■

نیاز بەیاتی: کۆلێژی هونەر سیستمێکی پۆلیسیەو گوێ لەخوێندکار ناگیرێ

سەرۆکی زانکۆی سلێمانی: لەزمانی بڕوانامەکەی نیاز بەیاتی تێناگەین!

بەدواداچوونی / عەبدوڵا ئەحمەد

نیاز بەیاتی کەبەر لەهەشت مانگ گەراوەتەوە کوردستان بە "چاودێر"ی راگەیاند: لەسەر داوای وەزارەتی رۆشنبیری و زانکۆی سلێمانی هاتومەتەوەو بەڵێنی زۆریان پێداوم، بەڵام تا مانگ و نیوێک من لەکۆلێژی هونەر بووم، راگری کۆلێژی هونەر نەیزانیوە من لەوێ وانە دەڵێمەوە، بەیاتی کەلە (١٨) زانکۆو هەشت وڵاتی خۆرهەڵاتی ناوەراست وانە دەڵێتەوە لەناو زانکۆی سلێمانیدا نایەڵن ئۆتومبیلەکەی بەرێتە ژوورەوەو لەوبارەیەوە بەچاودێری وت: لەو کۆلێژەدا تائێستا تەقیمی ئێمە نەکراوەو باجم نادەنێ تائۆتومبیلەکەم بەرمە ناو زانکۆوە و جگەلەوەی سێ مانگە وانە دەڵێمەوە بەهەر چوار قۆناغەکەی کۆلێژی هونەر تائێستا هیچ موچەم وەرنەگرتووەو تەنانەت شوێنی خەوتن و حەوانەوەشم نییە، بۆیە تائێستا لەماڵی هاورێکانم دەژیم.

نیاز بەیاتی - وانەبێژی کۆلێژی هونەر

نیاز بەیاتی بڕوانامەی (ئەدڤانس)ی هەیەو وەک خۆی دەڵێ: سیستەمی کۆلێژی هونەر سیستەمێکی پۆلیسییە تائێستا وجودم نییە لەو کۆلێژەداو بەهیچ شێوەیەک گوێ لەخوێندکار ناگیرێ و دیوارێکی گەورەیان دروستکردووە لەنێوان خوێندکارو مامۆستادا، سەبارەت بەوەی کەئایا مامۆستای تر هەیە باجی ئۆتومبیل و موچەی نەدەنێ نیاز بەیاتی بەچاودێری راگەیاند: مامۆستا هەیە میلاکەو بەشەکەشی نەکراوەتەوە، بەڵام موچەش وەردەگرێ و باجیشی بۆکراوە بۆ سەیارەکەی.

نیازبەیاتی کەخەڵاتی (مۆڵتی ئارتس) واتە هونەرمەندی هەموو شتێکی لەساڵی ١٩٩٣ەوە لەلایەن سەندیکای هونەرمەندانی دانیمارک پێبەخشراوە ئەڵێ: ئەوەندەی خزمەتی مامۆستا عەرەبەکان دەکەن چارەکێکی ئەوە بۆ ئێمەی کوردیان بکردایە ئێمە رازی دەبووین لەکاتێکدا ئەوان گۆرانی قەدەغە دەکەن، سەبارەت بەوەی ئایا کێشەکەی نەبردۆتە لای سەرۆکی زانکۆ، بەیاتی بەچاودێری راگەیاند: من دژی واستەو گەندەڵیم، هاتومەتەوە خزمەت بکەم، بەڵام کێشەی من لای راگری کۆلێژی هونەرە نەک سەرۆکی زانکۆی سلێمانی، نیاز بەیاتی پێیوایە سیستەمی کۆلێژی هونەر چ لەوانە وتنەوە، چ لەئیدارە، چ لەشێوازی کۆرسات سیستەمێکی تەقلیدیەو ئەڵێ "بریارم داوە بگەرێمەوە دانیمارک و زانکۆ بەجێبهێڵم، چونکە فشاریان بۆ هێناوم".

خوێندکارانی کۆلێژی هونەر وەک داکۆکیکردنێک لەکێشەی نیاز بەیاتی و گەندەڵیەکانی ناو کۆلێژی هونەر رۆژی ٢٠٠٥/١٢/١ لەکۆلێژەکەیانەوە رێپێوانێکیان کرد بۆ بەردەمی سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی، یەکێک لەخوێندکارەکانی رێپێوانەکە، وتی: ئێمە حەز دەکەین کەسانی وەک مامۆستا نیاز بەیاتی لەکۆلێژەکەماندا بێت، چونکە ئەزمونێکی لەدەرەوەی وڵات هێناوەتەوە ولێرە بەرجەستەی دەکات.

خوێندکارێکی تر بەناوی تێکۆشەر نەجات پێیوایە ئەم سیستەمەی ئێستای کۆلێژی هونەر سیستەمێکە ئەبێت گۆڕانی بەسەردا بێت و دەڵێ "ئێمە تائێستا لەکۆلێژەکەماندا هونەر تا ساڵی شەستەکان دەخوێنین ئێمە لەزۆر بابەتی هونەری هاوچەرخ بێبەشکراووین" سەبارەت بەنیاز بەیاتی، تێکۆشەر نەجات پێیوایە کەیەکێکە لەو مامۆستایانەی کەپێویستە لەکۆلێژەکەیاندا بێت، چونکە سوودی زۆر بۆ خوێندکاران و زانیاری تازەیان پێدەبەخشێت.

سەرۆکی زانکۆ، کامێرا لەنێردراوی چاودێر دەستێنێ

هەموو خوێندکارانی کۆلێژی هونەر چوونە سەرۆکایەتی زانکۆو راپۆرتێکیان دا بەبەرێز (د. عەلی سەعید) سەرۆکی زانکۆی سلێمانی، ئەویش بەخوێندکارانی راگەیاند: نیاز بەیاتی بەرێزێکە هاتووەو دەیەوێت دابمەزرێت، لەهەموو دنیا هەر کەسێک بیەوێت لەزانکۆیەک دابمەزرێت، سەرەتا پێی دەڵێن بڕوانامەکەت تعادول پێبکە. سەرۆکی زانکۆی سلێمانی، لەدرێژەی قسەکانیدا بۆ خوێندکارانی کۆلێژی هونەر وتی: ئێمە وەکو وانەبێژ رێگەمان داوە بەنیاز بەیاتی وانە بڵێتەوە، تا کێشەکەی بەلایەکدا دەکەوێت، بەنوسراوی نهێنی بڕوانامەکەیم ناردووە بۆ د. نزار، بەڵام لەزمانی بڕوانامەکەی ناگەین، بەڵام بەپێی یاسا دەبێت ئەو بڕوانامەیە تعادول پێبکرێ و ئێمەش رێگەی پێدەدەین تا تعادولی بڕوانامەکە وانە بڵێتەوە.

د. عەلی سەعید، سەرۆکی زانکۆی سلێمانی، دوای ئەوەی ئامادەیی پیشاندا هەردوو رۆژنامەی چاودێرو ئاسۆ، بەشداری کۆبونەوەکە بکەن، بەڵام کامێراکانی لێسەندن و ئامادە نەبوو لەناو خوێندکاراندا وێنەی بگیرێت و تائامادەکردنی ئەم راپۆرتە کێشەی نیاز بەیاتی لەکۆلێژی هونەر یەکلا نەکراوەتەوە.■

خۆپیشاندانی خوێندکارانی کۆلێژی هونەری زانکۆی سلێمانی

پەواز

رەزامەندی!

ئێمەو بگرە زۆربەی لێپرسراوە حکومییەکانمان تا دەگاتە خودی سەرۆکی حکومەتیی هەرێم- ئیدارەی سلێمانی، لەچەندین بۆنەو لێدوانی رۆژنامەنووسیدا تەئکیدیانکردووەتەوە لەسەر بوونی گەندەڵی ئیداری و رۆتین و هاوکات پێداگرییان کردووە لەسەر لەشەفافیەت لەسەرجەمی بوارەکانی سیاسی، ئابوری، کارگێری..دا.

کێشەیەکی زەقی رۆژنامەنووسانی کوردستان کە لەگەڵ دامەزراوە حکومییەکانماندا هەیانە بۆ کۆکردنەوەی هەواڵ و لێدوانی رۆژنامەنووسی و بەدواداچوونی رۆژنامەنووسی، یان هەر کارێکی تری رۆژنامەنووسی، وەرگرتنی رەزامەندی پێشوەختە لەلای جەنابی وەزیر ئەگەر بمانەوێ لێدوانێک یان بەدواداچوونێکی رۆژنامەنووسی لەیەکێک لەفەرمانگەکانی وەزارەتەکاندا وەربگرین یان ئەنجامبدەین، کە ئەمەیش هێندەی تر کارە رۆژنامەنووسیەکانمانی ئاڵۆزو ماندوکەرکردووە، لەکاتێکدا بۆ ئەوەی رۆژنامەنووسییەکی تەندروستمان هەبێ پێویستمان بەهاوکاری هەریەکە لەدەسەڵاتەکانی یاسادانان، قەزاو راپەراندنە تاوەکو ئێمەیش لەروانگەی هاوبەرپرسیارێتییەوە کێشەکانی هاووڵاتیانیان بۆ بگوێزینەوە، سەرباری ئەو لێشاوی کێشانەی لەنێو دامەزراوەکاندا بوونیان هەیە.

بەڕێز جەنابی وەزیر.. یان هەر بەرپرسێکی تری لەئێوە گەورەتر..

تکایە ئێوە چەندین جار لەرێی دەزگاکانی راگەیاندن و بۆنە جۆراوجۆرەکاندا بانگەشەی شەفافیەتتان کردووە، وگلەییتان لەناوەندەکانی راگەیاندن کردووە کە مەوزوعی نین و هاوکارتان نین، بۆیە لەبەرێزتان دەپرسم: ئێمە چۆن دەتوانین هاوکارتان بین، لەکاتێکدا چاوپێکەوتنی بەرێوەبەرێک یان فەرمانبەرێکی وەزارەتەکەتان بۆ راگەیاندن سەبارەت بەکێشەیەکی هاووڵاتیان دەبێ رەزامەندیی بەرێزتانی بۆ وەربگیرێ، تاوەکو بەرێزتان لەو کێشانە ئاگاداربکەینەوە کە خەمو کێشەی هاووڵاتیانی هەرێمەکەمانن، لەکاتێکدا بینینی بەرێزتان چەندین پرسگەی دەوێ و دوای رەزامەندیشتان دەبێ چاوەڕوانی چەندین مەرج بین کە بۆ جۆری پرسیارو چاوپێکەوتن و تەوەرەکان دادەنرێن.

تکایە لێتان دەپارمەوە، هەرچەندە زۆر شەرمە رۆژنامەنووسێک لە مەسئولێک یان هەر کەسێکی تر بپارێتەوە، بەڵام قەدەر لەم هەرێمەدا وایکردووە بپارێینەوە، و داواتان لێبکەین: واز لە رۆتین و بەرگرتن لەشەفافیەتە بهێنن، بۆ ئەوەی ئێمەیش هاوکارتان بین، و نەکەوینە سەنگەری رۆژنامەی زەردەوە.■

رۆژنامەنووسێک

پەیامی پەیامنێران

بەهۆی نەبوونی بەنزین فرۆکەیەکی سلێمانی - عەممان لەبەغدا دەمێنێتەوە!

پ. سلێمانی

رۆژی چوارشەممەی رابردوو گەشتی هاتوچۆی ئاسمانی سلێمانی-عەممان کێشەی تەکنیکی تێکەوت و بەهۆی نەبوونی بەنزینەوە شەوێک لەبەغدا نیشتەوە، و نەفەرەکانیشی لەنێو فرۆکەکەدا رۆژیان کردەوە.

لەو بارەیەوە سەرچاوەیەکی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی بە "چاودێر"ی راگەیاند: ئەو کێشەیە پەیوەندداره بە کۆمپانیای گواستنەوەی هێڵی ئاسمانی عیراقی و بۆ چەند هۆکارێک دەگەرێتەوە کە پەیوەندداره بەنەبوونی تەنسیقی پێویست لەنێوان هێڵی ئاسمانی عیراقی و هێزەکانی ئەمریکا لەعیراق، بەتایبەتی دەگەرێتەوە بۆ وەرنەگرتنی سوتەمەنی پێویست بۆ فرۆکەکە، کە ئەمەش بەهۆی خراپی بارودۆخی ئەمنییە کە هاتوچۆکردن لە فرۆکەخانەی بەغداوە بۆ دۆرە کارێکی قورسە.■

ژنێک خۆی دەسوتێنێت

پ. داقوق

١١/٢٩ ژنێکی تەمەن ٢١ ساڵ کەماوەی پێنج مانگە شوی کردووە، مێردەکەی لەئەنجامی کاری تیرۆریستیدا شەهید بووە، دواتر ماڵی باوکی دەیبەنەوە لای خۆیان و ناهێڵن سەردانی مێردەکەی بکات، دوای ٣ مانگ مانەوە لەماڵی باوکیدا ناوبراو خۆی دەسوتێنێت و دواتر لەنەخۆشخانە گیان لەدەست دەدات.■

پۆلیسی گومرگی پێنجوێن تەقە لە هاوڵاتیان دەکەن

پ. پێنجوێن

سەرلەبەیانی ١٢/٢ پۆلیسێکی بازگەی گومرگی پێنجوێن تەقە لەکادرێکی کۆمیتەی رێکخستنی (ی.ن.ک) دەکات، بەبیانوی ئەوەی سندوقی سەیارەکەی بۆ نەکردۆتەوە، جێگەی باسە مەفرەزەکانی گومرگ لە پێنجوێن لەماوەی ئەمساڵدا دوو گەنجیان کوشتووە کەیەکیان تەمەنی ٢٠ ساڵ بوو بەناوی (محەمەد) خەڵکی گوندی کاسێف.■

تیرۆریستێک لەکاتی چاندنی بۆمبدا دەکوژرێت

پ. داقوق

رۆژی ١٢/١ لەکاتی چاندنی بۆمبێکدا لەلایەن سێ تیرۆریستەوە لەسەر رێگەی گشتی داقوق -دوزخورماتوو، بۆمبەکە بەخۆیاندا دەتەقێت و لەئەنجامدا یەکیان بەناوی صدام ابراهیم دەکوژرێ و یەکیان بەناوی نصیر ابراهیم بریندار دەبێ و ئەوەی تریان هەڵدێت، دواتر لەلایەن پۆلیسی داقوقەوە تیرۆریستە بریندارەکە دەگیرێ و بەپێی سەرچاوەیەکیش تیرۆریستە هەڵاتوەکە خەڵکی گوندی عەرەبی خواروی دێی هەفتەغارە بەناوی سمیر رشید.■

لەسلێمانی هاوڵاتیەک دەکوژرێت

پ. پیرەمەگرون

هاوڵاتیەک بەناوی (ئەحمەد حاجی سلێمان) کەدانیشتووی پیرەمەگرونە، ١٢/١ لەخوار مەحکەمەی سلێمانیەوە دەکوژرێت، ناوبراو تەمەنی ٦٠ ساڵەو بۆ مەعامەلاتی حەج هاتبووە سلێمانی، ئەو هاوڵاتیە هیچ کێشەو دوژمنایەتیەکی لەگەڵ کەسدا نییەو پێدە چێت بەهەڵە کوژرابێت، هاوکات لەگەڵ کوشتنی ناوبراودا ئافرەتێک بریندار دەبێت و هەتا ئێستاش بکوژەکان دەستگیر نەکراون.■

ئۆتومبیلێکی بارهەڵگر لەرانە مەرێک دەدات

پ. قەڵادزێ

ئێوارەی ١٢/١ لەسەر پردی سەنگەسەری سەر بەقەزای پشدەر، ئۆتومبیلێکی بارهەڵگر لەجۆری گەلابە لەرانەمەرێک دەدات، لەئەنجامدا (٥٦) مەڕلەناو دەچن.■

پەیمانگەی تەکنیکی دەربەندیخان دەکرێتەوەو فەرمانگەی رەگەزنامەو باری شارستانی بیناکەی بۆ چۆڵ ناکات

پ. دەربەندیخان

بەپێی نوسراوێکی رەسمی کەلەئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرچووە، بۆیەکەم جار پەیمانگەی تەکنیکی دەربەندیخان دەکرێتەوە، کەهەردوو بەشی کارەباو ژمێریاری دەگرێتە خۆ، بۆ ئەم مەبەستەش بینای پەروەردەی کەرکوک تەرخان کراوە بۆ ئەو پەیمانگەیە، بەڵام فەرمانگەی رەگەزنامە ئامادە نییە ئەو بینایە چۆڵ بکات هەتا شوێنی تایبەتییان بۆ دابین نەکرێت.■

لەرۆژی هەڵبژاردندا پاس بەبێ بەرانبەر بۆ گواستنەوەی هاووڵاتیان دابین دەکرێ

پ. سلێمانی

دانا ئەحمەد مەجید پارێزگاری سلێمانی رایگەیاند: لیژنەی باڵای هەڵبژاردن لەسنوری حکومەتی هەرێم کە د.بەرهەم ساڵح سەرپەرشتی دەکا، بەرنامەی تۆکمەی بۆ رۆژی هەڵبژاردن دارشتووە، و لەو رۆژەشدا پاس دابینکراوە بۆ گواستنەوەی هاووڵاتیان بەبێ بەرانبەر.

هەر لەو پەیوەندییە تەلەفۆنیەدا لەگەڵ "چاودێر"، پارێزگاری سلێمانی ئاشکرایکرد: رۆژێک بەر لەهەڵبژاردن رێوشوێنەکانی رۆژی هەڵبژاردن رادەگەیەنرێ و ئاشکراشیکرد: داواکراوە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش بە سێ رۆژ بەر لە هەڵبژاردن بەشداری دەنگدان بکەن بۆ ئەوەی لەرۆژی هەڵبژاردندا خەریکی ئەرکەکانی سەرشانیان بن، بەڵام تائێستا هیچ وەڵامێکی ئەم داوایەمان لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە لەبەغدا پێنەگەیشتووەتەوە، کە ئەوەش کارێکی زۆر باش دەبێ گەر بێتو جێبەجێبکرێ.

هەر لەو بارەیەوە حسێن شێخ مستەفا بەرێوەبەری گشتیی پەروەردەی سلێمانی سەبارەت بە پشووی قوتابخانەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی وتی: حکومەتی عیراق بڕیاریداوە رۆژانی ١٣-١٦ی ئەم مانگە پشووی رەسمیبێ لەسەرتاسەری عیراقدا، و ئەو بڕیارەیش هەرچەندە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە هیچ رێنماییەکی لەو جۆرە دەرنەچووە، بەڵام چاوەڕواندەکرێ لە هەرێمی کوردستانیشدا پەیرەوبکرێ..■

ژنێک لەپێنجوێن خۆی دەکوژرێت

پ. پێنجوێن

بەرواری ١١/١٩ لەشارۆچکەی پێنجوێن، ژنێک بەناوی (فەرەحناس محەمەد) بەفیشەک خۆی دەکوژرێت، بەپێی سەرچاوەیەکی ئاگادار ئەم ژنە، جگەلەوەی گرێی دەروونی هەبووە، کێشەی کۆمەڵایەتیش لەپشت هۆکاری خۆکوشتنەکەیەوەیەتی.■

بەهۆی کەوتنەوەی ئاگر سێ دوکان دەسوتێن

پ. قەڵادزێ

٢٠٠٥/١١/٢٧ لە شارۆچکەی قەڵادزێ سێ دوکانی بازرگانی ئاگریان تێبەربوو، لەئەنجامدا زەرەروزیانێکی مادی زۆری بەدواوە بوو، بەپێی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوت کە هۆکاری ئاگر کەوتنەوەکە شۆرتی کارەبا بووە.■

بۆ هەفتەنامەی چاودێر

پاش سڵاوم

لە ژمارەی ٥٤ رۆژنامە هەفتانەییەکەی چاودێرو لە پەرەی یەکەمیدا هەواڵێک نوسراوە کە تیایدا ئاماژە بە یارمەتییەکانی وەزارەتی رۆشنبیری دەکات بۆ هونەرمەندان(ئەو یارمەتییەی کە چیتر هونەرمەند بە هەژاری کار نەکات)

لە نێو ئەو هونەرمەندانەی ناویان هاتووە ناوی منیش جێگای گرنگییان بووە و ناوم هاتووە کە منیش یارمەتیم لە وەزارەتی رۆشنبیری وەرگرتووە. ئەوەی دەمەوێت باسی بکەم نەپاکانەیە بۆ هونەرمەند و نەبۆ وەزارەت، چ حەقێکیشم نییە کە تا چ ئەندازەیەک ئەم یارمەتییە بۆکاری هونەرییە یا نا، لەگەڵ ئەوەی کەئەمەش تەنها دیاردە نییە پەیوەست بێت بە کوردستان بەڵکو لە هەموو جیهاندا یارمەتی دەوڵەتی هەیە و پێی دەوترێت (state found) خۆ ئەگەر ئێمە دەوڵەتیش نەبین بەڵام خۆ وەزیروسەرۆک وەزیرانمان هەیە ئەوانیش قەڵەمیان هەیەو ئیمزای پێدەکەن بە نوسراوی رەسمی واتە ئێمە دەوڵەتین دەوڵەتێکی مۆدرێن کە یاسا سەروەرو دیموکراسی بەرکەماڵ و ئازادی لە لوتکەو سیستەمی فیدراڵ تاجە سەر کە هەموو ئەمانە هەبێت ئەی بۆ (یارمەتی دەوڵەتی)ش نەبێت.. بەڵام ئەوەی سەیرە لەم هەواڵەدا ئەوەیە کەویستراوە دیوێک لە ناحەقی و بێویژدانییەک دەربخات کە بۆ ئەو هەمووووو پارە زۆرە بۆ هونەر بە بێ پلان خەرج بکرێت، ئاخر راست دەکات (ناحەقی) فرە ناخۆشە وەک ئەو ناحەقییەی کاکی هەواڵ نووس دەرحەقم کردوویەتی کە گوایە من بری (بیست وپێنج ملیۆن و شەسەد هەزار دینار)م لە وەزارەتی رۆشنبیری سلێمانی پێدرابێت. هەر بۆیە پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە پەیوەندیم بە برادەری هەواڵ نووسەوە کرد وزۆربە هێمنی پێم وت:(کاک نەبەز من ئەو برە پارەیەم وەر نەگرتووە و تکایە ئەو هەواڵە زۆر ناراستەو ئەو رەقەمە زۆر زۆرە). ئەویش هێمنتر لە من و زۆر بە جوانی وتی:(بەڵێن بێت شوێن راستییەکان بکەوم و لە ژمارەی ئایندەی چاودێردا سەرجەم خوێنەران لە راستییەکان ئاگادار بکەمەوە بە داوای لێبوردنیشەوە). بەڵام ژمارەی تازەی چاودێر دەرچوو ، هیچم نەدی و هیچیان نەکرد و خۆیان بێدەنگ کرد وەک سوور بونێک لە سەر راستی هەواڵەکەیان. لێرەوە من بە حەقی خۆمی دەزانم سەرجەم ئەو جەماوەرو ئەو تاک و تەرایانەی ئەم جۆرە هەواڵانە دەخوێننەوە ئاگادار بکەمەوە کە هەواڵەکەی کاک (نەبەز محەمەد) لەوەرگرتنی ئەورەقەمە و ئەو بڕ پارەیە(بیست وپێنج ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار)ە زۆر بە سەهودا چووە..

هیوادارم جەماوەری ئازیز لەم مەسەلەیە ئاگادار بکەمەوە و بەو ئازیزەش بڵێم هونەرمەند ناسکە و زمانی شکات نازانێت، بەڵکو زمانی هەر بۆ هونەر جوانە گەر تەشریفتان رێگا بدەن.

لەدوواجاریشدا هەمووئەوپارانەبۆکاری هونەری وەرگیراوەنەک بۆ دروستکردنی باڵەخانەکانی سەرشەقامەکانی شارنەک بۆ کوشتارنەک بۆ سفرەو خوانی پڕلە خەیاڵتەنها بۆ هونەرە هونەر.■

دیاری قەرەداغی

پەژارەی هاووڵاتی

نامەیەکی کراوەو سکاڵا ئامێز بۆ هەردوو بەڕێزان
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

مەسعود بارزانی - سەرۆکی هەرێم

عەدنان موفتی - سەرۆکی پارلەمان

بەڕێزان..

ئێمە کۆمەڵێکی زۆر لە فەرمانبەرو کارمەندانی دامو دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانین، کەکاتی خۆی بەپێی یاساو رێنمایی سەرەمی حکومەت، خانومان لە رێگەی فەرمانگەکانەوە بۆ دابینکراوەو تیایدا نیشتەجی بووین، بەڵام لەدوای (٣١)ی ئابی (١٩٩٦) بەهۆی ئەو بارودۆخە نالەبارەی ئەو رۆژەوە ئێمەی کادرو لایەنگران و هەوادارانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەربەدەری شارەکانی سلێمانی و رانیەو کۆیە بووین، ئەوکاتە بەناچاری ماڵو منداڵمان بەجێ هێشتو بەدوای بیروباوەڕدا رۆیشتین بەم شێوەیە رێگە بۆ چەکداران و هەوادارانی پارتی تەخت بوو کەبێنە سەرماڵەکانمان و ژن و منالەکانمان بەزۆری زۆرداری لەماڵەکان دەرکەنە دەرەوەو خانووەکانمان داگیر بکەن و تاپۆی بکەن، بەشێکیش لەماڵەکانمان بەتاڵان بەرن یان بیانسوتێنن.

ئێستاش دوای ئەو هەموو دانیشتن و دانوستان و بڕیارە نادیارانەی هەردوو ئیدارەکە کەچی هەتا ئێستا باسی گەڕانەوەی خانووە حکومیەکان بۆ خاوەن ماڵەکان نەکراوە تەنانەت هەر نەشچوونە بەلایەوە و تا ئێستا هیچ حسابێکمان بۆ نەکراوە، کەچی رۆژانە لە تەلەفزیون و کەناڵەکانی راگەیاندنەوە لەزاری سەرکردە باڵاکانەوە گوێمان لەوتەو بڕیاری کاربەدەستانی هەردوو حکومەتەکەی هەرێم دەبێ کە گوایە بەتەمان هەردوو ئیدارەکە بکەن بەیەک، جا ئێمە دەڵێین: جارێ خانووەکانی خەڵک بدەنەوە و ماڵ لەخاوەن ماڵ حەرام مەکەن ئەوسا هەوڵی یەکخستنەوەو یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە بدەن یان داوا لەخەڵک بکەن بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، چونکە ئەم خەڵکە زەمانێکو ئێستاش هەر لەخزمەتی ئەو گەلەو هەوادارانی ئەم لایەنانەیەو لەسەر ئەم مەسەلەیەش دەربەدەر کراوە. هەربۆیە ئێمەش وەک پەندە کوردیەکە دەڵێ ئێستا وا هەست بەخۆمان دەکەین کە "لەقەلیش بووین و لەکۆتریش" یاخود "دەستمان لەبنی هەمبانەی بەتاڵ چووەتە دەرەوە".■

کۆمەڵێک فەرمانبەر - هەولێر

گرفتەکانی قوتابخانەی (سیدة زینب) لەشەنگار

■ ئایا ئەمەش بەشێک نییە لەگەندەڵی ئیداری حکومەتی عێراق؟

باوکی رامیار

سێ رۆژ بەر لە راپرسی من و نەقیب سەعدی هاورێم لەگەڵ سێ سەرباز لەسوپای نوێی عێراق ئاگادارکراین کەدەبێت پارێزگاری لەبنکەیەک بکەم کەلەناوەراستی شاری شەنگار کەشوێنەکەش قوتابخانەی سەرەتایی (سیدە زینب)ە، بەرلەوەی باسی قوتابخانەکە بکەم حەز دەکەم ئەو راستیە بۆ خوێنەر بخەمە بەرچاو کەبەراستی ناوچەی شەنگار بەجۆرێک پشتگوێ خراوە کەئەوپەری هەژاری و نائومێدی بەنێوچەوانی خەڵکەکەیەوە دیارە، بەبڕوای من ئەم پشتگوێ خستنە نەک هەر ناوچەی ئێزیدی لەبەرئەوەی ئایین و تەقالیدی جیاوازیان هەیە، بەڵکو گوندە عەرەبەکانیش حاڵیان لەهی ئێزیدیەکان باشتر نییە، وا بۆ دوو ساڵ دەچێت رژێمە هارەکە نەماوە، بەڵام بەداخەوە کاری ئیداری ئەو ناوچەیە تەواو ئیفلیجەو ئەو قوتابخانەیەی کەمن پێنج شەو لێی بووم نمونەی حاشا هەڵنەگری ئەو راستیەیە.

ئەگەر سەیری دەرگاو پەنجەرەکانی بکەی دەڵێیت لەوانەیە پاشماوەی سەدەکانی سەردەمی عەباسی بێ خۆ کورسی ئەو منداڵە رەش و روتانە یەک دانەی ساغی تیادا نییە، ئەگەر باسی (w.c)ەکان بکەم دەبێت بڵێم خوا فرسەتی ئەو منداڵانە بدات بۆ خۆیان و تەحەمولیان، شوێنی ئاو خواردنەوەی منداڵەکان هەرچی مەرجی تەندروستی بڵێیت تیا نەبوو، خۆ ژووری ئەو بەڕێوەبەرە کلۆڵە هەر مەپرسە شەش مانگ بەر لە نوسینی ئەم وتارە ئوتومبیلێکی مین رێژکراو لەبەینی ئەو قوتابخانەیەو لقی پارتی دیموکراتی کوردستان تەقیوەتەوە کەهێندەی تر قوتابخانەکەی نابوت و وێران کردووە.

کاتێک پرسیم لەبەڕێوەبەرەکە ئەم قوتابخانەیە بۆ وایە؟

وتی: تائێستا چەندجار نوسراوم کرووە بۆ پەروەردە، هەرجارەو بەبیانوویەک، دەڵێن: هیچ پارەمان نییە!

ئەوەی کەمایەی سەرسورمان بوو بۆ من، ماڵی قائیمقام دراوسێیەتی لەبەری سەرەوە لەگەڵ مەڵبەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، هەر لەبەری سەرەوەی قوتابخانەکە لەگەڵ لقی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبەشی خوارەوەی بێجگەلە ماڵی کەسایەتی ناسراوی ئێزیدی (قاسم شەشو) کەرێک بەرامبەر ئەو قوتابخانەیەیە، باشە بڵێی بەم هەموو لایەنە بەرپرسە تا ئێستا حاڵی ئەو قوتابخانەیە نەزانرابێت؟ ئەی باشە حکومەت و ئیدارە بۆ چییە، ئەگەر هەست بەقوتابخانەیەک نەکرێ کە ١٠ مەتر دوورە لەو بەرپرسانەوە؟

ئایا ئەمەش بەشێک نییە لەگەندەڵی ئیداری لەگەڵ هاتنی حکومەتی نوێی عێراق؟

شتی سەیرو سەمەرە دەبیستین و دەبینین، ئەم حکومەتە نوێیە لەنوکی پێی تا تەپڵی سەری غەرقی فەسادی ئیداری بووە، من خۆم بەهۆی پێشمەرگایەتی و ئێستاش بەهۆی سوپاوە زۆر شوێنی عێراق گەڕاوم و شتی زۆر سەیرو سەمەرەم بینیوە کەزۆر قێزەون و بێزارکەرن.

یەکێک لەوانە کەزۆر مایەی پێکەنینە ئەوەیەکە لەپرسگەی سەربازگەی کەسی دوو سەگ هەیە کەکاریان بۆنکردنە بەسەیارەوە بەر لەوەی بچێتە ناو سەربازگەکەوە، سەگەکان کار بۆ کۆمپانیایەکی بیانی دەکەن.

رۆژێک لەیەکێک لەو بیانیانەم پرسی: ئەم سەگە هیچ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ سەگی لای خۆمان؟

ئەویش وتی: نەخێر.

وتم: باشە ئەم سەگە پاداشتی چییە؟

ئەویش وتی: ٣٠٠٠$ لەمانگێکدا.

دەمێکم داپچڕی و هیچ قسەم بۆ نەکرا پاشان لەدڵی خۆمدا وتم: کار وابروات چی نەوتی رەشی عێراق هەیە بەشی موچەی سەگە بیانییەکان ناکات.■

بەڕێزان.. سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان
سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان - سلێمانی

ئێمە بنەماڵەیەکین خاوەنی (٤) شەهیدو (٢) ئەنفالین لەساڵی ١٩٨٨ ئاوارەی ئێران بووین لەدوای ئازادکردنی کوردستان گەڕاوینەتەوە ئێستا لەگوندی قەرەناوسەر بەپارێزگای کەرکوک نیشتەجێین پارچە زەویەکمان هەیە (٥) دۆنم و ١٣ ئۆلکە، (٣) دۆنمیمان کردوە بەکارگەی بلۆک (٣) هەزار مەتر چوارگۆشەی لەلایەن پۆلیسی فریاکەوتنەوە داگیرکراوە چەند جارێک خەڵکمان ناردە لای کاکە مەند حاجی کاکە رەش کەبۆمان چۆڵ بکەن ئەوانیش ئەم بەڕێزانە بوون: ١- کاک شالاو عەلی عەسکەری ٢- شێخ عومەر کاکە حەمە ٣- مەلا جەلالی سێ گردکان ٤- عبداللە ی لالە مەولود ئومەرگومەک، لەوەلامدا وتی: وەزیری ناوخۆ قبوڵ ناکات ئێمە ناچاربووین لە ٢٠٠٥/٢/١٥ سکالامان لەدادگای سلێمانی لەسەر وەزارەتی ناوخۆ بنوسین دوای چەندین جەلسەی مەحکەمە زەویەکە بۆ ئێمە گەڕایەوەو بڕیار درا ئەوان چۆڵی بکەن ئێمە چووین بۆ وەزارەتی ناوخۆ وتیان: ئێوە حەقی خۆتانەو پاشان چووین بۆ پۆلیسی فریاکەوتن کاکە مەند بەڕێوەبەری پۆلیسی فریاکەوتن نەک هەر ئامادە نەبوو چۆڵی بکات بگرە وەکو پێویست قسەی لەگەڵدا نەکردین دوای چەند رۆژێک چووینەوە سەردانی پۆلیسی فریاکەوتنمان کرد، پەیمان دەڵێن: دوای هەڵبژاردن وەرنەوە لێتان دەکرینەوە.

کاربەدەستانی خۆشەویست.. ئێمە ئەو جێگایەمان داناوە بیکەینە ئوتێل و چێشتخانە بەهیچ شێوەیەک نایفرۆشینەوە بەهیچ کەسێک، ئەوان بەناوی حکومەتی هەرێمەوە قسە لەگەڵ ئێمە دەکەن و هەڕەشەی گرتن و زیندانی کردنمان دەکەن، ئەگەر ئەمر نەفەرمون بۆمانی چۆڵ بکەن ئەوا ئێمە بەناچاری دیسانەوە کوردستان بەجێ دێڵین تاکو داگیرکاری بمێنی ناگەڕێینەوە کوردستان. ئیتر سوپاس لەگەڵ رێزی زۆر بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و شۆڕشی نوێ.■

مەعروف حەسەن ئەحمەد

سکاڵای پێشمەرگەیەکی دێرین

ئەوەی لەم سکاڵایە سەبارەت بەدامەزراندنی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی هەولێر بەرجەستەی دەکەم، راستیەکی حاشا هەڵنەگرە، بەوەی کەهەر لەسەرەتای دروست بوون و بیرۆکەی دامەزراندنیدا بەندە لەگەڵ کۆمەڵێک هەڤاڵی تری هاوخەباتی شاخ زەمینە سازیمان بۆکردو لەم پێناوەدا هەوڵی زۆرماندا، بەڵام کاتێک هاتە سەر حازرەکی و پێکهێنانی دەستەیەک بۆ بەڕێوەبردنی ئەم کۆمەڵەیە، ئێمە پەراوێز خراین، کەنەک هەر ئێمەی خاوەن بیرۆکەی دامەزراندن و خۆبەخشکەر، بەڵکو زۆرێک لەپێشمەرگە دێرینەکانی ئەم شارە بێ ئاگان و بەداکۆکیکاری مافەکانیانی دانانێن..! لێرەوەو لەم چەند خاڵەدا سکاڵانامەکەم راقە دەکەم بەوەی کەهەرکەس و لایەک لێی ئاگادار بن.

- لەسەر راسپاردەی مەڵبەندی سێی رێکخستنی هەولێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان ناوی سەرجەم (پ.م)ە دێرینەکانی هەولێرم لەلیستێک نوسی و بەئامادەکراوی خستمەروو.
- بەر لەپێکهێنانی کۆمەڵەکە، لەماڵی خۆم چەندین کۆبوونەوەی ئامادەکاری و پێشوەختمان ئەنجامدا.
- بەهاوکاری هەڤاڵە دێرینەکانم زنجیرە سەردانێکمان بۆ مەڵبەندو بەرپرسانی تایبەت بەکاری پێشمەرگە ئەنجامدا.

ئەوەی جێی سەرنج و ئاماژە پێکردنە سەبارەت بەوەی کەهەوڵەکانی ئێمە لەبەرچاو نەگیرا.. پەراوێزیش خراین..!!

کە لە راستیدا هەقوایە کۆمەڵەی (پ.م)ە دێرینەکان بەهەق هەڵگری پەیامی تێکۆشەران بێت و لەئاست گەورەیی ناوی پێشمەرگەدا بێت.. نەک ناوێکی بێ ناوەرۆک و ئاست نزم!!■

پێشمەرگەی دێرین
عومەر بابە گەڵاڵی - هەولێر



خەڵك و حکومەت

گرانفرۆشی و رۆڵی حکومەت

گران فرۆشی لەبازارەکانی هەرێمی کوردستان بەگشتی و سلێمانی بەتایبەتی سەرجەم شمەک و بوارەکانی گرتۆتەوە، بەتایبەت نرخی خۆراکی رۆژانەو کەلوپەلو گواستنەوە، نرخیان زۆر گران بووە.

بەڵام زۆر سەیرە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبری ئەوەی چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ ئەم کێشەیە بدۆزێتەوە، هەڵساوە بەداخستنی هەندێ دوکان لەناوچە جیاجیاکان و لەسەر لافیتەیەک دەنوسێ ئەم دوکانە گران فرۆشی کردووە.

ئایا گران فرۆشی لەدوکاندارەکانەوە سەرچاوە دەگرێ یان ئەو بازرگانانەی کەئەو شمەکانە لەدەرەوەی هەرێمەوە دەهێنن؟

ئەرکی سەرشانی حکومەتی هەرێمە وەڵامی ئەو پرسیارە باتەوەو چارەسەری گونجاو بۆ ئەم کێشەیە دابنێ بەتایبەت کەئێستا نرخی دراوی عێراقی لەبەرامبەر دراوە بیانیەکان لەچاو ساڵانی نەوەدەکاندا بەرزبۆتەوەو شێوە جێگیرییەکی پێوە دیارە، هەروا ئەو شمەکانەش کەئێستا دێنە کوردستان هیچ گۆرانکارییەکیان بەسەردا نەهاتووە لەرووی چۆنیەتییەوە لەچاو ئەو شمەکانەی لەساڵانی رابردوودا دەهێنران.

حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین جار ئەوەی دوپاتکردۆتەوە کەسیاسەتی بازاری ئازاد پەیرەو دەکا لەهەرێمی کوردستاندا، بازاری ئازادیش ئەوە دەگەیەنێ کەحکومەت دەست وەرنادا لەبازارو نرخی شمەکیش بەپێی خواست و خستنە روو دیاری دەکرێ، باشە کەسیاسەتی بازاری ئازاد پەیرەو دەکرێ ئەم داخستنی دوکانانە بۆ؟

لەلایەکی ترەوە، دەبێت رۆڵی حکومەت لەبازاری ئازاددا چی بێ؟

ئایا رۆڵی تەنها داخستنی دوکانە لەسەر گران فرۆشی، یان چاودێری کردنی ئەو شمەکانەیە کەدێنە ناو هەرێم لەرووی چۆنیەتی و بوونی مەرجە تەندروستیەکان تیایانداو رێگەنەدان بەهێنانی ئەو شمەکانەی ئەو مەرجانەیان تیا نییەو زیان بەتەندروستی هاوڵاتیان دەگەیەنن؟ لەم رووەوە حکومەتی هەرێم شکستێکی گەورەی هێناوە، چونکە چەندین شمەک لەبازاردا دەبینرێ کەماوەی بەکارهێنانیان بەسەرچووە و کوردستان بۆتە بازاری ساغکردنەوەی ئەو کەرەستانە. هەروا سەرجەم شمەکەکان لەرووی چۆنیەتیەوە زۆر خراپن و بەجۆرێک شمەکی وا خراپ لەبازاری هیچ وڵاتێکدا بەدی ناکرێ!

رۆڵێکی دیکەی حکومەت لەبازاری ئازاددا خولقاندنی کەشێکی گونجاوە بۆ سەرهەڵدانی کێبرکێ لەنێوان بازرگانەکان لەرووی دابەزاندنی نرخ و باشکردنی جۆری ئەو شمەکانەی دەیانهێنێ، بەڵام حکومەتی هەرێم لەمەشدا سەرکەوتوو نەبووە لەجێبەجێکردنی بنەماکانی بازاری ئازادو رۆژ بەرۆژ نرخی شمەکەکان بەرز دەبنەوە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ قۆرخ کردنی بازاڕ لەلایەن هەندێ بازرگان و حکومەتیش رۆڵی سەلبی لەم بوارەدا گێڕاوە، چونکە گومان دەکرێ حکومەت رۆڵی هاوکار ببینێ لەقۆرخ کردنی بازار لەلایەن هەندێ بازرگانەوە، چارەسەر کردنی ئەم کێشەیەش بەوە دێتە دی کەئەو قۆرخ کردنە کۆتایی پێ بهێنرێ و رێگە بەهەموو بازرگانێک بدرێ بەئازادانە شمەک بهێنێ و ئاسانکاری بۆ کەس نەکرێت و رێگەش لەکەس نەگیرێ لەهێنانی شمەکەکان هەروا گومرگیش لەسەر ئەو شمەکانە کەم بکرێتەوە یان لا ببرێت کەپەیوەندیان بەژیانی رۆژانەی هاوڵاتیانەوە هەیە، رێگەیەکی دیکەش بۆ دابەزاندنی نرخ، حکومەت دەتوانێ وەکو بازرگانێک رۆڵ ببینێ لەهێنانی ئەو شمەکانە لەدەرەوەی وڵات و فرۆشتنیان لەبازارەکانی هەرێمی کوردستان بەنرخێکی گونجاو تا بازرگانەکانیش ناچار بکات نرخی شمەکەکانیان دابەزێنن و زیادەی زۆری نەخەنە سەر.■

ئاریان کامیل

وەرگێرانێك لەزمانی ئنگلیزەوە

ئەمریکا و بەدیموکراتیزەکردن

و. لە ئینگلیزییەوە
عەزیز رەئووف

Guardian

ئەوەی ئێستا لەسەر ئاستی جیهاندا روو دەدات بێوێنەیە و لە هیچ سەردەمێکدا هێندەی ئێستا باس لە چەمکی "دیموکراتی" نەکراوە. زۆرێک لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەراست و جیهانی سێیەم بەدەست دیکتاتۆر و ستەمکاری وڵاتەکەیانەوە دەناڵێنن.

سەرۆک بۆش بەئومێدە

باسکردن لە چەمکی دیموکراتی لەسەر ئاستی لۆکاڵ و لەسەر ئاستی یونیڤێرساڵ زۆر جیاوازە. بە مانایەکی تر لە رابردوودا باسکردن لە چەمکی دیموکراتی تەنها ئاستی لۆکاڵی وەرگرتبوو بەڵام ئیستا زلهێزەکانی جیهان باس لە بلاوکردنەوەی دیموکراسی لەسەر ئاستی جیهاندا دەکەن.

یەکەمجارە لە سەر ئاستی دنیادا کە سەرکردەیەکی وەک سەرۆک بووش وابە راشکاوی باس لە بڵاوبوونەوەی چەمکی "دیموکراسی" لە دنیادا بکات. سەرۆک بووش پراکتیزەکردنی چەمکی "دیموکراتی" و "ئازادی" لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە زەرور دەزانێ و بۆ ئەو مەبەستەش ئۆپراسیۆنی سەربازی بۆلەناوبردنی دیکتاتۆرەکان ئەنجام داوە. بەڵام عەرەبەکان ئەم هەنگاوەی ئەمریکا بە یارمەتیدانی ئیسرائیل تاوانبار دەکەن. بەڵام هەوڵدان بۆ بنەبڕکردنی تیرۆرستان لە عیراقدا خەریکە ئەو گومانە دەڕەوێنێتەوە.

گلەیی سەرکردە عەرەبەکان لە سەرۆک بۆش و کۆشکی سپی ئەوەیە کە سەرۆک بۆش سەپاندنی دیموکراسی بە لەناوبردنی رژێمەکان دەست پێدەکات. بەمانایەکی تر سەرۆک بۆش بۆ سەپاندنی دیموکراسی هەوڵ دەدات سەرکردەکان لابەرێت وەک ئەوەی لە عیراقی سەددام حسێن و ئەفغانستانی مەلا عومەر و بن لادندا بینیمان. بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: ئایا ئۆپراسیۆنەکانی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بە فۆرمێکی سەربازی دەتوانێ چەمکەکانی وەک "ئازادی" و "دیموکراتی" بسەپێنێت؟ ئەم پرسیارە لەکاتێکدا سەرهەڵدەدات کە چەکدارەکانی قائیدە لە عیراق و ئەفغانستان بەردەوامن لەسەر چالاکییەکانیان دژ بە ئەمریکییەکان. ئەمەش بەتەواوی لە ئێستای شەقامی عیراقدا بەرچاو دەکەوێت کە تەقینەوە و کارە خۆکوژییەکان بەجۆرێکە کە تەواو ژیانی مەدەنی ئەو وڵاتەی شێواندووە.

ئەم هەنگاوە بەدیموکراتیزەکردنەی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و وڵاتە عەرەبییەکان بە تایبەتی تەواو جوڵەی خستووەتە نێو سەرکردە و رژێمەکانەوە. زۆرێک لەو وڵاتانە قانونی وڵاتەکەیان دەگۆڕن. بۆ نمونە وەک ئەوەی لە کوێتدا بینیمان کە چۆن ئەو وڵاتە رێگەی بە ئافرەتاندا کە بەشداری دەنگدانی پەرلەماندا بکەن کە پێشتر ژنانی ئەو وڵاتە بۆیاننەبوو لە هەڵبژاردندا بەشداری بکەن. کە ئەم هەنگاوەی کوێت بەسەرەتایەک دادەنرێت بۆ بنیادنانی دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی. یان نمونەیەکی تر سعودییەیە، کە تەنها پیاوان بۆیان هەبوو بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەن، بەڵام یاسایەک لەو وڵاتە دەرچووکە ئافرەتیش بۆی هەبێت دەنگ بدات وەک لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ئەو دواییەی سعودیەدا بینیمان.

ئەم هەنگاوە بەدیموکراتیکردنانە زۆرێک لە وڵاتانی گرتۆتەوە و زۆرێکیش هەوڵی ریفۆرم لە دەسەڵاتی سەرۆکایەتی و ماوەی سەرۆکایەتی دەدەن وەک ئەوەی لە مسری حوسنی موبارەکدا خەریکە بەدەردەکەوێت.

هەموو ئەم هەنگاوانە سەرەتایەکی دیارە بەوەی کە ئەمریکا لە ناوچەکەدا گۆڕانی ریشەیی دەوێت. ئۆپراسیۆنی ئەمریکا لە عیراق و ئەفغانستان ئەوەی پیشانی دیکتاتۆرەکانی ناوچەکەدا کە گەر ئەو مێژووە دوبارە بکەنەوە ئەوا چارەنوسی ئەوانیش لە سەددام و بن لادن باشتر نییە.■

گەشتەکەی تاڵەبانی و کۆتایهاتنی کێشەیەکی ٥٠٠ ساڵە

و: حەمەپشدەری

BBC PERSIAN.com

سەرۆک تاڵەبانی

سایتی BBC Persian وتارێکی رۆژنامەنوسی سەربەخۆی ناسراوی ئێران مەسعود بەهنودی لەبارەی گەشتەکەی تاڵەبانی بۆ ئێران بلاوکردۆتەوە.

مەسعود بەهنودی رۆژنامەنوسی سەربەخۆی ناسراوی ئیران لەوتارێکیدا کە هاوکات لەچەند سایتێکی فارسیدا بلاوکرایەوە، وتارێکی سەبارەت بە گەشتە دیبلۆماسییەکی تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق نوسی لەژێرناونیشانی (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات و کۆتایهاتنی ئاستەنگێکی ٥٠٠ ساڵە).

لەدەستپێکی وتارەکەدا ئاماژە بۆ مێژووی ناکۆکییەکانی ئێران لەگەڵ ناوچە دراوسێکانیدا کراوەو دیرۆکی ئەم ناکۆکیانەی بۆ پتر لە (٥٠٠) ساڵ لەمەوپێش گەڕاندۆتەوە، واتا ئەو کاتەی شائیسماعیلی سەفەوی بەزەبری شمشێر حکومەتێکی شیعەی لەئێراندا دامەزراند، دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆری عوسمانی و دواتر دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عیراق، سەرەتای ململانێ و دوژمنایەتی هەردوو وڵاتەکە دەستی پێکردو لەدەیەی هەشتادا گەیشتە لوتکەی خۆی.

هەروەها بەهنود لەکۆتایی وتارەکەدا دەڵێت: گەشتەکەی تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عیراق کە بەفارسی لەگەڵ کەمال خەرازیدا دوان، چاویان بڕیوەتە رۆژانێکی باشتر بۆ هاریکاریی، ئەگەرچی ئێرانیش مەرجی هەیەو ئەویش دەرکردنی سەربازە بێگانەکانە لەعیراق، ئەو مەرجەی کە رەنگە حەزی دەوڵەتمەدارانی عیراقیش بێت بەڵام کاتی باسکردنی نەهاتووە.■

٢١١١ مارینز لە عیراق کوژراون

چاوان محمد

مارینزەکان لە کوردستان گیانیان پارێزراوە

پاش ئەوەی ئەمریکا لە ٢٠٠٣/٤/٩ و بەناوی رزگارکەرەوە هێزەکانی خۆی ناردە ناو خاکی عێراق و بەو بیانووەی کەعێراق چەکی کیمیاوی و کۆمەڵ کوژی هەیە...، ئیتر لەوساوە خەتەوە هەندێک ئەمریکا وەک رزگارکەر تەماشا دەکەن و هەندێکی تریش بەپێچەوانەوە وەک داگیرکەر ناوی دەبەن، بەتایبەتی لەلای ئەوانەی کەتاکو ئێستاش چاوەڕێی ئەوەن رۆژێ لەرۆژان سەدام بگەڕێتەوە سەر کورسی دەسەڵات، بۆیە دەبینین لەوساتەوە عێراق و هاوڵاتی عێراقی بۆ چەند ساتێک چێژ لەئارامی نابینن، بەهۆی ئەوکردەوە خۆکوژی و ئوتومبیلی بەمینچێنراو... هتد، کەلەلایەن کەسانی ناحەزو دوژمن بە دیموکراسی لەعێراقدا بەئەنجام دەگەیەنرێت. وەنەبێ ئەم کردەوانە تەنها دەرهەق بەسەربازان و ئاسایش و پۆلیس بکرێت، بەڵکو بەرامبەر خەڵکی بێتاوان و ستەم دیدەی سەرجەم عێراق دەکرێت، لەم کردەوە تیرۆریستیانەش هێزەکانی ئەمریکا بەدەرنین لەقوربانی، لەیەک رۆژی لێدانی عێراقەوە تاکو ئەمرۆکە ئەوانیش بردەوام قوربانی دەدەن هەرچۆنێک بێت لەوانەیە قوربانیەکانی ئەوان هێندەی عێراقیەکان نەبێت، بەڵام گەر بەووردی تەماشا بکەین لەسەرەتاوە تاکو ئێستا ژمارەی قوربانیانی هێزەکانی ئەمریکا رۆژ بەرۆژ لەزیاد بووندایە بەبەراوورد لەگەڵ پێشوودا، بەڵام دەبینین کەئەمریکا بەردەوام نکوڵی لەوە دەکات کەلەعێراقدا بکشێتەوە، وای بۆ دەچم کەلەلایەک ئەمریکا گەر بکشێتەوە لەم بارودۆخەدا بێگومان بەشکست لەقەڵەم دەدرێت و لەلایەکی تریشەوە هێشتا ئەمریکا زۆر پرۆژەی خۆی ماوە کەنەخشەی بۆ کێشاوە لەم وڵاتەدا جێبەجێی بکات و بەهەمیشە هەوڵ دەدات کردەوە خۆکوژی و کارە تیرۆریستیەکان بەهەر رێگەیەک بووە لەوڵاتەکەی خۆی دوور بخاتەوە ئینجا بەهەر شێوازێک بێت گەر ئەو شێوازە بەزیادبوونی ژمارەی قوربانیانی سەربازەکانیشی بێت، هەروەها سیاسەتی ئەمریکاش وەهایە کەخۆی وەکو زلهێزێک پیشان بدات و لەهەوڵی بەدیموکراسی کردنی عێراقدایە، بۆیە بەردەوام بوونی کارە تیرۆریستیەکانیش لەعێراقدا وادەکات کەئەمریکا زیاتر پێ دابگرێ لەسەرمانەوەی هێزەکانی لەعێراقدا بەبێ گوێدانە زیادبوونی ژمارەی قوربانیەکانی.■

REUTERS KNOW. NOW.

کوردەکان خۆیان بۆ هەڵبژاردن ئامادە دەکەن

کامەران ساڵەیی/کەرکوک

VOA A TRUSTED SOURCE OF NEWS AND INFORMATION SINCE 1942

سایتی VOA رۆژی ٢ی ئەم مانگە لەبارەی رۆڵی کوردەکان لە هەڵبژاردندا راپۆرتێکی تێرو تەسەلی لەبارەی خۆئامادەکردنی کوردەکان بۆ هەڵبژاردنەکەی ١٥ی ئەم مانگە بلاوکردۆتەوە. لەو راپۆرتەدا لەبارەی یەکێتی و یەکریزی کوردەکانەوە دواوە و باسی لەوە کردووە لە هیچ هەڵبژاردنێکدا هێندەی ئەم هەڵبژاردنە کوردەکان بە یەکریزی نەهاتونەتە گۆڕەپانی هەڵبژاردنەوە.

بەشداریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ کوردەکان لەم ئان و ساتەدا لە هەموو ئان و ساتێک گرنگتر و چارەنوسسازترە، بەو پێیەی هەڵبژاردنی ئەم جارە لە ئان و ساتێکدایە کە دەستور نوسراوەتەوە و دەسەڵاتی کاتی لە عیراق کۆتایی هاتووە و ئەمجارەیان هەڵبژاردنێکی سەرۆکایەتیە و بۆ ماوەی چوار ساڵە. هەربۆیە کوردەکان لەکوردستانی عیراق هەست بەو لێپرسراوێتییە دەکەن بۆیە دەیانەوێت بە دەستەجەمعی بەشدارییان هەبێت.

ترسی کوردەکان لە هەڵبژاردن و دۆڕاندنی ئەوەی بەدەستیان هێناوە لە بەغدا لەبەردەم ئەگەری زیاتردایە، بەو پێیەی ئەمجارە سوننەکان بایکۆتی هەڵبژاردنەکەیان نەکردووە و لەوپەڕی ئامادەباشیدان. ئەمەش بۆ کوردەکان حەساسە بەو پێیەی کە رەنگە وەک هەڵبژاردنەکەی ٣١ی کانونی دووەمی سەرەتای ئەمساڵ کوردەکان نەتوانن پۆستی باڵا لە عیراق بەدەست بێنن و دووەم هێز بن لە عیراق.

هەر لەو راپۆرتەی VOA دا هاتووە بەشداری کوردەکان لەم پرۆسەیەدا رەنگە بتوانێت هاوکێشەکە لە نێوان سوننەکان و شیعەکاندا بگۆڕێت بەو پێیەی کوردەکان لەگەڵ سوننەکاندا لە ململانێی گەورەدان کە کامیان دوای شیعەکان دەتوانێت پۆستی دووەم لە عیراقدا بەدەست بێنێت.■

سوننەکان بەشداری هەڵبژاردن دەکەن

سەردەشت حەمەسالح

AP Associated Press

ئاژانسی associated press رۆژی ١٢/١ بابەتێکی لەبارەی بەشداری کارای سوننەکان لەهەڵبژاردنی ١٢/١٥دا بلاوکردۆتەوە، کەئەمەش رەنگە لەدەسەڵاتی تیرۆریستان کەم بکاتەوە.

سوننەکان لەیاخیبوونەوە بۆ هەڵبژاردن

بێگومان ئەم هەڵبژاردنە کەدەسەڵاتی چوار ساڵ دیاری دەکات بۆ عێراق، ئەمە خۆی لەخۆیدا زیانی باش دەگەیەنێ بەتیرۆریستان، بەڵام لەو بڵاوکراوەیەی کەئاژانسی (associated press) باس لەوە دەکات کەگوایە بەشداری کردنی سوننەکان کردەوە تیرۆریستیەکان کەم دەکاتەوە، ئەمەش راستی چەند بارە دەکاتەوە کەسوننەکان پاڵپشتێکی بەهێزی تیرۆرن، من رام لەگەڵ ئەوەدا نییە کەسوننە بەشداری هەڵبژاردنی کرد ئیتر تیرۆر کەم دەبێتەوە، بەپێچەوانەوە ئەوان لەبێدەسەڵاتیدا پشتی تیرۆریان بەرنەداوە، جا وەرە دەسەڵاتیش بەدەست بهێنن، بۆیە ئەمجارە کەسوننە بەشدارە لەم هەڵبژاردنەدا، زیاتر مافە نەتەوەییەکانی دیکەی عێراق هەستیار تر دەبن، دەبێ کورد ئەمجارە زۆر بەباشی و بەزۆری بچن بۆ دەنگدان، چونکە پێویستی زۆری بەدەنگەکانە هەتا لەپەرلەماندا بتوانێ بەربگرێ لەو موئامەرانەی کەبەرووی کورددا دەدرێن، چۆن جاران پێشمەرگە بەئازایەتی و چەک بەرەنگاری دەکردو داوای مافەکانی دەکرد، ئێستا ئەو خەباتە گۆڕاوە بۆ عەقڵ و ژیری لەبری تفەنگ و گوللە، پەرلەمان هەیە، کەوابێ دەبێ لانی کەم ئەگەر رێژەی کورسیەکانی پەرلەمانمان زیاد نەکەین نابێ بهێڵین کەم بکرێنەوە، بەتایبەت لەم هەلومەرجەدا کەتەواوی هەوڵ و کۆششی دوژمنانی کورد لەگۆڕێدایە بۆکەم بەشداری کردنی گەلی کورد، بەڵام ئێمەش دەبێ لەرێگەی راگەیاندنەکانمانەوە میللەتەکەمان لەو مەسەلەیە وشیار بکەینەوە.

لەکۆتاییدا من زۆر زیاتر گەشبینم لەهەڵبژاردنەکانی پێشوو لەم هەڵبژاردنەدا، چونکە ئەوانەی پێشووتر رەشنوسی دەستوریان بەدڵ نەبووە نگیان نەدا، بەڵام دەستورەکە پەسەند کراو، بۆیە ئەمجارە پاساویان نامێنێ مەسەلەکە بۆ کوردە، بۆ لەدەست نەدانی تەواوی ئەو سەرکەوتن و دەستکەوتانەی بەدەستمان هاوردون.■

کلنتۆن پێی وایە کوردستان باشترین شوێنە

دانا حەمید

CBS NEWS

سایتی CBS News رۆژی ٢٩ی نۆڤەمبەردا هەواڵێکی بیڵ کلینتۆن سەرۆکی پێشوی ئەمریکا پێشنیاری ئەوەی کردوە کە پێویستە هێزە ئەمریکیەکان لە عیراق بۆ ئەوەی گیانیان پارێزراو بێت بچنە هەرێمی کوردستان و لەوێ جێگیر بن. سەرۆکی پێشوی ئەمریکا پێی وایە کوردستان ئەمینترین شوێنی عیراقە و پێویستە هێزە ئەمریکییەکان لە کوردستان مۆڵگە دابنێن و لەوێوە چاودێری عیراق بکەن.

بیل کلنتۆن سەرۆکی پێشووی ئەمریکا

ئەم پێشنیارەی سەرۆک کلنتۆن هەروا لەخۆوە نییە. ئەو باش دەزانێت لە ماوەی ١٤ ساڵی دەسەڵاتی کوردەکان لە باکوری عیراق و لە هەرێمی کوردستان جۆرە ئارامییەکی خولقاندووە کە تەواو جیاوازە لە باشور و ناوەڕاستی عیراق، ئەمەش بەو پێیەی کە عیراق ئێستا بۆتە لانەی تیرۆر و تیرۆرستان و بەسەدان مارینزی ئەمریکی کە ژمارەی ئەمریکیە کوژراوەکان لە عیراق گەیشتۆتە زیاد لە ٢٠٠٠ مارینز و رۆژ بەرۆژ زیاد دەکات. ئەو هەموو قوربانییە لە عیراق تەنانەت یەک مارینزیش لە کوردستانی عیراق دلۆپێ خوێنی نەرژاوە. واتە لەماوی دوو ساڵ و هەشت مانگی بوونی مارینزە ئەمریکیەکان لە عیراق هەرێمی کوردستان پارێزراوترین و بێ کێشەترین شوێن بووە.

ئەم پێشنیارەی سەرۆک کلنتۆن سەبارەت بە چوونی مارینزە ئەمریکییەکان بۆ کوردستان مایەی خۆشحاڵییە بۆ گەلی کوردستان کە گەلێکە هاوپەیمانانی خۆی خۆش دەوێت و گەلی کورد گەلێکە تیرۆر و تیرۆرستان قبوڵ ناکات.■

سستی لەدابەشکردندا هەیەو ئەو کتێبانەشی کە چاپکراون بەشی سەرجەمی خوێندکاران دەکەن

بەدواداچوونێک لەسەر دابەشکردنی کتێبو گۆڕینی سیستمی پەروەردەو خوێندن

بەدواداچوونی: ئاکام ئارام

چۆن قسەکردن لەسیستمی پەروەردە کارێکی ئاسان نییە، ئاوەهاش گۆڕینی تەواوی ئەو سیستمە پێویستی بەچەندین شێوازو کەسانی پسپۆڕو بەئەزموون هەیە بۆ ئەوەی بتوانن لەسیستمێکی کۆنو نەگونجاوەوە بۆ سیستمێکی مۆدێرن، کە لەگەڵ سەردەمی ئەمرۆماندا بگونجێت، بگۆڕن. دەبێت تاکی ئەو کۆمەڵگایە لەگەڵ سیستمە دەوڵەتییەکەیدا باوەڕی تەواویان بەوەهەبێت کەسیستمی پەروەردە بەبەردەوامیو بەپێی ئەو گۆڕانانەی لە بوارەکانی زانستو سیاسەتو فکردا... روودەدات چاکسازی تیابکرێ،و پێویستیشی کرد بەبێ دوودڵی بیگۆڕن.

دوای کۆششێکی زۆری وەزارەتی پەروەردەی هەردوو ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، توانرا دوای چەند ساڵێ هەندێک لە وانەکان بگۆڕێن یان چاکسازییان تیادا بکرێت، ئەم دەسکاریکردن و گۆڕینە چ لەلایەن پسپۆڕانی پەروەردەیی و چ لەلایەن مامۆستاو رۆشنبیران و خەمخۆرانی پەروەردەییمانەوە بووبێت، مشتومڕێکی زۆری هێناوەتە ئاراوەو هەریەکەیان بەپێی تێڕوانین و ئەو لێزانینەی هەیانە سکاڵاو داخوازی و پێشنیاریان بۆ لایەنی پەیوەندیدارو بڵاوکراوەکان بەرزکردۆتەوەو ناردووە، لەم رووەوە گەلێک لە مامۆستاو بەڕێوەبەری خوێندنگەو چەند لایەنێکی پەیوەندار بەومەسەلەیەمان دواندووە..

گۆڕینی بەشی کوردی گۆڕانکاری تیادا نەکراوەو هەڵخەڵەتاندنە

سەرەتا مامۆستا مەجید رەسوڵ بەڕێوەبەری ناوەندی قازی محەمەد وتی:

بەشی کوردییەکەی ئەوەنەبێت کراوە بەدوولەتەوە هیچ شتێکی تری لێنەکراوە، چەند ساڵە ئەو پسپۆڕە پەروەردەییانەی خەریکی گۆڕینی ئەو وانانەن، بەتایبەتی کوردی چییانکردووە، گۆڕینی بەشی کوردی گۆڕانکاری تیا نەکراوەو هەڵخەڵەتاندنە.

تەنها وێنەکەی سەدام گۆڕاوە!

لەوانەیەکی تردا بەهەمان شێوە مامۆستایەک پێیوابوو قورسەو لە شوێنی خۆیدانییە بووترێت گۆڕان لەهەندێک وانەدا کراوە، بەتایبەتی لە وانەی ئینگلیزیدا.. لەمرووەوە بەسۆز عەبدولعەزیز مامۆستای بەشی ئینگلیزی لە ناوەندی قازی محەمەد وتی:

گۆڕانکاری جدی لەوانەی ئینگلیزیدا نابینم، سەرەتاییترین شت دەبوایە بۆ قۆناغەکانی خوێندن جیاوازی بکرایە، بەڵام نەکراوە، گۆڕان لە وانەی ئینگلیزیدا بەتەنها وێنەکەی سەدامە، ئەگەر بەپێی مەنهەج بڕۆم لەوانەی ئینگلیزیدا خوێندکارەکانم بە تەنها فێری چاک و چۆنی دەبن.

هوشیار خاڵ- بەڕێوەبەری گشتی پرۆگرام

بەپێچەوانەی هەندێ لەو بۆچوونانەی پێیانوابوو گۆڕانکاری تەواو لە هەندێ وانەدا نەکراوە، عەدنان عەبدولڕەحمان مامۆستای بەشی بیرکاری گەیشتبووە ئەو بڕوایەی گۆڕانکاری باش لە وانەی بیرکاریدا کراوەو زۆر ئاسان بووە. لەرووییەکی ترەوە مهاباد حەسەن مامۆستای کۆمەڵایەتی وانە گۆڕاوەکەی بەقورس زانی بۆ خوێندکاران، بەڵام تەئکیدیکردەوە گۆڕانکاری تیاکراوە.

هوشیار خاڵ پێیوایە گلەییەکان لەجێی خۆیاندا نییە

هوشیار خاڵ بەڕێوەبەری گشتیی پرۆگرام و نەخشەکێشان پێی لە سەر ئەوە داگرت ئەو گلەییانەی لێمان دەکەن هیچی لە شوێنی خۆیدانییەو بێ ئاگان، چونکە ئێمە کارمان کردووەو بەرهەممان هەیە، لەمرووەوە بەمشێوەیە دوا:

وانەی کۆمەڵایەتیمان لە(٤)و (٥)ی سەرەتاییەوە گۆڕیوە لە سێ کتێبەوە کردومانە بەیەک کتێب، مێژووی (٤)و(٦)مان لە بنەڕەتەوە گۆڕیوە. کوردی (٢)و(٣)ی ناوەندی گۆڕانکاری تیاکراوە، ئینگلیزی (٣)و (٤)ی سەرەتاییمان گۆڕیوە، ئەو مامۆستایانەی دەڵێن گۆڕان لە وانەکاندا نەکراوە راست نییە، ئەی ئەمە گۆڕان نەبێت چییە. بەڕێوەبەری دواناوەندی ئەکرەم قەزازی کچان ئیمان عەلی بەوباوەڕە گەیشتبوو ئەو گۆڕانکارییانەی لە وانەکاندا کراوە لە چاو جاراندا زۆر باشەو جێی دەستخۆشییە، بەڵام دەکرا وانەکان وادابڕێژرایەتەوە دەرخکردنی تیادا نەمایە. زۆربەی مامۆستاکان لەسەر ئەوە کۆکبوون بەتەنها گۆڕینی وانەکان بەس نییە بۆ ئەوەی سیستمی پەروەردە لەو هەموو کۆنیو دواکەوتووییە پاکبکرێتەوە، چاکسازیکردن لە سیستمی پەروەردەدا پێویستی بەباشترکردنی وەزعی مامۆستایان و بینای زۆرترو رێکوپێکتر هەیە کە لەگەڵ ئارەزووی قوتابیان و خوێندکاراندا بگونجێت.

شەش ملیۆنو نیو کتێب گۆڕانکاریان تیا کراوە

هوشیار خاڵ ئەو کۆسپانەی بەردەم بەڕێوەبەرایەتییەکەی بۆ زۆر لایەنی پەیوەندیدارو بەڕێوەبەرایەتی گێڕایەوە کەلە کارکردندا پێویستیان بەیەک دەبێتو بەیەکەوە تەواوکەری ئەو کارانەن کە لە ئەستۆیانە، لەمرووەوە وتی:

ئەو کتێبانەی گۆڕانکارییان تیا کراوە ژمارەیان شەش ملیۆنو نیوە بۆ ئیدارەی سلێمانی، چاپخانەکانی هەرێمی کوردستان توانای ئەو ژمارە زۆرەی چاپکردنی کتێبانەیان نییەو دەبێت پەنابەرینە بەر بەغدا، لەوێش کارەکان بەقورسی دێت بەدەستەوە.

بەڕێوەبەری گەنجینەکان بەکەمتەرخەم دادەنرێ

لەلایەکی ترەوە بەڕێوەبەری گەنجینەکانی پەروەردەی سلێمانی بەکەمتەرخەمزانی لە دابەشکردنی کتێبەکانداو قوتابیانو خوێندکارانیشی دڵنیاکردەوە لەوەی ئەو رێژە کتێبەی کە چاپکراوە لە سەداسەد بەشی هەموویان دەکات.

دەربارەی کەمتەرخەمیش لە دابەشکردنداو زۆری کتێب، وتی:

ئەو ژمارە زۆرەی کتێب و قوتابخانەو خوێندنگا، لە هەمانکاتیشدا کەمتەرخەمی لە دابەشکردندا کێشەی زۆری بۆ دروست کردوین، بەتەئکید لە دابەشکردندا سستیمان هەیە، هەموو خوێندکارو قوتابیەک دڵنیادەکەمەوە کە کتێبمان ئەوەندە چاپکردووە بەشی هەموویان بکات.

بەڕێوەبەرایەتیی پلاندانانو فشارخستنە سەر چاپخانەکان

رەئوف ئیسماعیل بەڕێوەبەری گەنجینەکان لە پەروەردەی سلێمانی، هۆی سستی دابەشکردنی کتێبەکانی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کەلە ماوەی دیاریکراودا کتێبەکان ناگاتە دەستمان بۆیە ئەو کێشانە دروست دەبن، هەربۆیە لەمرووەوە وتی:

دەبێت لە مانگی (٨) دا کتێب بگاتە گەنجینەکان بۆ ئەوەی پلانی بۆ دابنێین،و ئێستا مانگی (١١)یە هێشتا هەندێک کتێب نەگەیشتوونەتە ناو گەنجینەکانمان، واتێدەگەم ئەو سستییە لە چاپکردنی کتێبەکاندایە لە بەغدا نەک ئێمە.



شێخ رەئوف - بەڕێوەبەری گەنجینەکانی پەروەردە

لەرویەکی ترەوە بەڕێوەبەرێتی نەخشەو پلانی خستەبەردەم لێپرسراوێتییەکی زۆرەوە کەئیشی ئەوە بەدەنگ زوو لێبوونەوەی چاپکردنی کتێبەکانەوە بچێت، سەبارەت بەم خاڵەش وتی:

بەڵێ لیژنە لە بەغدا هەیە بۆبەدواداچوونی چاپکردنی کتێبەکان، بەڵام ئەوە ئیشی بەڕێوەبەرێتی نەخشەو پلانە فشاربخاتە سەر ئەو چاپخانانەی گرێبەستی لەگەڵدا کردوون.

سستی لەبەغداوەیە

کاوس یوسف بەڕێوەبەری فەرمانگەی یەکەی سەرپەرشتیاری پسپۆڕی، ئامادەیی فەرمانگەکەی خۆی نیشاندایەوە هەرکاتێکو هەر دەزگایەکی پەروەردە پێویستیان بەمان بووبێ یارمەتیان داون،و تەئکیدیشیکردەوە: چەندین جار لیژنەیان لە سەرپەرشتیارەکانیان پێکهێناوە بۆ یارمەتی ئەو دەزگا پەروەردەییانە،و هەروا وتی:

بڕوام وایە بەڕێوەبەرێتی نەخشەو پلان هیچ سستییەکی تیانیە، هەرئەرکێکیان لەسەر شان بووبێ پێی هەڵساون، رەنگە سستییەک کە هەشبێ لە بەغدابێ نەک لە ناو ئەو بەڕێوەبەرایەتییە.

ئێمە لێپرسراونین لەچۆنێتی گۆڕینی سیستمی پەروەردە

بورهان محەمود جێگری سەرپەرشتیاری پەروەردەیی یەکەم، یەکێکی تربوو لەو لایەنە پەیوەندیدارانەی پەیوەندیدارە بەم مەسەلەیە، دوای مشتومڕێکی زۆر گەیشتە ئەو بڕوایەی چاوپێکەوتن لەگەڵماندا قبوڵبکات،و لەمرووەوە وتی:

بەهیچ شێوەیەک گۆڕینی سیستمی پەروەردە پەیوەندی بە ئێمەوەنییە، ئەوە ئیشی دەزگاو لایەنی پەیوەندیداری دیکەیە. ئێمە لێپرسراونین لە گۆڕینی سیستمی پەروەردە، ئەگەر مامۆستاکان تێبینیو رەخنەمان لەسەر وانە گۆڕاوەکان نەدەنێ، ئێمە چووزانین کەموکوڕی لە کوێی وانەکاندایە.

چاکسازیکردن لە هەندێک لە وانەکاندا تەواونییە

دوای چەندین چاوپێکەوتن لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بەمەسەلەی گۆڕینی سیستمی پەروەردەو ئەو مامۆستایانەی لە وتنەوەی وانە گۆڕاوەکاندا ئەزموونێکی زۆریان تیاوەرگرتووە، گەیشتینە ئەو باوەڕەی گۆڕینو چاکسازیکردن لە هەندێک لە وانەکاندا تەواونییەو پێویستییان بەوەیە جارێکیتر چاوی پیابخشێنرێتەوە، سەرباری ئەو کەموکوڕیو سستییەی لە چاپکردنی کتێبەکاندا هەیە، پێویستە وەزارەتی پەروەردە بەهەستکردن بە لێپرسراوێتییەکی زۆرەوە لە بەردەم گۆڕینو ئەو چاکسازییانە دابێت کە لەناو سیستمی پەروەردەییماندا دەکرێن.■

دوای ئەوەی دەستەی باڵا سکاڵای موڵکداریێتی بەڕێوەبەرایەتیی نوسینگەی کەرکوکو دوبز لادەبا

ئەنجومەنو ئیدارەی کەرکوک رازی نابنو داوایان لێدەکەن لەپۆستەکانیان بمێننەوە

بەدواداچونی / هاشم جەمیل - کەرکوک

لەکۆبوونەوەی رۆژی ٢٠٠٥/١١/٢٩ ی ئەنجومەنی شارەوانی دووبزدا لەسەر داوای قائیمقامو بەکۆی دەنگی سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنو بەئاگاداری هێزە فرە رەگەزەکانی سنورەکە(نوسینگەی دوبزی دەستەی سکاڵای موڵکداریێتی عێراقی) بەشێوەیەکی کاتی داخرا.

پێشتریش دەستەی سکاڵای موڵکداریێتی عێراقی سەر بەئەنجومەنی وەزیرانی عێراق نوسراوێکی بەژمارە (٦٠٨٢) ئاراستەی نوسینگەی شارەکان کردووە کە رۆژی ٢٠٠٥/١١/٢٠ی پێوەیەو ئیمزای سەرۆکی دەستەکەی بەسەرەوەیەو تێیدا هاتووە: تەحسین حەمید یاسین بەڕێوەبەری نوسینگەی کەرکوک و پارێزەر قادر مبارک جەبار، هەروەها لەنوسینگەی دوبزیش پارێزەر سالار ئیسماعیل مەحمودو ئەژین عەبدولڕەحمان محەمەد لەسەر کار لابدرێنو لەجێگەیاندا عەرەب دابمەزرێنن.

لەم بارەیەوە ئەم بەدواداچوونە رۆژنامەنوسیەمان ئەنجامدا:

بەغدا سیاسەتی بەعس لەبەرگێکی تردا دەسەپێنێ

تەحسین حەمید یاسین – بەڕێوەبەری نوسینگەی کەرکوک

چاودێر: هەڵوێستتان چۆنە لەبارەی ئەو بڕیارەی بەغداوە بە لابردنی بەڕێزتان لەسەر کارەکەتان؟

تەحسین حەمید: دەستەی باڵا لەبەغدا بەئاشکرا دژایەتیمان دەکا تەنها لەبەرئەوەی کوردین ئەیانەوێ لامانبەرنو عەرەب لەجێگەماندا دابمەزرێنن.. باشە من یەک هەڵەی یاسایم نییە، بۆ دەرکرێم؟ ئێمە ئەو هاووڵاتیانەی کە کێشەی موڵکداریێتیان هەیەو بڕۆن لێیان بپرسن بزانن تاچەند لێمان رازین، ئێمە لێرە (١٧) هەزار دەعوامان لایەو هەوڵیان بۆ ئەدەین کەحەق بۆ خاوەن حەق بگەڕێنینەوە. بۆ نمونە رۆژی ٢٠٠٥/١١/٢٩ لەپارێزگا کۆنگرەیەک هەبوو، لەوێ تەنانەت هەموو عەرەبەکانیش ستایشی ئیشوکارەکانی ئێمەیان کرد، بەڵام بەغدا ئەیەوێ سیاسەتی بەعس لەبەرگێکی تردا بسەپێنێ بەسەرماندا.

شتێکی تریش هەیە (دەستەی سکاڵای موڵکداریێتی عێراق) لەکۆمەڵێک خەڵک پێکهاتووە کەنەلەقانون نەلەئیدارە نەلەئەخلاق نە لەعورف نازانن، چونکە ئەو بڕیارەی کە بەژمارە (٦٠٨٢) هاتووە لە٢٠٠٥/١١/٢٠ دەرچووە، بەڵام لە ٢٠٠٥/١١/١٥دا کۆتایی بەخزمەتی ئێمە هێناوە. سەرۆکی دەستەی باڵا لەبەغدا موالید (١٩٦٩) هیچ لەیاسا نازانێ ئەگەر کەسێکی قانونیبێ، چۆن بڕیاری وا دەرئەکرێ.

بەڕێوەبەرەکەی پێشوو ٢ ئۆتۆمبیلی نوسینگەکە دەفرۆشێ!

هەر لەدرێژەی وەڵامەکەیدا وتی: بۆ نمونە بەڕێوەبەرەکەی پێش من (٢) ئۆتۆمبێلی ئەم نوسینگەیەی فرۆشتوە، من بەغدام ئاگادارکردەوەو ئیجرائات نەکرا، کەچی من هیچ هەڵەیەکی یاسایم نییە بەبڕیار منی دەرکردووە، کاتێک کاک رەمەزانی جێگری مەڵبەندی رێکخستنی کەرکوک لەبەغدا لەبارەی ئەم بڕیارەوە قسەی لەگەڵ (ئەحمەد شیاع) سەرۆکی دەستەی باڵا لەبەغدا کردووە، ئەو پێی راگەیاندووە، من (٣) عەرەبی هاوردەم لەنوسینگەی کەرکوک دامەزراندووە کەچی ئەونارازییە! جەنابی ئەمە بەسەرپێچی ئەزانێ، لەکاتێکدا ئەمە خۆی لەخۆیدا پێچەوانەی مادەی (٥٨)ی یاسای ئیدارەی دەوڵەتە.

چاودێر: هەڵوێستی ئیدارەی کەرکوکو لایەنە پەیوەنددارەکان چییە لەبارەی ئەو بڕیارەوە؟

تەحسین حەمید: ئیدارەی کەرکوک بەعەرەبەکانی ئەنجومەنی پارێزگاشەوە نیگەرانن سەبارەت بەو بڕیارە،و پێشیان راگەیاندوین ئێوە لەشوێنی خۆتان بمێننو خۆمان لەگەڵ بەغدا قسەئەکەینو رازیش نابین کەسی تر لەشوێنی ئێوە دابنێین.

داوا لەسەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیر دەکرێ، سەرۆکی دەستە لابەرن

چاودێر: ئێوە بەنیازن ئەو بڕیارە جێ بەجێ بکەن؟

تەحسین حەمید: بەهیچ شێوەیەک جێبەجێی ناکەینو داوا لەبەڕێز مام جەلالو ابراهیم جەعفەریش دەکەین لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەو بڕیارەوە بکەنو (ئەحمەد شیاع)ی سەرۆکی دەستەی موڵکداریێتی عێراق لەپۆستەکەی لابەرن وکەسێکی شیاو لەشوێنەکەی دابنێن کە بەعەقڵێکی شۆڤێنیانە بیرنەکاتەوە، چونکە ئەوەی (ئەحمەد شیاع) ئەیکات، بەڕاستی لەگەڵ شەرعو قانونو عورفو ئەخلاقدا ناگونجێ.

چاودێر: پێت وا نییە ئەم بڕیارە دووبارە پەیڕەوکردنی پاکتاوی رەگەزیبێ لەشاری کەرکوک؟

تەحسین حەمید: بەڵێ سەرلەنوێ دەستیان پێکردۆتەوەو ئەیانەوێ ئەوەی کورد بێت، دەریبکەنو عەرەب لەجێگەی دابنێن، بۆ نمونە نوسینگەی لیلان (٥٧) گوندی زەرەرمەندی سنورەکەی لەسەر بوو، کەچی بردیانە (تازە) کەئەوێ تەنها (٢) گوندی رووخاوی لەسەرە، ئەوە زوڵم نییە، یاخود دوبارە پەیڕەوکردنی سیاسەتی بەعس نییە؟

٧٥٪ دەعواکان پەیوەندیان بەکوردەوەیە

قادر مبارک جەبار– یاسایی، نوسینگەی کەرکوک

چاودێر: هۆی لابردنی ئێوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

قادر مبارک: هۆیەکەی تەنها لەبەر کوردبوونمانەوزۆربەی ئەودەعوانەش کەدێتە لامان لە ٧٥٪ پەیوەندی بەکوردەوە هەیەو ئێمەش بەڕاستی هەوڵ ئەدەین بۆئەوەی حەق بۆ خاوەنی حەق بگەڕێنینەوە.. دیارە ئەمەش پێچەوانەی خواستو بیروباوەڕی ئەوانە، ئێمە پێشتر داوامان لەبەغدا کردو (٧) ناومان بۆ ناردن بۆمانی دابمەزرێنن لەبەشەکانی (یاسایی، ژمێریاری، ئەرشیف) چاوپێکەوتنیشیان لەگەڵ کرا، کەچی ئەوانەیان دانەمەزراند، بەبێ پرسی ئێمە (٣) عەرەبی هاوردەیان بۆ رەوانە کردین،و جەنابی بەڕێوەبەریش وەرینەگرتنو بەکورتیەکەی کێشەکانمان لەگەڵ بەغدا زۆرنو ئەوان بەبیرێکی شۆڤێنیانە بیرئەکەنەوە.

چاودێر: ئێستا ئێوە بەنیازی چین؟

قادر مبارک: ئێمەکاک رزگار عەلی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکمان ئاگادارکردۆتەوەو پێی راگەیاندوین: لەشوێنی خۆتان بمێننەوە، خۆمان لەگەڵ بەغدا قسەئەکەین.

تەنها لەبەر کوردبوون دەرکراوین

سالار ئیسماعیل مەحمود – یاسایی لەنوسینگەی دوبز

چاودێر: هۆی لەسەر کار لابردنتان لەلایەن بەغداوە بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

سالار ئیسماعیل: هۆیەکەی ئەوەیە من لێرە زۆر بەپەرۆشەوەو بەڕاستی هەوڵ ئەدەم کێشەی سنورەکە چارەسەربکرێو مافی ئەو کوردانە بگێڕینەوە کەبەر شاڵاوی سیاسەتی تەعریبو پاکتاوی رەگەزی کەوتوون لەقەزای دووبزو دەوروبەری، بەڵام ئێمە لێرە (٢) دادوەری عەرەبمان هەیە بەناوەکانی (محەمەد فەرحان جەبوری، ئەحمەد زاکر حائک) لەگەڵ بەڕێوەبەری نوسینگە کە ئەویش عەرەبە بەناوی (زەکی عەبدوڵڵا محەمەد)، ئەمان هەرسێکیان دژی منو دژی گەڕانەوەی ئەو زەویو موڵکانەن کەلەکوردەکان سەنراوەتەوە لەلایەن بەعسی روخاوەوە، ئەیانەوێ دۆخەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

ئێمە لەنوسینگەی دوبز (١٦) هەزار دەعوامان هەیە. من هەوڵیان بۆ ئەدەم ئەوان پێیان ناخۆشە، ئێمە هیچ هەڵەیەکی یاسایمان نییە، کەچی بەبڕیار دەرکراوین لەلایەن بەغداوە، بەڵام ئەوانەی هەڵەی زەقیان هەیە تەنها قەتع راتب کراون. تەنانەت دادوەرەکان پێیان وتووم ئەگەر واز لەو بیروباوەڕەی خۆت بێنی لەبەغدا هەوڵی گەڕانەوەت دەدەین، بەڵام هیچ هۆیەک نییە بۆ لابردنمان تەنها مەسەلەکە کورد بوونە.

بەنیازن عەرەبێک لەجێگەکەم دانێن

ئەژین عەبدولڕەحمان محەمەد - یاسایی لەنوسینگەی دوبز بەچاودێری راگەیاند: من لەبەشی یاسایی نوسینگەی دوبز دامەزراوم، کەچی ئێستا بەبڕیارێک لەبەغداوە گواستراومەتەوە بۆ بەشی کارگێڕیو بەنیازن عەرەبێک لەجێگەکەم دانێن، تەنها لەبەرئەوەی کەکوردمو دڵسۆزانە ئەرک و کارەکان رائەپەڕێنین. دیارە ئەمەش پێچەوانەی بیروباوەڕی ئەوانە، بۆیە من ئەم بڕیارە بەبڕیارێکی راست نازانمو داوا لەلایەنە پەیوەندارەکان دەکەم چارەسەری ئەم کێشەیە بکەن.

لەکەرکوک بڕیارەکە جێ بەجێ ناکرێ

رزگار عەلی – سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک

چاودێر: هەڵوێستی جەنابتان چۆنە لەبارەی ئەو بڕیارەوە کە لەلایەن دەستەی سکاڵای موڵکداریێتی عێراقەوە ئاراستەی کەرکوک کراوەو تێدا هاتووە: بەڕێوەبەری نوسینگەی کەرکوکو پارێزەرێکو (٢) پارێزەری نوسینگەی دووبز لەسەر کارەکەیان لابرێن؟

رزگار عەلی: ئەو دەستەیە بڕگەیەکە لەچوارچێوەی مادەی (٥٨)دایەو بەداخەوە بەشێک لەفەرمانبەرەکانی ئێرەو نوسینگەی دووبزیش بەبیرێکی شۆڤێنیانە بیردەکەنەوەو ئەیانەوێ کێشەکان وەکو خۆیان بمێننەوەو چارەسەرنەکرێن،و وتیشی: بۆ نمونە لەنوسینگەی دوبز محامیەکی کوردی لێیە بەرەوای نابینن و ئەیانەوێ دەریکەن.

روونیشیکردەوە، بەغدا ئەو بڕیارەی بەشێوەیەکی مەرکەزی دەرکردووەو بەبێ ئاگاداری ئێمە بووە، بۆیە بەهیچ شێوەیەک قابیلی قبوڵکردن نییەو ئەو بڕیارە راگیراوەو قسەش لەگەڵ سەرۆکی دەستەکە لەبەغدا کراوەو دوای هەڵبژاردن گفتوگۆی لەسەرئەکەین.

پشتگیری داخستنی نوسینگەی دوبز دەکرێ

چاودێر: لەکۆبونەوەی قائیمقامو ئەنجومەنی شارەوانی دوبز لەرۆژی ٢٠٠٥/١١/٢٩دا بڕیاردرا نوسینگەی دوبز دابخرێو ئێستا ئەو نوسینگەیە داخراوە، لەم بارەیەوە چیئەڵێن؟

رزگار عەلی: ئێمەش پشتگیریان لێ دەکەین.

چاودێر: پێت وا نییە ئەم بڕیارە دووبارە پەیڕەوکردنی سیاسەتی پاکتاوی رەگەزییە لەکەرکوک؟

رزگار عەلی: بەڵێ بەتەئکید ئەوان ئەیانەوێ بیچەسپێنن، بەڵام بۆیان ناچێتە سەر.

لەترسی پەلاماردانو وەک نارەزایی نوسینگەی دوبز دادەخرێ

هادی حەمە مستەفا – قائیمقامی دوبز

چاودێر: هۆکاری ئەو بڕیارە چییەو هەڵوێستان چۆنە بەرانبەر جێبەجێکردنی؟

قایمقامی دوبز: خۆی (٢) دادوەر لەدووبز هەن کە یەکێکیان ناوی (محەمەد فەرحان جەبوری)یەو پێشتر (عچو قیادەی فرقەی حزبی بەعس رووخاو) بووە. بەڵگەی زۆریشم لایە کەزۆر شتی تەزویر کردووە. ئێمە بەو پێیەی زۆربەی دانیشتوانی سنورەکە کوردن، داوای (٢) دادوەری کوردیشمان کردووە چونکە ئێمە جارێکی تر نامانەوێ وەکو سەردەمی بەعس لەسنورەکە بژین، ئەمە لەلایەک. لەلایەکی تر، نوسینگەی دوبز سنورێکی بەربڵاوی لەسەرە وەکو (لەیلان، قەرەهەنجیر، شوان، پردێ، سەرگەران، یایچی، دوبز، حەویجەو ناحیەکانی) و (١٦) هەزار دەعواش هەیە، ئێستا ئەو پارێزەرانە بەو بڕیارە ئەیانەوێ دەریان کەن، هیچ هۆیەک نییە تەنها هۆیەکە ئەوەیە کە کوردن.

روونیشیکردەوە: لەترسی پەلاماردان نوسنیگەکە داخراوە، چونکە ئەگەری ئەوە هەبوو جەماوەری سنورەکە پەلاماری نوسینگەی دوبز بدەن بۆیە بەئاگاداری هێزەکانی فرە رەگەزو وەک نارەزاییەک لەدژی بڕیارەکەی بەغدا، ئێمە بەشێوەیەکی کاتی نوسینگەی دوبزمان داخست.

ئەنجام

لەئەنجامی ئەم بەدواداچوونە رۆژنامەنوسیەدا، بۆمان دەرکەوت هۆکاری لابردنیان تەنها کوردبوونەو هیچ هۆیەکی یاسایی لەئارادا نییە. بۆیە ئەمانیش ئامادەنین ئەو بڕیارە جێبەجێ بکەنو چاوەڕوانی لایەنە پەیوەندارەکان دەکەن کێشەکە چارەسەربکەن.■

هونەری مۆزیک لەسینەمادا

نوسینی / کیانوڕیڤێس keanureeves

و / دلێر محەمەد

ئاشکرایە مۆزیک یەکێکە لەژانرە باڵاکانی هونەر کەمێژووی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێک کەمرۆڤ هێشتا لەبارودۆخێکی سروشتیو سەرەتایی دا ژیاوە، هەروەها چەندین ساڵە هیچ گفتوگۆو مشتومڕێک دەربارەی ئاستی پێشکەوتنو پەرەسەندنی ژیارییەکانو گەلانو میللەتانی جیهان بەدەر نییە لەقسەکردن لەمەڕ ئاستی پەرەسەندنو پێشکەوتنی هونەر بەگشتیو هونەری مۆزیک لەلای ئەوان بەتایبەتی. بەڵام ناکرێ ئەوە لەیاد بکەین کەهونەری مۆزیک بەپێی جیاوازی زمانو نەریتو کەلەپورو فەرهەنگو جیاوازی داهێنانی کەرەستە تەکنیکیو ئامێرە مۆزیکیەکانو هەروەها بەپێی ناوچەی جوگرافی گەلانو میللەتانی جیهان جیاوازو هەمەچەشنە. لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی گشتی مۆزیک لەلای میللەتە سەرەتاییو پەراوێزەکان هێشتا بەهۆی ئامێرە سەرەتاییەکانەوە دەژەنرێ کەڕاستەوخۆ لەکەرەستەی سروشتی دروستکراون. بەڵام گەر روبکەینە ناوچە پێشکەوتووەکانی جیهان راستەوخۆ پەی بەوە دەبەین کەهەم ئامێرە مۆزیکیەکان پێشکەوتووترنو هەم چۆنیەتی بەکارهێنانی مۆزیک گەلێک شێوازو فۆرمی مۆدێرن لەخۆ دەگرێت. بەمانایەکی تر لەناوچە پێشکەوتوەکاندا چەندین ساڵە تەکنیک وەک خەسڵەتێکی زانستی مۆدێرن جگە لەوەی کەبەشداری لەزیاترکردنی سیفەتە ورۆژێنەرو ئەفسوناوییەکانی مۆزیکدا دەکات، لەهەمان کاتیشدا کەرەستە تەکنیکیو پیشەسازییەکان وایان لەمۆزیک کردووە کەبەشێوەیەکی فراوان بڵاوبێتەوەو خۆی بەهەموو شوێنێکدا بکات. بەجۆرێک ئێمە ئەمرۆ لەناو ماڵەکانماندا، لەشوێنە گشتیەکاندا، لەناو ماشێنو هەتا لەسەر شەقامەکانو لەکاتی رۆشتندا بەبێ هیچ ئاستەنگیەک دەتوانین گوێ لەمۆزیک رابگرین..

سەرهەڵدانی مۆزیک لەسینەمادا

لەرووی مێژووییەوە دەکرێ بڵێین پەیوەندی مۆزیک بەسینەماوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی سەرەتای سەدەی بیستەم، واتە بەدیاریکراویو بەشێوەیەکی سەرەتایی مێژووی ئەم پەیوەندییە دەگەڕێتەوە بۆ هەنگاوە سەرەتاییەکانی هونەری حەوتەم، بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی فیلمە بێدەنگەکان، واتە بۆ سەردەمێک کەدروستکردنی فیلم هێشتا مۆرکو خەسڵەتێکی ئەزموونی، یاخود سەرکێشیکردنی لەلایەن کەسانێکەوە لەخۆگرتووە کەسەرقاڵی هەنگاونانی سەرەتایی بوون لەبواری هونەرێکدا کەدواجار دەبێتە یەکێک لەکایە گرنگەکانی ناساندنی شوناسو کەلتورو فەرهەنگی میللەتان.. پاشان لەگەڵ زیاتر مومارەسەکردن لەبەرهەم هێنانی فیلم دا، سینەماکاران درکیان بەوە کرد کەسینەما بەبێ هونەری مۆزیک کەموکوڕیو خەوشێکی تێدایە، لێرەوە سینەماکاران هەرزوو هەستیان بەوە کرد بۆئەوەی بەرگێکی زیندوو بکەنە بەری فیلمەکانیان، پێویستە هونەری مۆزیک گرێ بدەنەوە بەسینەماوە. دیارە لەسەرەتادا هونەری مۆزیک وەک پێویست نەخرایە خزمەت سیناریۆو، دیمەنو، رووداوو دراماتیکی فیلمەکانەوە، بەڵکو سەرەتا ئەم کارە بۆ پەیداکردنی جەماوەرو راکێشانی سەرنجی بینەرێکی زیاتر بەلای سینەمادا ئەزموونکرا. لەسەرەتادا کاری مۆزیک راستەوخۆ لەناو هۆڵەکانی سینەماداو بەتەنیشت بینەرانەوە، لەلایەن مۆزیک دانەری فیلمو گروپەکەیەوە دەژەنرا. لەهەندێ فیلمی تریشدا، کاری مۆزیک لەلایەن پیانۆژەنێکی ئاساییەوە بەتەنیا لێدەدا. یاخود لەلایەن گروپێکی تەواوی ئۆرکستراوە لەهۆڵەکەدا دەژەنرا.. دەکرێ ئاماژە بەوە بدەین کە لەم سەردەمەدا کاری رێکخستنو دانانی مۆزیکی فیلمەکانو چۆنیەتی گونجاندنی لەگەڵ دیمەنەکانی فیلمدا بەویستی مۆزیکدانەری فیلمەکان بەڕێوەدەچوو، بەدڵنیایی شێوازی مۆزیک لەفیلمە بێدەنگەکاندا بەهۆی تەکنیکی خێرای فیلمەکانەوە یەکجار خێرایە، چونکە فیلمە بێدەنگەکانی ئەو سەردەمە ئێجگار خێران (١٦ کادر لەچرکەیەکدا) ئەم خێراییە بەچەندین پلە دەکەوێتە سەروو خێرایی زەمەنی سروشتیەوە، لێرەوە ئامادەکەرانی مۆزیکی فیلمە بێدەنگەکان دەبوو بەناچاری هەستن بەدانانی مۆزیکایەکی وەها کە لەخێرایدا بتوانێت بەدیمەنو روداوو گرتەکانی ئەم چەشنە فیلمانەدا رابکات. لەم بارەیەوە دەکرێ ئاماژە بەخێرایی فیلمە بێدەنگەکانی هونەرمەندی مەزن "چارلی چاپلن" بدەین، کەهەر خۆی هەستاوە بەدانانی مۆزیکای هەندێ لەفیلمەکانی، بۆ نموونە مۆزیکی فیلمی "Citylight".

داهێنانی سیستمی ستۆدیۆو فیلمی دەنگدار

کۆتایی دەیەی بیستی سەدەی رابردوو هەم ساتەوەختی دروستکردنی فیلمی دەنگدارو، هەم سەردەمی داهێنانی ستۆدیۆیە لەسینەمادا، گەرچی لەم سەردەمەدا ستۆدیۆکان بایەخێکی گەورەیان بەمۆزیک داو، سینەماکاران بەبێ مۆزیک هیچ فیلمێکیان بەرهەم نەدەهێناو، لەهەموو ستۆدیۆیەکی سینەمایی نوێ دا بەشێکی تایبەت بەمۆزیک لەسەر پشت بوو کە بەبەردەوامی کاری تێدا دەکرا، بەڵام لایەنی نەگەتیڤی ئەم سەردەمە لەوەدا بوو کەسیستمی کارکردن لەبەشی مۆزیکی ناو ستۆدیۆ سینەماییەکاندا، یەکجار سەختو بێزارکەر بوو، بەجۆرێک کەمۆزیک کارەکان هەر کاتێک لەعەزفکردنی برگەیەکی مۆزیکی دەبوونەوە تۆماریان دەکردو هەڵیان دەگرتو پاشان دەستیان دەکرد بەعەزفکردنی برگەیەکی دیکە، ئیدی هەرکاتێک کاری وێنەگرتنو مۆنتاژی فیلمێک تەواو دەبوو، یەکێک لەو برگە مۆزیکیە تۆمارکراوانەیان لەگەنجینەی ستۆدیۆکاندا دەهێناو چەند گۆڕانکارییەکی سادەیان تێدا دەکردو دواجار دەیانکرد بەبەری فیلمە تەواو بووەکەدا، بەبێ ئەوەی گوێبدرێتە لایەنی هارمۆنیاو پێکەوە گونجانی برگە مۆزیکیە کە، لەگەڵ رووداوو گرتەو دیمەنەکانی فیلمەکەدا.

بەدڵنیایی پەیوەندی نێوان هونەری حەوتەمو مۆزیک بەم شێوازەی کەلەسەرەوە ئاماژەیان پێدا زۆر درێژەی نەکێشا، چونکە لەساڵی ١٩٣٣ دا مەزنە داهێنەری مۆزیکای فیلم "ماکس ستێفەر Max Steiner" هاتو لەئەزموونێکی بێ وێنەدا مۆزکایەکی تایبەتی بۆ فیلمی "king kong" نوسی، کەدەرئەنجامێکی مەزنی هەبوو، چونکە مۆزیکای فیلمەکە هاوکات لەهارمۆنیەتو گونجانێکی تەواودا بوو لەگەڵ گرتەو دیمەنو رووداوەکانی فیلمەکەدا، بەشێوەیەک تا ئەندازەیەکی بەرز دەبووە مایەی وروژاندنی هەستو سۆزی بینەر. لێرەوە ناوبراو بەیەکێک لەمەزنە دامەزرێنەرەکانی ئەو مۆزیکایە دەناسرێت کەهەنووکە پێی دەڵێین مۆزیکای فیلم.. دەیەی چلەکانی سەدەی بیستەمیش سەردەمێکی گرنگی هونەری مۆزیکایە لەفیلمە سینەماییەکاندا، چونکە لەم سەردەمەدا نەک هەر ئایدیای هارمۆنیاو گونجانی فیلمو مۆزیک پراکتیکرا، بەڵکو لەهەمانکاتیشدا هونەری حەوتەم پێشوازی لەچەندین شێوازو فۆرمی مۆزیکی دەکات تا لەفیلمی سینەمایی دابەکاریان بێنێ، واتەلەم سەردەمەدا بەپێچەوانەی سەردەمی رابردووەوە بەکارهێنانی هەمان شێوازی مۆزیک لەچەندین فیلم دا پەیڕەوی ناکرێت، لەبەرئەوەی چەندین مۆزیک دانەری بەناوبانگ لەم سەردەمەدا لەناو هۆڵەکانی شانۆو ئۆپێراو ئاهەنگە مۆزیکیەکانەوە بۆ درێژەدان بەکاری هونەری دێنە ناو ستۆدیۆکانی سینەماوە کەناودارترینیان بریتین لە (ئێریکو وڵف گان، دیمۆی تۆم کینو فراترو اکسمانو.. هتد) لەماوەی ساڵانی جەنگی جیهانی دووەم دا تەواو بەپێچەوانەوە، هونەری مۆزیک بەگشتی بۆ دواوە، واتە بۆ سەردەمی سەمفۆنیا کلاسیکیە رۆمانسیەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم گەڕایەوە، بەڵام لەگەڵ تەواوبوونی جەنگدا، جەنگێک کەهەموو شتێکی گۆڕی رووی داهێنان لەهونەری مۆزیکدا دەرکەوتو کۆمەڵێک مۆزیک دانەری گەنج پەیدابوون کەڕەوشی مۆزیکیان لەمۆرکی سەمفۆنیە قورسەکانەوە گواستەوە بۆ مۆزیکێکی سادەو ئاسان، واتە بۆ مۆزیکای جاز.

لەنیوەی سەدەی رابردوو بەملاوە بەهۆی داهێنانی ئامێری تەلەفزیۆنەوە کەهەڕەشەیەکی گەورەی کردە سەر سینەما، گۆڕانێکی گەورە روویدا، بەتایبەتی لەو رووەوە کەداهێنانی تەلەفزیۆن سەرنجی گەلێ لەمۆزیک کارە بەناوبانگەکانی بواری سینەمای بەلای خۆیدا راکێشا.

هەروەها لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوودا فیلمی جیمس بۆند لەگەڵ مۆزیکە سەرنج راکێشەکەیدا وەک تەوژمێک لەسینەمای ئەمریکی دا لەدایک بوو. کەتا هەنووکەش سینەمای ئەمریکی لەشێوازو فۆرمی جیاوازی دەرهێنانو نواندنو مۆزیکدا سەرقاڵی بەرهەم هێنانەوەی فیلمی ناوبراوە. پاشان هەر لەم سەردەمەداو لەدوای بڵاوبوونەوەی فیلمی "Odyssy Aspace" دەرهێنەری مەزن "ستانلی کیوبرک"ەوە، کەژمارەیەک لەدیمەنە سەرنجراکێشەکانی فیلمەکەی عەزفی مۆزیکای لەخۆ دەگرت، دیاردەی فیلمە مۆزیکیەکان بەشێوەیەکی بەربڵاو لەسینەمای ئەمریکیدا تەشەنەی کرد، بەناوبانگترینی ئەو فیلمانەش ئەوانە بوون کەستۆدیۆی سینەمایی بەناوبانگ "دیزنی" لەئەمریکا بەرهەمی هێنان.

ئاشکرایە هەردوو دەیەی حەفتاکانو هەشتاکانی سەدەی بیستەمیش وەرچەرخانێکی گرنگیان نەک هەر لەبواری هونەری مۆزیکدا، بەڵکو لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا بەدوای خۆیاندا هێنان، چونکە لەو ساڵانەدا گەلێ ئامێری تەکنیکیو ئەلکترۆنی دروستکرانو بەشێوەیەکی خێراو فراوانیش بەجیهانی رۆژئاوادا بڵاوبوونەوە، لەسەرووی هەمووشیانەوە داهێنانی کۆمپیوتەر گۆڕانکاریەکەی بەئاراستەیەکی پۆزەتیڤ دا برد.

لێرەوە پەیوەندی هونەری مۆزیک لەگەڵ ئامێرە تەکنیکیە تازەکاندا کاریگەرییەکی گەورەی خوڵقاندو هۆکارێکی مەزنیش بوو بۆ گۆڕینی شێوازو فۆرمی هونەری مۆزیک لەفیلمە سینەماییەکاندا، بەدەربڕینێکی تر لەرێگای فەراهەم بوونی ئامێرە ئەلکترۆنیو تەکنیکیەکانەوە لەو سەردەمەدا، هەروەها بەهۆی نەوەیەکی بەتوانای دەرهێنەری بەناوبانگی وەک "سیتڤی سپیلبێرگ Steven Speilberg" و جۆرج لۆکاش GeorgeLucace" . و هتد"ەوە، گەلێ فیلمی خەون ئامێزو فەنتازی سەریان هەڵدا. سەرکەوتنی ناوازەی ئەم دەرهێنەرانە لەسینەمای ئەمریکی دا هۆکارێکی یەکلاکەرەوە بوو کەوای لە "جۆهان ولیامز Johan Willims"ی مۆزیکدانەری ئەمریکی بەناوبانگ کرد، کەواز لەتەلەفزیۆن بێنێتو مۆزیکاکەی کەچتر لەخەونو فەنتازیاوە نزیکە لەبواری سینەمادا بەکاربهێنێ. ئاشکرایە "جۆهان ولیامز" لەشاری نیۆیۆرک لەدایک بووە، سەرەتا لەتەلەفزیۆن دا دەستی بەکارکردن کرد، دواتر بەتەنیا وەک پیانۆژەنێک رووی کردە سینەما، ناوبراو لەژیانی هونەریدا خاوەنی پێنج خەڵاتی ئۆسکارە، کەخەڵاتی دووەمو سێیەمی لەرێگای مۆزیکای دوو فیلمی "ستیڤن سپیلبیرگ و جۆرج لۆکاش"ەوە بەدەست هێنا، کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان..

دواجار لەرێگای ئەم نمایشکردنە کورتەی مێژووی هونەری مۆزیک لەفیلمە سینەماییەکاندا دەکرێ بڵێین لەدەیەی کۆتایی سەدەی بیست دا هونەری مۆزیک لەسینەمادا جگەلەپەنابردنە بەرفرە شێوازی هیچ گۆڕانکارییەکی دیکەی بەخۆیەوە نەدی، بەواتایەکی تر لەکۆتایی سەدەی بیستەم دا لەلایەن دانەرانی مۆزیکای فیلمەوە بەجیدی بیر لەچۆنیەتی داهێنانی مۆزیکایەک کرایەوە کەبگونجێ لەگەڵ جیهانی نوێی فەنتازیو خەیاڵپلاوی فیلمەکاندا، ئەم حاڵەتەش بەڕوونیو بەتایبەتی لەمۆزیکای ئەو فیلمانەدا بەدیەکرێ کەزۆرجار دەچنە خانەی فیلمی خەیاڵی زانستیەوە.

هونەری مۆزیکاو جۆرەکانی لەفیلمە سینەماییەکاندا

سەرەتا دەکرێ بڵێین مەبەست لەهونەری مۆزیک لەفیلم دا نوسینەوەی چەند برگەیەکی مۆزیکییە لەشێوەی نۆتەی مۆزیکیدا لەلایەن مۆزیک کاری پسپۆڕو شارەزای بوارەکەوە، بەمەبەستی دانانی مۆزیک بۆ سەرەتاو کۆتاییو ناوەڕۆکی فیلمە سینەماییەکە، ئەم پرۆسەیەش پاش رێککەوتن لەنێوان دەرهێنەری فیلمەکەو مۆزیک دانەرەکەدا، بەئامادەیی بەڕێوەبەری دەنگ لەفیلمەکەداو هەروەها دوای سەیرکردنێکی وردی کۆپی کۆتایی فیلمەکە لەلایەن مۆزیک دانەرەوە، بەپێی نەخشەو پلانێکی ورد بەویستی دەرهێنەرو بەهەم ئاهەنگی لەگەڵ مۆزیک دانەردا بەڕێوە دەچێت، هەروەها پێویستە لەم پرۆسەیەدا هارمۆنیەتو هاوسەنگی لەنێوان گرتەو دیمەنو روداوەکانی ناو فیلمو دەنگەکانی دا لەلایەکو لەنێوان مۆزیکی بۆ دانراودا لەلایەکی دیکەوە بەوردی رابگیرێت.

زۆرجار لەفیلمی سینەماییدا دوو جۆر مۆزیکی جیاوازبوونیان هەیە، کەبریتین لە:-

١-مۆزیکی سەرەکی فیلم: دەکرێ بڵێین ئەم جۆرە لەسەرەتای فیلمەکەو دەرکەوتنی ناونیشانی فیلمەکەدا لەسەر شاشەکە، دەبیسترێت.. هەروەها لەکۆتایی فیلمەکەو پیشاندانی ناوی دەرهێنەرو ئەکتەرەکانو تەواوی گروپی بەشداری فیلمەکەدا دەبیسترێت. پاشان دەکرێ بوترێ ئەم چەشنە مۆزیکە، بریتیە لەمۆزیکی گرنگو بنەڕەتی فیلمەکە. چونکە زۆرجار ئەم مۆزیکە لەزهنی بینەردا کۆپی دەبێت. لێرەوە دەکرێ یادەوەری هەر بینەرێک شوێنگەی ئامادەیی مۆزیکی مەزنی یەکێک لەفیلمە نەمرەکان بێت..

٢-مۆزیکی لاوەکی فیلم: زۆرجار بەم جۆرە یان دەوترێت مۆزیکای وێنەیی، چونکە هاورێ لەگەڵ هونەری وێنەگرتن دا دەردەکەوێت، واتە راستەوخۆ دەکەوێتە ناو خودی یاخود ناوەڕۆکی فیلمەکەوەو زۆرجاریش بەمەبەستی دراماتیکی دیاریکراو لەفیلمەکەدا بەکاردەهێنرێ، هەروەها پەیوەندی مۆزیکای لاوەکی بەمۆزیکای سەرەکی فیلمەکەوە لەوەدایە کەهەندێ جار درێژە کراوەی ئاوازی مۆزیکای سەرەکی فیلمەکەیە. بەڵام دەشێ ئاوازی مۆزیکای لاوەکی هەندێ جار چەشنێکی یەکجار جیاوازو تازە بێت. بەڵام گەر مبانەوێ بەشێوەیەکی گشتی جیاوازی هەردوو چەشنەکەی مۆزیک بزانین، ئەوا دەکرێ ئاماژە بەوە بدەین کەمۆزیکای لاوەکی لەفیلمە سینەماییەکاندا هەرگیز جێگیر نییە، بەڵکو بەپێی گرتەو دیمەنو رووداووهەروەها بەرزونزمی دەنگەکانی ناو فیلم دەگۆڕێت. یاخود لەهەندێ دیمەندا رادەگیرێتو لەهەندێ دیمەنی تری فیلمەکەدا دەردەکەوێتەوە. هەروەها زۆرجار سەرنج دەدەین کەمۆزیکای لاوەکی یاخود وێنەیی لەفیلم دا هەندێ جار دەکەوێتە پشت رووداوەکانی فیلمەکەوە بۆیە راگرتنی لەم حاڵەتەدا جیاوازییەکی ئەوتۆ لای بینەر دروست ناکات، بەڵام هەندێ جار ئەم چەشنە مۆزیکە وەک رەگەزێکی بنەڕەتی فیلمەکە دەردەکەوێت، بۆیە لابردنو راگرتنی دەبێتە هۆی تێکچوونی هەموو شتێک.

خەسڵەتە سەرنجراکێشەکانی مۆزیک لەناو فیلم دا

پاش ئەوەی بەکورتی تیشکمان خستە سەر مێژووی سەرهەڵدانی مۆزیک لەفیلمی سینەمایی دالەلایەکەوەو، هەروەها بەکورتی پێناسەی ئەم هونەرەمان کردو ئاماژەمان بەجۆرەکانی دا، هەنووکەش سەرنج دەخەینە سەر خەسڵەتە جوانو سەرنجراکێشەکانی هونەری مۆزیک لەناو رووداوو دیمەنی فیلمەکاندا، بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێ سەرەتا بپرسین بۆچی مۆزیکی هەندێ فیلم کاریگەری زیاتر لەسەر بینەر لەچاو مۆزیکی فیلمەکانی تردا؟ ئایا ئەو خەسڵەتانە چین کەوا لەمۆزیکی هەندێ فیلم دەکەن جوانترو سەرنجراکێشتر دەرکەوێت؟ بەدەربڕینێکی دیکە ئایا چۆن جیاوازی بکەین لەنێوان مۆزیکی جوانو کاریگەری فیلمێکدا لەلایەکو لەنێوان مۆزیکی خراپی فیلمێکی دیکەدا؟ گەرچی لەلای زۆربەی بینەرانی فیلمە سینەماییەکان دۆزینەوەی وەڵامێکی یەکلاکەرەوەو چونیەک بۆ ئەم پرسیارانە ئەستەمە، بەڵام ئەم حاڵەتە رێگە لەپسپۆڕانو مۆزیک دانەرە شارەزاکانی فیلمی سینەمایی ناگرێت، کەبەشێوەیەکی گشتی ئاستی هونەریو کاریگەری مۆزیکی ناو فیلمەکان لەسەر بینەر بگێڕنەوە بۆ چەند خەسڵەتێکی بنەڕەتی کەدەکرێ هەندێکیان بەم چەشنە ریز بکەین:-

١-بۆئەوەی مۆزیک لەفیلم دا کاریگەرو سەرنجراکێش بێت لەڕووی هونەرییەوە، پێویستە مۆزیک دانەر بایەخو گرنگی بەهارمۆنیای نێوان گرتەو رووداوو دیمەنەکانی فیلمەکەو مۆزیکی بۆ دانراو بدات.

٢-پێویستە مۆزیکدانەری فیلم، بەجۆرێک بیر لەشێوازی فیلمەکەی بکاتەوە کە لەلایەکەوە لەگەڵ فۆرمی فیلمەکەو جۆری بینەرانی دا بگونجێ.

٣-کاتی نمایشکردنی مۆزیک لەناو فیلم دا: پێویستە مۆزیکدانەر بەهەم ئاهەنگی لەگەڵ دەرهێنەری فیلمەکەدا، بەوردی ئەوە لێکبداتەوە کە لە چ دیمەنو گرتەیەکی فیلمەکەدا مۆزیک ئامادەی هەبێت، یاخود بەپێچەوانەوە لەکاتی نمایشکردنی کام دیمەنو رووداوی فیلمەکەدا پێویستە مۆزیک لابرێت.

٤-راگرتنی هارمۆنیای مۆزیکو دەنگەکانی دیکەی ناو فیلم: مادەی هەم مۆزیکو هەم دەنگەکانی دیکە پێکەوە بەشداری لەهەمان فیلم دا دەکەن. لێرەوە ناکرێ لەکاتی قسەکردنی ئەکتەرەکاندا، دەنگی مۆزیک بەرزترو زاڵتر بێت. چونکە ئەم حاڵەتە بەشێوەیەکی نەگەتیڤ کاردەکاتە سەر هەستی بیستنی بینەر.

٥-دانانی مۆزیک بۆ گرێدانەوەی دوو دیمەنی جیاواز: بۆئەوەی سەرنجو خەیاڵی بینەر لەفیلم دانەبڕێت پێویستە مۆزیک دانەر بۆ گرێدانەوەی دوو دیمەنی جیاوازی فیلمەکە مۆزیک لەنێوانیاندا دابنێت.

دواجار دەکرێ لەم وتارەدا بەخێرایی تیشک بخەینە سەر چۆنیەتی بەکارهێنانی مۆزیکای وێنەیی، یاخود ئەو چەشنەی مۆزیک کە لەسەرەوە بە "مۆزیکی لاوەکی" لەفیلم دا ناومان برد، زۆرجار مۆزیک دانەر لەپشت دیالۆگی کاراکتەرەکانەوە یاخود لەپشت هەندێ دیمەنو گرتەی هێمن ئارامی فیلمەکەوە زۆر بەنزمی بەکاردەهێنێ، لەم حاڵەتەدا بینەر بەشێوەیەکی ناخود ئاگا گوێ لەم چەشنە بەکارهێنانەی مۆزیک دەگرێت بەبێ ئەوەی ئاگای لەبوونیشی هەبێت، هەروەها بەکارهێنانی مۆزیک لەم کاتەدا لایەنێکی زیندوو بەدیمەنی فیلمەکە دەبەخشێت، بەمەرجێک لایەنی هارمۆنی نێوان مۆزیکو دیمەنەکانی فیلمەکە رەچاو کرابێتو بەکارهێنانی مۆزیکیش لەسەر یەک ریتم بێتو نابێ بەرزونزمی بەخۆیەوە ببینێ، بۆئەوەی کار نەکاتە سەر هەستەکانی بینەر. لەلایەکی ترەوە پێویستە مۆزیک دانەر بەپێی جیاوازی رووداوەکانی فیلمەکە شێوازی بەکارهێنانی ئەم جۆرە مۆزیکەش بگۆڕێت، واتە ناکرێت لەرووداوێکی تراژیدی فیلمەکەدا مۆزیکایەکی شێوە کۆمیدی بەکاربهێنرێت. بەڵکو پێویستە لەبەکارهێنانی ئەم مۆزیکەدا، بەشێوازێکی مۆزیکی گوزاشت لەرۆحی رووداوە جیاوازەکانی فیلمەکە بکرێت..

×سەرچاوە: وتاری "الموسیقی فی السینما" لەئەنتەرنێتەوە ماڵپەری المنتدی منتديات سينماك■

موزیکژەنە ناودارەکانی جیهان

ئا/ باران

ئیف بودرییە "١٩٠٦"

دامەزرێنەری کۆمەڵەی لاوانی فەرەنسایە، کە لەدواییدا، "میسیان، لوسور، گۆلیفە، پەیوەندیان بەم گروپە کرد. ئەم کۆمەڵەیە خاوەنی شێوازێکی تایبەت بەخۆیان بوون، نەلەژێر کاریگەری قوتابخانەی کلاسیکو نە قوتابخانەی هاوچەرخ بوون. گرنگیەکی زۆریان بەسینەما داوە. بەرهەمەکانی: بەرهەمە گۆرانیەکانیان "کردیۆی شەیتانی هەژار، چەند سیمفۆنیایەک. گرنگەکەیان، موزیک لەپایەتەختا، بەلەمی گەورە موزیکی فیلم، فیلمی: شەڕی هێڵی ئاسنی، کۆشکی شوشەیی، مەلعون، خستنەسەر.

فرانسوا بایل "١٩٣٢"

دانەرێکی فەرەنسیە، خوێندکاری میسیانو بوسورو شتوکهاو زن وشامز، بووە. هەر لەسەرەتای کاری هونەریدا، گرنگی بەموزیکی ئەلەکترۆنی داوە. هەوڵیشی داوە گۆڕانکاری گەورە لەم بوارەدا بکات. بەتایبەتیش لەبواری فێڵە دەنگیەکاندا. دیارە بەهۆی ئەو هەموو ئیحساسە شاعیریەتی کەهەیبوو. هەوڵیداوە، سۆزو ئیحساس ببەخشێتە ئەو شێوازە موزیکە وشکە.

بەرهەمەکانی: چەند تۆمارێک بەهۆی ئامێری ئەلکترۆنی: گرنگەکانی "خاڵی رەخنە، باڵندەی شادی، هێڵو خاڵ، ئەرخەبیل.

گوستافۆبیکرا "١٩٢٥"

دانەرێکی تشیلیە، لەکۆنسرفاتواری سانیاگۆ، خوێندویەتی، دوا بەدوای ئەمەش دەبێتە مامۆستای زانستی هارمۆنی، لەساڵی ١٩٧٣ بەهۆی روخانی ئەلینەی بەناچاری تشیلی جێ دەهێڵێتو، لەئەڵمانیای رۆژهەڵاتی ئەوسا دەگیرسێتەوە، لەشاری ئۆلدینبورگ دەبێت بەمامۆستای زانکۆکەیان.

بەرهەمەکانی: چەند سیمفۆنیایەک، کۆشنرتۆ بۆ کەمانچەو پیانۆ، کانتاتایەک بەناونیشانی تشیلی، ئەوی تریشیان بەناوی "لاواندنەوەیەک بۆ مەرگی لینین" چوارینەی ژێدار.

کۆنراد بیک "١٩٠١- "

دانەرێکی سویسریە، لەژێر کاریگەری شێوازی "هۆنیجرو روسل" بووە. لەبەراییدا، هەوڵیدا، لەنێوان شێوازە ناسکەکەی موزیکی فەرەنسیو توندوتۆڵی موزیکی ئەڵمانیدا، کۆکردنەوەیەک، دروست بکات، لەهەوڵەی دا شێوازێکی تایبەت بەخۆی دۆزیەوە. کە ئەمەش تێکەڵ بوونی هەردوو قوتابخانە موزیکەکەی فەرەنساو ئەڵمانیا بوو. بەرهەمەکانی: چەند سیمفۆنیایەک، کۆنشرتۆ بۆ پیانۆ، کۆنشرتۆ بۆ تیپی ژێدار، کۆنشرتۆ بۆ کەمانو ژێدار، چوارینە.■

لە باکورەوە

فەرماندەی گشتی سوپا: نابێ دیموکراسی لەمەڕ pkk دەستو قاچمان ببەستێت

حیلمی ئۆزکۆک فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی تورکیا TSK لەلێدوانێکی رەسمیدا گوتی: "لاریمان نیە ببینە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە ئێمە هەر تەنازول بکەین و ئەوانیش داوای شتی زیاترمان لێبکەن... پێویستە کە شتێکمان دا، شتێکیش وەربگرین. رەوتی هەنوکەمان بەدڵ نیەو تەنازولاتی زۆری تیایەو ئەمەش بۆ کەسایەتی تورکیا شورەییە."

حیلمی ئۆزکۆک ئەوجا لەوەڵامی پرسیارێک سەبارەت بەگرژیەکانی ئەمدواییەی باشوری رۆژهەڵات واتە ناوچە کوردنشینەکان گوتی: پرسی تیرۆر ترسناکە... خۆناکرێ لەو شوێنەی شەڕو تیرۆر هەیە بەبیانوی دیموکراسیەوە بەگژ تیرۆردا نەچینەوە! بەڕاستی زەمینەی کراوەی دیموکراسی بۆتەهۆی ئەوەی PKK کەڵک لەم کەشوهەوا لەبارە وەربگرێ و دامودەزگای یاسایی بۆخۆی بنیاتبنێ...NGOکان و دامودەزگای سەر بەPKKبونەتە هۆی ئەوەی ئەم رێکخراوە بەمدواییە خۆی بەهێز بکات و ئەمەش کێشەیەکی جیددی بۆ هێزە چەکدارەکانمان دروستکردوەو پیاو نازانێ لەکوێ شەڕی تیرۆر بکات.. بۆیە ناچارین هەندێک سنوری بەناو دیموکراسی بەزێنین، بۆ ئەوەی ئەمنی وڵاتەکەمان بپارێزین!■

ROJT.V گرفتێکی گەورەی بۆ تورکیا دروستکردوە

دوابەدوای ئەوەی ئەردۆغان سەردانەکەی دانیمارکی لەبەر پرسی ROJT.V بەنیوەچڵی جێهێشت و بەشداری ئەو کۆبونەوە چاپەمەنیە نەبوکە بریار بو لەگەڵ سەرۆکی دانیمارک بیکات و ئەویش بەبیانوی بونی پەیامنێرێکی ROJT.V لەو کۆبونەوە چاپەمەنیەدا، ...ئەمجارەیان کرژی ROJT.V داوێنی پارتی کۆماری گەل CHP ی گرتوە، بەهۆی قسەکردنی پەرلەمانتاری شاری گەڤەری سەر بەCHP ئەسعەد جانان لەو تەلفزیۆنەدا. بەشداربونی جانان لەROJT.V لەپەرلەمان ئالۆزی نایەوەو پەرلەمانتارانی سەر بەپارتی داد داوای لێپێچینەوەیان کرد. پارتی کۆماری گەل بۆ بەرگری لەخۆکردن لیستەی ئەوکەسە پایە بەرزانەی ئامادە کردوە کە بەشداری ROJT.V بون. لەناو ئەم لیستەیەدا گەلێک کەس سەر بەخودی پارتی دادیش هەن و هەندێکیش سەربە پارتی دایکی نیشتمان. بەڵام پاساو هێنانەوەی پارتی کۆماری گەل هێشتا گرژی پەرلەمانی دانەمرکاندۆتەوە.■

بایکال، ئەردۆغان، شوناس...

تەها ئاقیوڵ

و: ئازاد رەئوف

٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢ سەرۆکی پارتی کۆماری گەل دەنیز بایکال لەدیاربەکرو بالکەسیر بۆ هەڵبژاردن پەیتا ـ پەیتا دەئاخفێ. لەبالکەسیردا لەمەڕ "لایزم" و پرنسیپەکانی "ئەتاتورک" دەدوێ و چەمکە بنەرەتیەکانی سەردەمی ئەتاتورک" دەپارێزێ، و داوا دەکات دەنگ بدەن بەوانەی تورکیا بەرەو یەکێتی ئەوروپا دەبەن نەک ئەوانەی دەیانەوێ دوبارە تورکیا بگێڕنەوە بۆ بیابانی وڵاتانی عەرەب".

لەگۆڕەپانەکە خەڵک بەدەنگی بەرز دروشمی "تورکیا لایکەو لاییک دەمێنێتەوە" دەڵێنەوە. ئەوجا بایکال بەفرۆکەی تایبەتی دەڕواتە دیاربەکرو دەڵێ "تورکیا دەوڵەتێکی نەژادی نیەو دەوڵەت ریشەی ئەتنی کەس دیارناکات" و بەمجۆرە دەدوێ:

"جەژنی بەراتتان لێ پیرۆز بێت. باگوناهەکانی یەکتر ببەخشین و قۆناغێکی نوێ دەسپێکەین. بائەم قۆناغە نوێیە بەلێخۆشبون، بەیەکتر لەئامێز گرتن و ئاشتەوایی بەرینەسەر.." بایکال لەدیاربەکر هەستی دینی خەڵک دەوروژێنێ و پەیتا ـ پەیتا وشەی لێخۆشبون دوبارە دەکاتەوەو سەبارەت بە پرسەکانی شوناس لەتورکیا ئاوا دەڵێ:

لەسەردەمی سەرۆکایەتی ئینۆنۆدا ئەو راپۆرتەی سەبارەت بەباشوری رۆژهەڵات ئامادەی کردبو، بەراستی پێشنیاری واقیعی تێدابو. ئەوسەردەمە بەهۆی ئەم راپۆرتەیەوە لەدادگای ئەمنی دەوڵەتدا دادگاییمان کرد. ئەگەر ئەوسا ناوەرۆکی ئەو راپۆرتە رەچاو بکرایە، ئەوا ٣٠هەزار مرۆڤمان تێدا نەدەچون...

بایکال لەقسەکانیدا بەهیچ کلۆج دەستەواژەی "تورک و میللەتی تورک" بەکار ناهێنێ و تەنانەت باسی ئەتاتورک و لاییزمیش ناکات.

ئەندامێتی سەرەکی هاوڵاتیبونە

ئەمرۆ سەیری ئەو راپۆرتەی سەرۆکی پارتی سۆسیالیستی گەل shp ئینۆنۆ دەکەم کە سەبارەت بەباشوری رۆژهەڵات نوسیبوی. لەو راپۆرتەدا قەت باسی "تورک و میللەتی تورک" ناکرێت. بەئاشکرا باسی "پرسی کورد "دەکات. ئەوەی لێرە سەرنجمان رادەکێشێ، ئەمەیە کە بایکالیش ئیدیعای "بەئەولەویەت کردنی هاوڵاتیبون" دەکات، تەنانەت پرسی هاوڵاتیبون وەکو دەستەواژەی شوناس بەکار دەهێنێ:

"دەستەواژەی هاوڵاتیبون، واتا دەبەخشێتە پێکەوەژیانی تاکەکانی کۆمار لەناو یەکداو شوناسێکی وا دروستدەکات کە خاوەنی ناوەرۆکێکی دەوڵەمەندی سیاسیە..".

دوو سەرۆکی دوو پارتی رکابەر ـ ئەردۆغان و بایکاڵ

بەرنامەی هەنوکەی پارتی کۆماری گەل CHP بەئاشکرایی باسی "پرسی کورد" دەکات و وەکو "مۆزاییکی دەوڵەمەندی" ئاماژەی پێدەکات و دەقاودەق برگەی ئاوای تێدا نوسراوە:

کۆمار بەواتای ئەندامێتی بنچینەیی هاوڵاتیبونە..." کە تەماشای ئینتەرنێتم کرد بایکال لەقسەکانی رابردویدا هیچ باسی "تورک و میللەتی تورک"ی نەکردوە.

ئەمێستاش تۆمەتبارکردنێکی قورس...

پارتی سۆسیالیستی گەل SHP و پارتی کۆماری CHP و بایکال باسی هاونیشتمان بون دەکەن و وەکو بنچینەی سەرەکی ئەندامێتی وڵات دەیکەنە ئەولەویەت.. بەڵام پارتی دادو ئەردۆغان دەڵێن "هاوڵاتیبون" و ئەمە وەکو "شوناسی باڵا" سەیر دەکەن! بەکورتیەکەی، یەکیان ناوەندیەو ئەویدەکەشیان پەراوێزە.

ولە٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥دا بایکال بەشێوەیەکی توند ئەردۆغان تۆمەتبار دەکات:

"هاوڵاتیبونی کۆماری تورکیا شوناسێکی حقوقیە. ناکرێ هاوڵاتیبونی تورکیا جێی میللەتی تورک بگرێتەوە. دەبێ پێناسەی نەتەوەی تورک بخنێتە مێشکت! نابێ شەرم لەوتنی "نەتەوەی تورک" بکەیت. دەبێ بزانی کە میللەتی تورک شوناسی ئەتنی هیچ لایەکیتر ناسڕێتەوە!"

بەمجۆرە درێژەی پێدەدات:

"کەس ناتوانێ محاسبەی ئەمە لەدیوانی باڵاش بدات!"

گەلۆ ئەم تابلۆیە چیمان پیشاندەدات؟

چارەسەرکردن و پێناسەکردنی پرسەکانی شوناس دژوارە، بەڵام قۆستنەوەیان ئاسانە...

١.رۆژنامەی رادیکال، جەمهوریەت، ٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢

٢.جمهوریەت، ١٧ی تەموزی ١٩٩٥

٣.پرۆگرامی پارتی کۆماری گەل CHP لاپەرەی ٢٦، ٧٢ و هتد.■

ئەفسەرێکی تیرۆریستی تورک، کوڕێکی باش...

ئەحمەد ئاڵتان

و: مامەند رۆژە

دوابەدوای ئەوەی ئاشیل لەپێش شوراکانی ترۆڤادا هیکتوری کوشت، بۆ خۆشی بەگریانەوە دوای تەرمە بەرعەرەبانە راکێشراوەکەی کەوت و بەشان و بەچەکی خۆیدا دەدا. ئەم نەریتە لای گەلانی رۆژئاوا بەم پەندە دەردەبردرێت: "دەشیکوژێ و بۆشی دەگری"

ئەو چەتانەی لەهەناوی دەوڵەتەوە سەریان دەرهێناوە، دەستە ـ دەستە پیاو دەکوژن. بۆیە لەو وڵاتەی هەراجکراوە شایەتی گەلێک کوشتن و برین بوین.

لەناو ئەمانەدا بەتایبەتی چەند دانەیەکیان قەت فەرامۆش ناکرێن.

یەکێک لەمانە ئەو رونکردنەوەیە بوکە محەمەد ئاغار× سەبارەت بەدەعمی ئۆتۆمبیلێکی مودیری تاوان حوسەین کۆجاداغ و عەبدوڵا چاتلی بازرگانی موخەدیرات دابوی کە هەردوکیان مردن.

بەڵام سەیر لەوەدا بوکە هەرکەس دەیپرسی داخۆ چی حوسەین کۆجاداغی پیاوی پۆلیس و عەبدوڵا چاتلی بازرگانی موخدراتی هێنا بوە لایەک کە پێکەوە بەدەعمی ئۆتۆمبیل مردن؟ ئاغار وایگوتبو:

"پێموابێ حوسەین کۆجاداغ عەبدوڵا چاتلی دەسگیر کردبو. خەریکبو دەیهێنا!"

کابرا (محەمەد ئاغار) خۆی هەموشتێکی دەزانی بەڵام ئێمەی بەنەفام دەزانی و دیارە زەوقی لەخەڵەتاندنمان وەردەگرت.

یەکێکی دیکەی ئەو قسە سەیرانەش ئەو گفتوگۆیە تەلەفزیۆنیە بوکە فەرماندەی پێشوی جەندەرمە "تیۆمان کۆمان" کردی و گوتی "دەزگایەک بەنێوی ژیتەم "لەئارادا نیە!

ئەمجارە وا دوقسەی سەیرتریشیان پێ زیاد بوە.

یەکیان لەمەڕ ئەو ئەفسەری ئیستیخباراتە بوکە بۆمباری هاوێشتە کتێبخانەکەی شەمزینان و لێپرسراوان بەکەسێکی گوماناویان لەقەڵەمدا.

گوتبویان:

"ئەو ئەفسەرە نهێنیەمان لەکاتی تەقینەوەکەدا بەسودفە بۆ کڕینی جگەرە رۆیشتبوە بەرەو کتێبفرۆشیە".

سەر تۆپی ئەمجۆرە رونکردنەوە سەیرو سەمەرانەش لێدوانی فەرماندەی هێزە زەمینیەکانە کە سەبارەت بەو ئەفسەرە کردی کە خەڵک لەکاتی بۆمبا هاوێشتندا لەبەر دەرکی کتێبفرۆشیەکەدا دەسگیریان کردو ئۆتۆمبیلەکەی پڕ بو لەکلاشینکۆف و لیستەی ناوی ئەو کەسانەی دەبوا بکوژرایەن و کرۆکی و نەخشەی هەندێک شوێن بو.

"ئەم ئەفسەرە کوڕێکی باشە، باوەڕ ناکەم کاری وا بکات"!

ئەفسەرانی جەندەرمەی ئەم وڵاتە بەرۆژی رۆشنا هاوڵاتیانی ئەم وڵاتە دەکوژن، یان لەکاتی تاواندا دەسگیر دەکرێن و کۆمەڵێک بەڵگەشیان لەسەر دەگیرێت و فەرماندەیەکی سوپاش پێیدەڵێ "کوڕێکی باشە"!

براینە ئەمە وەکو ئەوە وایە بەهەموخەڵکی کۆمەڵگەکەمان بڵێ "هەموتان هیچ و پوچن"!

گوتنی قسەی "کوڕێکی باشە" بۆ ئەو تاوانبارەی بەتەقینەوەکەی خەریکە تێکڕای کۆمەڵگەی تورکیا روبەروی ئاژاوەو بشێوی و لێکترازان دەکاتەوە، شتێکی ئاسایی نیە.

ئەم "کوڕە باشە" لەلایەن جەماوەرەوە دەسگیر کرا کەچی پۆلیس لێی وەرگرتن و بەو پەڕی سەرسامیەوە بەریان دا!

ناوی دیارە، جنسیەی دیارەو پۆستەکەشی ناسراوە، کەچی ئەم "کوڕە باشە" ناگیرێت.

نە دەسبەسەر دەکرێ و نە حوکمیش دەدەرێت.

کابرا بۆمباکانی فرێدەداتە نێو کتێبفرۆشیەکەوە و کاتێک دەیەوێ سواری ئۆتۆمبیلەکەی ببێ خەڵک بەسەریدا دەدەن و دەیگرن. لەسندوقی ئۆتۆمبیلەکەیدا چەند چەک و لیستەی مەرگ و نەخشەو پلان .. دەردەهێنرێت کەچی کەس لەم کابرایە ناپرسێت.

بۆچی؟

چونکە ئەوە "کوڕێکی باشە".

ئایە ئەو کوژراوە داماوە کورد نەبوایە، هاووڵاتیەکی قوڕ بەسەری ئاسایی نەبوایەو کار بەدەستێکی دەوڵەت بوایە، داخۆ ئەو کاتە فەرماندەی هێزە زەمینیەکان دەیتوانی بێگوتایە ئەم بکوژە "کوڕێکی باشە"؟

لەکاتێکدا لەم وڵاتەی ئێمەدا کار بەدەستانی دەوڵەت دەتوانن هاوڵاتیان بکوژن.

گەلۆ ئەمە هیچ موبالغەی تێدایە؟

کار بەدەستانی دەوڵەت لەهەموان زیاتر بەرژەوەندیەکانی ئەم وڵاتە دەناسن.

کابرا دەڕواو بەرۆژی رۆشنا هاوڵاتیان دەکوژێ و تێکڕای وڵاتەکەمان بەرەو هەڵدێری ئاژاوەو دوبەرەکی دەبات، ئەمە چیە گوایە هەندێک لایەن بەگوێرەی "بەرژەوەندیە باڵاکان" بیر دەکەنەوەو بریار دەدەن.، ئایە ئەو کاتە کەس دەتوانێ بڵێ کورینە ئێوە خەریکن تۆوی دوژمنایەتی دەچێنن؟

کێ بۆی هەیە بڵێ ریساکانی حقوق بۆکار بەدەستە پێشێلکەرەکانی دەوڵەتیش یەکسانەو دەبێ تاوانکارانی دەوڵەتیش داد بکرێن.

هیچ کەس ناتوانێ فزە بکات.

خۆ پۆلیس کابرای جەندرمەی دەسگیر نەکرد.

کابرای لێپرسینەوەی دادگاش دۆسیەی "تاوانی رێکخراوی چەتەگەری "بۆ ئەم رودواوە ناکاتەوە.

کابرای تاوانبار لەلایەن جەماوەرەوە دەسگیر دەکرێ، دوای ئەوەی پۆلیس لەچنگ خەڵک رزگاری دەکەن بەکەیفی خۆی لەشەقامەکان پیاسە دەکات.

بۆچی؟

چونکە ئەو کابرایە "کوڕێکی باشە".

لەم وڵاتەدا سەدان ساڵە ئەم "کوڕ باش "انە تاوان ئەنجامدەدەن.

هەم تاوان دەکەن و هەم هەڕەشەمان لێدەکەن و گەورەکانیشیان پشتیان دەگرن.

هەم پیاو دەکوژن و هەم جەو وەردەگرن.

"کوڕە باشەکان" رادەبوێرن.

کە واتە لەمەولا...

کێ تورکیاو یاساو سەقامگیری و بەختەوەری و ئازادی و دیموکراسی دەپارێزێ فەرماندەکەم؟!

بڵێی ئەوانیتر "کوڕی خراپ" بن.

واتە هاوڵاتیانی ئاسایی...

چونکە نە کوشتن دەزانن و نەش رابواردن...■

پەراوێز: محەمەد ئاغار: سەرۆکی پارتی رێگای راستەو یەکێک لە کەسە نەژاد پەرەستە ئەمنیە پشت پەردەکانە کە لەتیرۆری دەوڵەتی دژ بەکوردا دەستێکی باڵای هەبوە.

ژیتەم: رێکخستنی ئیستخباراتی جەندرمە.



„Und ich dachte immer, Europa würde auf einem Stier sitzen!“

پەنجەرەی کراوە

زمانی هەڕاجکراو

زریان رۆژهەڵاتی

کاتی خۆی زمانی کوردی قەدەغە بوو، تەنانەت ئەوەشی قسەی بکردایە، دەبوو بۆ هەر وشەیەک بیست و پێنج قوروشی لیرەی تورکی بدایە. ئێستاش هەر قەدەغەیە، بەڵام هەندێک بۆرە وەعد دراوە....

لەسەر کاغەزو بەناوی یاسا، لەچوار چێوەی مەرجەکانی یەکێتی ئەوروپادا زمانی کوردی سەبەستکراوە....

بەڵام کەش و هەوایەکی نادیار هەیەو زۆر کەس و لایەنیش ئاگای لێ نیە.

فیدراسیۆنی جیهانی فوتبۆل (FIFA) لەکتێبی ساڵانەی خۆیدا، ئەمساڵ لەبەشی زانیاری سەر وڵاتەکان زمانی تورکی و کوردی وەکوو زمانە رەسمییەکانی تورکیا لەقەڵمداوە. بەرپرسیارانی تورکیا یەکسەر داوایان لە(FIFA) کرد کە داوای لێبوردن بکات. ئەوان نەیانزانی، چووزانن کە قسەکردن بەزمانێکیتر لەتورکیادا رەزالەتە! ئەوان نەیانزانیوە کە هەروشەیەکی زمانی کوردی لەتورکیادا (٢٥)قورووش باجی هەبووە! بەپێی یاسا ناو نەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ قسەکردن و پەروەردە بەزمانی دایک مافێکی سروشتی هەر کەس و نەتەوەیەکە. مرۆڤ دەتوانێ دین و ئایدیۆلۆژیاکەی و تەنانەت شوێنی نیشتەجێبوونەکەشی بگۆڕێ و وەکو خۆی بمێنێتەوە. بەڵام کاتێک نەیتوانی بەزمانی خۆی قسە بکات و فێر ببێت و ناچاریان کرد کە زمانێکیتر بزانێت و قسەی پێبکات، ئەوکات مرۆڤ ناتوانێ بڵێ من خۆمم. عالەم چووزانێ لەتورکیادا کە خۆی بۆ ئەندامبوونی یەکێتی ئەوروپاو پێشخستنی دیموکراسی ئامادە دەکات شتی وا هەیە یان نا؟ لەتورکیادا لایەنێک پێیانوایە نەتەوەی تورک تاقە نەتەوەی سەر رووی زەوییەو زمانی تورکیش پاکترین و جوانترین زمانی دونیایە! بۆیە دەبێ هەر کەس بەو زمانە قسە بکات. بەگوێرەی ئەم لایەنە لەتورکیادا کەس نابێ باسی زمانی کوردی بکات، ئەوەی قسەی پێبکات تورکیا پارچە دەکات.

هەندێک لایەن پێیانوایە پرۆسەی بەئەندامبوونی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپا ئەم بۆچونە کەمرەنگ دەکاتەوە.

پێویستە ئەو تێگەیشتنە دروست ببێت کەدیوەزمەی نەتەوەو زمانی کوردی زمان و نەتەوەی تورک ناخنکێنێ. بەڵام دیارە ئەم هەویرە ئاوی زۆر دەکێشێ ... و ٢٥ قوروشەکەی قازانجی زۆرتر ی بۆ ئەوان تێدایە.■

کەنیسەو زانست، چیرۆکی بەدحاڵیبوون

هاشم ساڵح

و. لەعەرەبییەوە / دلێر

بەشی دووەم و کۆتایی

لێرەوە پێویستە کارەکان لەسەر ئەم ئاستەی قووڵی بیرکردنەوەی بابەتیانە لێک بدەینەوە، بۆئەوەی لەهۆکارەکانی ئەو قەیرانە تۆقێنەرە تێبگەین، کە هەر لەسەرەتای دروستبوونی زانستی تازەوە لەسەر دەستی کۆپەرنیکۆس و، گالیلۆ، کیبلەرو، دیکارت و.. هتد وە ئاگایی ئەوروپی تێکەوتووە. ئەوە قەیرانێک بوو کەئەوروپا تەنیا دوای سێ سەد ساڵ لەململانێ و جەنگو پێشکەوتن و پاشگەزبوونەوەو پێکدادانە ئازادییەکان و چەندین کارلێک ئینجا لێی دەرباز بوو. ئەمە هەمان ئەو قەیرانەیە کەهەنوکە ئاگایی ئیسلامی بەخۆیەوە دەیبینێ، چونکە هەڵوێستە گرژەکانی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی لەبەرامبەر نوێگەری و زانستەکەیدا لەهیچ شتێک دا جیاوازیان نییە لەگەڵ هەڵوێستی فەندەمینتالیزمی مەسیحی سەردەمی دیکارت و نیوتن و داروین دا. تەنیا جیاوازی لەنێوان ئێمەو ئەوانە دا ئەوەیە کەئەوان دوو سەد یاخود سێ سەد ساڵ پێش ئێمە بەم قەیرانەدا تێپەڕین، هەر ئەمەیە ئەو ماوە جیاوازە مێژوویییەیە کە کۆمەڵە ئیسلامیەکان جیادەکاتەوە لەکۆمەڵە ئەوروپییەکان ئەمەش بەو مانایە نایەت کەدەبێ ئێمەش سێ سەد ساڵ چاوەڕێ بکەین تاکو کێشەکەمان لەگەڵ هزری سەلەفی دا چارەسەر بکەین!. بەڵام بێ گومان ئەم کارە هەندێ کاتی دەوێ. کەناکرێ لەماوەی دە ساڵ یان بیست ساڵدا بەسەر ئەو قەیرانەدا زاڵبین، کەئەوروپییەکان دوو سەد ساڵیان ویست تاهەرسی بکەن و تێبگەن. هەر لەبەر ئەمە بوو پێشتر گوتم پێویستە لەسەر سەرۆک بۆش و سەرکردایەتی سیاسی و روناکبیری لەرۆژئاوا کە لەو هەلومەرجە نارەحەتە تێبگەن کەجەماوەری ئیسلامی هەنوکە تیایدا دەژی. چونکە جەماوەری ئیسلامی لەبەر هۆکارە ئەتنی و جەوهەری و بۆماوەییەکان دژی شارستانیەتی و مۆدێرنەتی نین، بەپێچەوانەوە ئەم جەماوەرە گەلێ کەسی تێدایە کەهەڵپە بۆ زانست و حەقیقەت و روناکی دەکەن. لەجیهانی عەرەبی ئیسلامی دا دەیان زانکۆ هەن و ملیۆنەها خوێندکاری کوڕو کچ هەن لەگەڵ ئەو هەلومەرجە سەختەدا توانیویانە زانست بەدەست بهێنی، بەتەواوەتی بەپێچەوانەوە ئەمانە هەموویان کەسانی سەلەفی پەرگیریە یاخود تیرۆریست نین! بەڵام ئەو گوتە بەڕاستی دەمێنێتەوە کەپێی وایە بەهۆی ئەو هەلومەرجە تراژیدیەوە کەزۆربەی کۆمەڵە عەرەبی و ئیسلامیەکان تێیدا دەژین و پاشان بەهۆی دارمانی سیستمی فێرکردنەوە لەنزمترین ئاستەکانیەوە تابەرزترین ئاستەکانی، هێشتا کێشە بنەڕەتیە مەعریفیەکان لەم کۆمەڵانەدا چارەسەر نەکراون.

کەنیسە بەتەنیا لەدژی زانستی فیزیکی و سروشتی و فەلەکیی نەدەجەنگا، بەڵکو لەدژی زانستە مێژوویی و مرۆڤایەتیەکانیش دەجەنگاو میتۆدو دەرئەنجامەکانی رەتدکردنەوە. بەڵکو ئەم دوو زانستەی بەزەندیق و دەرچوون لەدین تاوانبار دەکرد

لەم کتێبە بەنرخەدا کەبەهەردوو بەرگەکەیەوە لەهەزار لاپەڕە زیاترە، چەندین بەش بوونیان هەیە، کە بەتەنیا هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی هەندێک لەو بەشانە بیرۆکەیەکمان پێدەبەخشێ دەربارەی گرنگی و مەترسی ئەو بابەتانەی کەنوسەر لەدەرگای داون، کە لەناو ئەو بەشانەی کتێبەکەدا دەکرێ ناوی ئەمانە بەرین "گالیلۆ کەنیسەو زانستی نوێ. ئەو دابڕانە مەزنەی کە لەسەدەی حەڤدەهەم دا لەنێوان هەردوو لایەنەکەدا روویدا". هەروەها "ئەو وەرچەرخانە مەزنەی کە لەنێوان ساڵانی ١٦٨٠-١٧٢٠دا روویداو، چۆن فەندەمێنتالیزمی مەسیحی پراکتیک کردنی رەخنەی زمانەوانی و مێژوویی لەسەر تەورات و ئینجیل رەتکردەوە" "چونکە کەنیسە بەتەنیا لەدژی زانستی فیزیکی و سروشتی و فەلەکیی نەدەجەنگا، بەڵکو لەدژی زانستە مێژوویی و مرۆڤایەتیەکانیش دەجەنگاو میتۆدو دەرئەنجامەکانی رەتدکردنەوە. بەڵکو ئەم دوو زانستەی بەزەندیق و دەرچوون لەدین تاوانبار دەکرد. پاشان بەشێوەیەکی تایبەت ناوی ئەم بەشانەی کۆتایی کتێبەکە دەبەین: "کەنیسە جەنگ لەدژی زانستی نوێ بەرپا دەکات لەهەردووسەدەی نۆزدەو بیست داو زانستی نوێ بەساختە یاخود بەهەڵە تاوانبار دەکات"، هەروەها "ململانێی توندی نێوان مۆدێرنەتی و دۆگمای سەلەفی - کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم" پاشان "زەمەنی گفتوگۆ کرانەوە" دواتریش "زەمەنی مشتومڕە گەورەکان لەنێوان لاهوتیەکان و زانا تازەگەرەکاندا" .. هتد دواجار "جۆرج مینوا" بەم گوتەیە کۆتایی بەقسەکانی دەهێنێ. لەڕاستیدا دوو دابڕانی بنەڕەتی لەسەدەی حەڤدەهەمدا روویاندا، نەک دابڕانێک، چونکە لەدەوروبەری ساڵی (١٧٢٠)دا گالیلۆ سەربەخۆیی خۆی لەزانستی فیزیکی و فەلەکی راگەیاند بەپێی پێودانگی وێناکردنەکانی کەنیسەو کتێبە پیرۆزەکەی. هەروەها لەدەوروبەری ساڵی (١٦٧٠) "ریشارد سیمۆن" رایگەیاند کەدەشێ خوێندنەوەیەکی دیکە هەبێت بۆ تەورات و ئینجیل، بەجیا لەخوێندنەوەی سوننەتی یاخود خوێندنەوەی ئیماندارانەی گوێڕایەڵانە کەسەدان ساڵە بۆمان ماوەتەوە، بەم شێوەیە ئەوەی کەپێی دەوترێت خوێندنەوەی مێژوویی و زمانەوانی بۆ تێکستە پیرۆزەکان دامەزرا. کەبریتیە لەخوێندنەوەیەک کەدەق گرێدەداتەوە بەساتەوەختە مێژووییەکەیەوە. یاخود بەدوای لایەنی مێژوویی دەقی پیرۆزدا دەگەرێ. لێرەوە کارکەی "ریشارد سیمۆن" لەکرەکەی گالیلۆ کەمتر شۆڕشگێڕانەترو مەترسیدارتر نییە، بۆیە کەنیسە ئەویش گۆشەگیر دەکات و دەیچەوسێنێتەوەو ئیدانەی دەکات. چونکە سەلەفیەتی مەسیحیش لەو باوەڕەدا بوو کەتێکستەکانی و بیروباوەڕەکەی و سرووتەکانی سەرمەدی و ئەبەدین و هەرگیز گۆڕانکاریان بەسەردا نایەت. هەروەها پێی وابوو ئەمان لەسەروو مێژوو لەسەروو زەمەنەوەن، یاخود بەرزترو باڵاترن لەمێژوو زەمینی بۆیە پاراستنی پێویست نییە، بەڵکو ئەوەندە بەسە کە لەسەرەوە ئاراستە کراون. دواجار لەبەرئەوەی "ریشارد سیمۆن" تاوانێکی راستەقینەی ئەنجامداوە کاتێک کەپەی بەلایەنی مێژوویی تەورات و ئینجیل برد، یاخود کاتێک کەمێژوی ئەم تێکستانەی گرێداوەتەوە بەوسەردەمەکۆنانەوە کەتیایدا نوسراون، بەدڵنیایی ئاگایی ئیماندارانە، یاخود هۆشیاری گوێڕایەڵانەی غەیبانی دوچاری شۆکێکی توند دەبێ، کاتێک "ریشار سیمۆن" لەساڵی ١٦٨٧دا کتێبە بەناوبانگەکەی بڵاودەکاتەوە بەناونیشانی: توێژینەوەیەکی مێژوویی رەخنەیی بۆکتێبی پیرۆز "پەیمانی کۆن" واتە بۆتەورات، پاشان بۆتەواوکردنی کتێبی یەکەم لەساڵی ١٦٨٩دا کتێبێکی دیکە بڵاودەکاتەوە بەناوی: توێژینەوەیەکی مێژوویی رەخنەیی بۆکتێبی پیرۆز (پەیمانی نوێ) واتە بۆ ئینجیل. لێرەوە "ریڤار سیمۆن" تەفسیری زانستی دەبەخشێتە تێکستە پیرۆزەکان و لەم بوارە زۆر هەستیارەدا شۆڕشێکی کۆپەرنیکی بەرپا دەکات، بەدڵنیایی ناوبراو بەم کارە سەرەتای تێگەیشتنی عەقڵانی بۆ ئاینی مەسیحی و سەرەتای سەردەمە تازەکان لەئەوروپا، دادەمەزرێنێ، چونکە سەردەمی رۆشنگەری کەراستەوخۆ بەدوای "ریشار سیمۆن" دا دێت، جگە لەقوڵکردنەوەی هێڵی کارکردنی ناوبراو و دەرهاویشتنی هەموو دەرئەنجامە شیتمانەکان لەهێڵی کارکردنەکەی، هیچ شتێکی تر ناکات. هەمان ئەم رووداوەش سەرەتای دەستپێکردنیەتی لەجیهانی ئیسلامیدا. لەم بارەیەوە "بڕوانە هەوڵەکانی هەریەک لەمحەمەد ئەرکۆن و نەسر حامد ئەبو زەیدو، ئەوانی تر" ئەم هەوڵانەش هەمان ئەو پەرچە کردارە توڕەو توندانەیان وروژاند، کە لەڕابردودا هەوڵەکەی "ریشار سیمۆن" لەناوەندی مەسیحی کاتۆلیکی دا وروژاندی. هەربۆیە گوتم قەوارەی جیاوازی مێژوویی نێوان ئەوروپاو جیهانی ئیسلامی، لەوەدا کە وابەستەیە بەم خاڵەوە، بەلایەنی کەمەوە دەگاتە سێ سەدە.

پاشان ئەوروپیەکان لەوە سەرسام دەبن کەبۆچی لەنێوان ئێمەو ئەواندا ئەم پێکدادانە توندانە روودەدەن، یان بۆچی بن لادن و گروپەکەی دەردەکەون! ئەم کارانە زۆر لۆژیکی دەردەکەون بۆکەسانێک کەمێژووی قوڵی فیکر دەخوێننەوە. یان بۆ ئەوکەسانەی کەدەزانن ئەو خەرەندە چەند قوڵە کەپێشکەوتنی ئەوروپییەکان لەدواکەوتنی ئێمە جیادەکاتەوە.. چونکە وەک پەندەکە دەڵێت: گەر هۆکارەکەمان زانی، سەرسامیەکەمان دەرەوێتەوەو نامێنێت.. بەدڵنیایی ئەمە مانای وا نییە کەخودا ئەوانی لەو قوڕە دروست نەکردووە، کەمرۆڤ پێ

سەلەفیەتی مەسیحیش لەو باوەڕەدا بوو کەتێکستەکانی و بیروباوەڕەکەی و سرووتەکانی سەرمەدی و ئەبەدین و هەرگیز گۆڕانکاریان بەسەردا نایەت. هەروەها پێی وابوو ئەمان لەسەروو مێژوو لەسەروو زەمەنەوەن، یاخود بەرزترو باڵاترن لەمێژوو

خولقاندووە: بەڵام هەلومەرجێکی مێژوویی دیاریکراو بووەتە مایەی پێشکەوتنی ئەوان و دواکەوتنی ئێمە، هەرکاتێک بارودۆخەکەمان گۆڕا ئێمەش پێشدەکەوین و شارستانیەتێکی عەرەبی ئیسلامی تازە دادەمەزرێنین، کە لەشارستانیەتەکەی رابردوومان مەزنتربێت..■

×سەرچاوە: لەئەنتەرنێتەوە، سایتی "هاشم صالح"..

ئایندەی مارکسیزم

نانسی فراستەر

و: عەزیز رەئوف

لەیادی تێپەڕبوونی سەدوو پەنجا ساڵ بەسەر نوسینی مانیفێستی کۆمۆنیستدا زۆر گرانە بتوانین خۆ لەم پرسیارە قوتار بکەین: ئایا مارکسیزم خاوەنی چ ئایندەیەکە لەسەردەمی ئێستای پاش سۆشیالیستدا (postocialist) رەنگە وەڵامی پرسیارەکە بەم شێوەیە بێت: مارکسیزم وەک گوتارێکی فەلسەفی لەبواری سیاسەتدا لەکۆمەڵی سەرمایەداریدا وەزیفەی کۆتایی هاتووە. چونکە مارکسیزم زیاتر تیورێکی رەخنەیییەو زیاتر هەڵگری ململانێیە دژ بەکۆمەڵی سەرمایەداری "کاپیتالیزم" بۆ زیاتر بەڵگەی ئەم راستییە جوڵەی پۆست مارکسیستەکان لەکۆمەڵی سەرمایەداریدا خۆی لەتیۆری رەخنەیی دا دەبینێتەوە هەر لەو بوارەدا تیۆری پۆستراکچرالیت و گوتاری فیمینستی و تیۆری رەخنەو ململانێی رەگەزی دەردەکەوێت.

لەبیری مارکسیزمدا تاک گەرایی رۆڵی کاریگەری نییە هێندەی بیروباوەڕێکی دەست جەمعی لەسەر ئەنتی کاپیتاڵیست کۆکن. بەڵام لەکۆمەڵی سەرمایەداریدا بیرۆکەی مارکسیزمی نوێ دەردەکەوێت کەبەشداریەکی کارای کۆمەڵ دەکەن بەجیاواز لەمارکسیزمی پەتی و رەخنەکانیان تەنها دژ بەکاپیتالیست نییە بەڵکو رەخنە لەمۆدێلی سیاسی و کۆمەڵی داخراوو تەنانەت کلتوری ئاینیش دەگرن بەڵام بەرەچاوکردنی ئەوی تر بەجۆرێک کەئاڵوگۆڕی فیکری لەگەڵ ئایدۆلۆژیاکانی تردا دەکەن.

بەڵام ناکرێت بیری پۆست مارکسیزم لەم سەدەیەدا بەبێ قەیران ببینین بەوپێیەی کەکۆمەڵ لەکرانەوەیەکی گشتگیردایە رەگەزەکان تێکەڵ بوون و کلتورەکان بەڕووی یەکدا کراونەتەوە بەجۆرێک کەچەمکی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی و کۆمەڵی مەدەنی تەواو ئایدۆلۆژیا تاک لایەنی و تیۆری توندوتیژی ئاینی کوشتوە.

هەمومان کۆکین لەسەرئەوەی کەفیکری مارکسیزم لەململانێی چینەکان پێک هاتووە، لەمێژووی مارکسیزمدا بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و ئافرەتان و کرێکاران لەخەباتدا بوون دژ بەو جیاکارییە رەگەزییەی کە لەکۆمەڵدا بەدی دەکرا، هەموو بزوتنەوە شۆڕشگێڕیەکان لەبزوتنەوەی مارکسیزمدا ململانێیەکی بێ وێنە بوون لەنێوان رەگەزەکاندا، ململانێ بوون لەنێوان کرێکارو سەرمایەداردا کرێکاران خاوەنی هیچ نەبوون بۆیە نەدەترسان لەدەستی دەن چونکە هیچیان نەبوو. لەململانێی چینەکاندا مارکسیزم پەیوەندییەک بەرهەم دێنێت کەمرۆڤەکان یەکسانن وە دەبێت لەڕووی سەرمایەشەوە یەکسان بن لەترادسیۆنی مارکسیزمدا ململانێی تاکەکان پابەندە بەململانێی کۆمەڵەوە کەئەمەش پێشتر لای هیگڵ بەرجەستە بووە، هیگڵ بەهەمان شێوەی مارکس پێی وایە لەتاکەکان بەدەر نین لەکەلهوری کۆمەڵگە تاکەکان مەخلوقێکی کۆمەڵایەتین، بەڵام پێک هاتە کۆمەڵایەتیەکان و خێزان و کەلتوری هاوبەش تاکەکانی کۆمەڵی یەک خستوەو کۆمەڵی پێک هێناوە.

بیرۆکەی مارکسیزم هەڵگری کێشەی گەورەیە لەئێستادا بەوپێیەی کەتاکەکانی کۆمەڵ لەشۆڕشێکی دەستە جەمعی دژ بەکاپیتالیزمدا ماندوو دەکەن لەکاتێکدا تێڕوانینی ئێستای کۆمەڵ بۆ چەمکی (کرێکار) هەمان ئەو تێڕوانینە نییە کە لەسەردەمی نوسینی (مانفێستی کۆمۆنیستدا) بۆ کرێکار هەبووە، لەسەر رۆشنایی گەشەپێدانی مێژوو لەرۆژهەڵات و رۆژئاوا.. پێویستە جارێکی تر بیر لەپێک هاتەی چەمکە فەلسەفەیەکان بکەینەوە. چەمکە فەلسەفییەکان لەپێکهاتەی گروپی کۆمەڵایەتییەوە پەیدا بوون، بەمانایەکی تر ململانێ کۆمەڵایەتیەکان و شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکان بەرهەمێنی چەمکە فەلسەفیەکان بوون، چەمکی (مارکسیزم) یش بەهەمان تێڕوانین زادەی سەردەمێکی دیاری کراوە، لەسەردەمی پیشەسازی و دروست بوونی کارگەکاندا لەسەدەی نۆزدەدا دەبوو چەمکێک بەناوی جیاوازی چینەکان و دابەش بوونی سەرمایە لەنێوان کرێکارو خاوەن کارگەکاندا بێتە کایەوە. هەربۆیە مارکس (مانفێستی مارکس) بەهاوکاری ئینگلسی هاورێی دەنوسێتەوە.

بەڵام بیری پۆست مارکسیزم هێندەی تیورێکی رەخنەییە هێندە چەمکێکی شۆڕشگێڕانە نییە هەڵگرانی ئەم چەمکە دیراسەی کلتورو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان بەگوتارێکی رەخنەیی کەسەرچاوەکەی لەفکرەی مارکسیزمەوە سەرچاوە دەگرێت ئەوان بەشێوەیەکی تیۆری دیراسەی پەیوەندی نێوان رەگەزو کۆمەڵ دەکەن هەڵگرانی بیری پۆست مارکسیزم کەمتر شۆڕشەکانیان لەبزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکاندا جێ دەکەنەوە بەڵکو ئەوان تەنها رەخنە لەسیستەمی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی بێ هاوتای سەرمایەداری دەگرن، لەبەرئەوە پێک هاتە کۆمەڵایەتیەکان لەئەمڕۆدا پێویستیان بەناسینی چەمکە فەلسەفیەکان هەیە.

تاک ئایدۆلۆژیایی لەکۆمەڵی ئەمڕۆدا هەڵگری ئیشکالیەتی گەورەیە. بەوپێیەی چەمکە فەلسەفەیەکان لەنێوان تیۆرو پراکتیکدا خۆیان لەقەیرانێکی گەورەدا دەبیننەوە. پرسیارێکی تر دێتە گۆڕێ تا چ رادەیەک چەمکی پۆست سوسیالیست لەکلتورە جۆراوجۆرەکاندا هەڵگری تێڕوانینێکی نوێیە ئەمە ئەو پرسیارەیە کەهەریەک لەبزوتنەوە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بەچاوێکی رەخنەیییەوە تێی دەڕوانن.

مەبەستی من لەم وتارەدا جیاکاریەک بوو لەنێوان چەمکی مارکسیزم و پۆست مارکسیزمدا لەکۆمەڵی سەرمایەداریدا. ئەوەی من ویستم باسی بکەم قسەکردن نەبوو لەسەرشتە وردەکانی ناوفەلسەفەی مارکسیزم و بەتایبەتی چەمکی تاک گەرایی بەڵکو من ویستم چەند شتێک بورژێنم لەسەر چەمکی پۆست مارکسیزم بەجیاواز لەو چرکەساتەی کەمانفێستی کۆمۆنیستی تیادا نوسراوە.

گەر بمەوێت بەشێوەیەکی زانستی دیراسە لەسەر چەمکی مارکسیزم بکەم ناکرێت تیۆری فیمینیزم و تیۆری ململانێی رەگەزەکان فەرامۆش بکەم، بەڵکو مەبەستم بوو تەنها لەجیاوازی یەکانی نێوان مارکسیزم و پۆست مارکسیزم بڕوانم کەبەجۆرێک هەم تیۆرێکی رەخنەییەو تاک لایەنە ناتوانرێت شیبکرێتەوە. بەڵکو پێویستی بەتێڕوانینی مێژوویی هەیە لەبارەی سەرهەڵدان و کێشە کۆمەڵایەتیەکان و دەسەڵاتی سەرمایەدارو چینی کرێکار لەسەردەمی کارڵ مارکسدا.■



کارل مارکس

ئێمە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵمان هەیە

وتو وێژێکی کورت لەگەڵ عیرفان رەهنمون بەرپرسی پەیوەندیەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەسلێمانی:

ساز کردنی: نەبەز محەمەد

پ: بەڕێز کاک عیرفان رەهنمون سەبارەت بەحیزبو لایەنە سیاسیەکانی کورد لەکوردستانی رۆژهەڵات، هەواڵێکی واهەیە کە ئەمرۆ ئەمریکا زۆر کار بۆ یەکخستنەوەو نزیکبونەوەیان لەیەکتر دەکات وەکوو دروستکردنی بەرەیەک ئەمەش تەقریباً بەئاشکرا لەراگەیاندنەکانی ئەمریکادا رەنگی داوەتەوە. جەنابت هەست ناکەیت وەرچەرخانێک هەیە لەسیاسەتی ئەمریکادا لە رۆژهەڵاتی ناوەراستو بەتایبەت لەئاست دۆزی کورد؟؟

و: ئەوەی راستی بێت دوای کارەساتی (١١)ی سێپتامبەر ئەمریکا بەو دەرئەنجامە گەیشت کەبۆبن برکردنی تیرۆر دەبێت بێتە ناو رۆژهەڵاتی ناوەراست وە پرۆسەی دیموکراتیزاسیۆن لەبەری ئەمریکا لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا بەرێوە ببات. هەموشمان دەزانین کە نەتەوەی کورد، نەتەوەیەکە کە حەشیمەتێکی زۆری هەیەو لەمەوقەعێکی جوگرافیایی و ژیئۆپۆلۆتیکی زۆر گرنگدا جێی گرتووە. لەبەر ئەوە زۆر جار ئەمریکا بۆ پرۆژەکانی خۆی کەڵک لەدیموکراتیکی کورد لەهەمو پارچەکانی کوردستان وەردەگرێ و ئێمەش دەبینین دوای تەواو بوونی جەنگی سارد نەوعێک هاوتابون هەیە لەگەڵ ئامانجەکانی بزوتنەوەی کوردو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا. ئەوە شتێکە دوای تەواو بوونی جەنگی سارد، ئەو شتە موسەلەم بووە چونکە پێشتر ئەمریکا بەپێی ئەورکەبەریەتە کە لەگەڵ سۆڤیەت هەی بوو، پشتیوانی لەوڵاتە کۆنەپەرستو دوا کەوتوەکانی ناوچە دەکرد بۆئەوە کە کۆمۆنیزم نەگاتە سەرئاوە گەرمەکانی خەلیج.

پ: ببورە کاک عیرفان ئەگەر لێرەدا ڕات بگرین ئەمانەوێ زیاتر رونکردنەوە بدەن لەوبارەوە کە هەندێک خەبەر هەیە کە کۆبونەوەی جیدی بووە لەئەمریکا بەسەرپەرشتی ئەمریکاوە لەنێوان کۆمەڵەو دیموکراتو حیزبە جیاجیاکانو گەلە جیاجیاکانی ئێراندا، لەوبارەیەوە ئەگەر جەنابت زیاتر باسمان بۆ بکەیت.

و: ماوەی نزیکەی دوو مانگ لەوەوپێش، دامەزراوەیەک هەیە لەئەمریکا کە دامەزراوەیەکە زۆر گرنگەو کاریگەری لەسەر سیاسەتەکانی ئەمریکا هەیە، لەسەر وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا هەیە بەناو "ئەمریکا ئینتەرپرایس"، ئەو دامەزراوەیە کۆنفرانسێکی گرت بۆ باس لەسەر فیدرالیسم لەئێراندا. لەو کۆنفرانسەدا نوێنەرانی هەموو گەلانی ئێران وەک کورد، عەرەب، بەلووچ، ئازەری دەعوەتی ئەو کۆنفرانسە بوون. لەلایەن گەلی کوردی ئێرانەوە، نوێنەری حیزبی دیموکراتی ئێران کاک مورتەزا ئیسفەندیاری لەواشنتۆن ئامادەی ئەو سیمینارە بوو، لەو سیمینارەدا باسی لەمێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کردو باسی لەوە کرد کە دروشمی ستراتیژیکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیموکراتیک، کۆمارێکی دیموکراتیکی فیدراڵیەو زۆربەی باسەکان لەو کۆنفرانسەدا، لەدەوروبەری مەسەلەی فیدرالیزمو ئەوانە خولی دەخوارد کە ئەوە تەقریباً دەتوانین بڵێین بەوەرچەرخانێک دەبینرێ لەسیاسەتی ئەمریکا هەرچەند ئەو بونیادە بونیادێکی لێکۆڵینەوەیە، بەڵام بونیادێکی دەوڵەتیە یەعنی کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەیە بەتایبەتی لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا.

عیرفان رەهنمون - ئەندامی سەرکردایەتی (ح.د.ک)ی ئێران

پ: لەرووی راگەیاندنەوە چەند ئیهتمامدراوە بەو خەبەرە؟

و: ئەوەی کە من ئاگادار بم تەلەفیزیۆنی ئەمریکا(VoA) ئەو بەرنامەیەی بڵاو کردەوە چەند جار، ئەڵبەتە کۆنفرانسەکە بەزمانی ئینگلیزی بوو، لەکەناڵێکی تەلەفیزیۆنی ئەمریکا هەیە بەرنامەی فارسی بڵاودەکاتەوە بەناوی(خبرها و نظرها)، لەو بەرنامەشەوە من ئاگادارم، سێ جار راپۆرتی لەسەر فیدرالیزمو لەسەر کێشەی گەلانی ئێران پێشکەش کرد. لەو راپۆرتەداکە (خبرها و نظرها)، پێشکەشی کرد، باسی لەوە کرد کە بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لەدەستی دەوڵەتی ئەمریکا دایە، گەلانی ئێران بەسەر یەکەوە زیاترن لەگەلی فارس کە ئێستا بەسەر هەموو گەلانی ئێرانا حکومەت دەکا. ناسیۆنالیزمی فارس کە ئاوێتەیەکی مەزهەبیشی لەگەڵایە، ماهیەتێکی مەزهەبیشی هەیە. لەوێ باس لەوە کرا کە گەلانی ئێران لەو باوەرەشدان کە دەبێ لەدەسەڵاتدا بەشدار بن و تەنیا رێگەی بەشداری ئەوان لەدەسەڵاتدا، پاراستنی چوارچێوە جوگرافیاییەکانی ئێرانە، بەڵام بەو مەرجەی کە هەرێمەکانی فیدراڵ لەئێراندا لەمەرکەزدا لەناوەندی دەسەڵات لەئێراندا بتوانن بیروبۆچوون و روانگەی خۆیان باس بکەن و کاریگەرییان لەسەر سیاسەتە گشتیەکانی ئێرانی دیموکراتیکی فیدراڵ هەبێت.

پ: کاک عیرفان ئەگەر جەنابت موتابعەت کردبێت ئەو کاتەی کە بەرێز مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵ لەئیتالیا سەردانی پاپای کردووە، لەو سەفەرەدا پرسیارێکیان لێ کردووە کە لەو کۆبوونەوەدا باسی چی کراوە، ئەو ئاماژەی بەوەدا، باسی گەلی کورد کراوە بەتایبەتی لەپارچەکانی تریش، جەنابتان کە باسی مەسەلەی فیدراڵیەت دەکەن لەئێراندا، ئەوە وەکو مەوزوعێکی جیدی لەلایەن ئەمریکاشەوە هاتۆتە پێشەوەوە قەسەو باسو لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە. ئەم پەیوەندیە جەنابت چۆنی ئەبینیو قسەت چیە لەوبارەیەوە؟

و: وەڵا من گوێم لەو وتەی بەرێز مام جەلال نەبووە ئەوەی راستی بێ، بەڵام تەبیعەتەن مەسەلەی کورد دابراو نیە لەیەکترو هەر سەرکەوتنێک، هەر نسکۆیەکیش و هەر پاشەکشەیەکیش لەهەر پارچەیەکی کوردستاندا بۆ هەر بزوتنەوەیەک لەپارچەکانی کوردستاندا بێتە ئاراوە کاریگەری لەسەر پارچەکانی دیکەی کوردستان دادەنێت. کورد بەگشتی ئێستا دەتوانم بڵێم دەتوانێ ببێتە میکانیزمی یا شەمەندەفەری گۆڕان لەرۆژهەڵاتی ناوەراستداو ئەو شتە بەروونی دەردەکەوێ ئێستە ئەگەر تەماشا بکەیت بۆ نمونە لەکوردستانی تورکیە، تورکیە مەجبورە بچێتە ناو یەکێتی ئەوروپا، دە ساڵیان بۆ داناوە کە لەرووی ئابووری و لەرووی سیاسیەوە خۆی لەگەڵ ئیستانداردەکانی یەکێتی ئەوروپادا بگونجێنێ لەرووی سیاسیشەوە تەبیعەتەن مەسەلەی کورد گەورەترین مەسەلەی سیاسییە لەسوریاش حیزبی بەعس لەدواین کۆنفرانسی خۆیدا باس لەوە دەکا کە ئەبێ ناسنامە بەکوردەکانی سوریە بدرێت. ئەوە خۆشبەختانە لەکوردستانی ئێراق فیدرالیزم چەسپیوەو کار بۆ چەسپاندنی زیاتری مافەکانی کورد لەم بەشەی کوردستانیش درێژەی هەیەو لەکوردستانی ئێرانیش وەک باسمان کرد ئێستا ئێمە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵمان هەیە کە نوێنەرانی گەلانی بەلووچ، عەرەب، تورکمان و کورد تیایدا بەشدارن بەهەر دوو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران.

پ: کاک عیرفان لەکۆتاییدا زۆر سپاست ئەکەمو خۆشت ئەگەر قسەیەکت ماوە یان بابەتێک کە من پرسیارم نەکردبێت.

و: سپاستان ئەکەم بۆ ئەم چاوپێکەوتنە.■

ئایشمەن لەئۆرشەلیم

ئەکبەر گەنجی

لە فارسیەوە: دڵشاد خۆشناو

١. ئادۆلف ئایشمەن ناسراو بەخاوەنی بیرۆکەی سیاسەتی نەهێشتنی یەهودییەکان لەجیهاندا، ساڵی (١٩٦٠) لەئەرژەنتین رفێنرا، دوای دادگاییکردنی لەساڵی (١٩٦٢) لەسێدارە درا. هانا ئارنت بەشدارییکرد لەدانیشتنەکانی دادگایی ئایشمەن و دواتر کتێبێکی نووسی بەناوی (ئایشمەن لەئۆرشەلیم) کەتێیدا باسی دادگاییکردنی ئایشمەن و هۆیەکانی دڕندایەتی سەردەمی نازییەکانی کردبوو.

دادگایی ئایشمەن لەلایەن ئەخلاقی- عەقڵانی و یاسایی، دادخوازو دادوەرەکانی رووبەرووی کێشەو گرفتی جۆراوجۆر کردەوە، ئایشمەن تاوانبار بوو، بەڵام ماهییەت و سنووری تاوانەکەی بەم روونییە نەبوو کەپێشتر هەستی پێدەکرا.

یەکەم: لەبارەی رۆڵی ئەو لە(دواین چارەسەر) زۆر زیادەرۆیی کرابوو.

دووەم: تاوانی ئایشمەن دەگەرایەوە بۆ پێکهاتەی گشتی و سیاسیی رژێمی نازی، نوخبەکانی نازی بۆ بەدەستهێنانی شانازی و پێشکەوتن لەرژێمداو ئەنجامدانی کاری دڕندانەو توندوتیژیی، بەردەوام لەپێشبرکێی توندداە بوون، پێشبرکێ لەسەر کۆتکردنی دژەکانیان و دڕندایەتی کردن.

وادەزانرا کەبیرۆکەی نەهێشتنی یەهودییەکان بەرهەمی چێنراوی زەینی هیتلەرو هیملەر (سەرۆکی S.S و پۆلیسی نهێنی)ە، پیاوانی رژێم بۆ خزمەت بەئایدیۆلۆژیای ناسیۆنال سۆسیالیزم و نزیکبونەوە لەدەسەڵات، تاوان ئەنجامدەدەن، لەلایەکی تر لە(S.S) شوێنێک نەبوو بۆ پرسیارکردن، تەنیا جێبەجێیان دەکرد، ئەو دەسیسانەی کە لەسەرەوە ئامادە دەکران پیاوانی خوارەوە تەنیا جێبەجێیان دەکردو هیچ کاتێک لەو کەشوهەوایەدا رێگەیان بەخۆیان نەدەدا کەبیربکەنەوە یان تەنانەت مافی ئەوەشیان بەخۆیان نەدەدا کەبیربکەنەوە.

ئەوان ئەو کارەساتانەیان بەسەر خەڵک دێناو دەیانگووت بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانمان ناچارین ئەو شتە ناخۆشانەش ببینین، بۆیە شایستەی ئەوەن کەخەڵک دڵی بۆیان بسووتێت، چونکە بەپراکتیزەکردنی تاوانەکان ئەو بەرپرسییە ترسناکە دەگرنە ئەستۆی خۆیان.

گرفتی دادوەرەکان ئەوەبوو کەئەو تاوانە بخەنە پاڵ کێ، جێبەجێکەران تەنیا تاوانەکەیان جێبەجێ دەکرد، بەڵام لەپۆلیسی نهێنیدا تەنیا نهێنی پارێزان و زاناکان هێمای بڕیارەکانیان دەزانی و هەر ئەوان دەیانزانی ئەو بڕیارانە لەچ شوێنێکەوە دەردەچن.

بکوژان بەبڕیار تاوانەکانیان ئەنجامدەدا، بەڵام گرفتی دادگایی ئایشمەن ئەوەبوو کەئایشمەن هیچ کات دەستی نەچووبووە خوێنی کەس، ئایشمەن دێو خێو نەبووەو جەسارەتی کوشتنی کەسی نەبوو.

دادگایی ئایشمەن بەو ئەنجامە گەیشت کەهەرچەندە لەوکەسانەی کەبەدەستی خۆیان ئامێرەکانی کوشتنیان بەدەست گەوتووە دوورتر بکەوینەوە، توندی بەرپرسیاریی زیاتر دەبێت. ئەو کەسانەی کەهەرگیز کەسیان نەکوشتبوو، زۆر تاوانبارتر بوون لەو کەسە بەدبەختانەی کەرۆڵی بکوژانیان گێرابوو، بکوژانی راستەقینە ئەو کەسانەن کەئەو بیرۆکەیەیان دارشتووەو ئەو بڕیارانە دەردەکەن، بەڵام خۆیان توانای بینینی ئەوکارە تاوانکارییەیان نییە.

ئەکبەری گەنجی - نوسەرو رۆژنامەنووس

٢. کالون، (میکائیل سروە)ی بەهۆی تێگەیشتنی دینی، خوێندنەوەی مەسیحییەت، دادگاییکردو لەئاگرسووتاندی، تەواوی پلان و دادگایی و مەحکومییەتی سروە لەلایەن کالون دارێژرابوو، بڕیاری دادگا بەمشێوەیە بوو: میکائیل سروە، ئێمە تۆ مەحکوم دەکەین، زنجیرت بکەن و بتهێننە شامیل و بەزیندوویی بتسوتێنین بەکتێب و دەستنووسەکانتەوە کە پاشماوەت جگە لەخۆڵەمێش هیچیتر نەمێنێتەوە، چارەنووسی تۆ دەبێت بەمشێوەیە کۆتایی پێبێت، تا ببێت بەعیبرەت بۆ ئەوانەی تر کەدەیانەوێت بیرۆکەیەکی وا لەمێشک پەروەردە بکەن، و بەمشێوەیە ئاگادار بکرێنەوە. بەڵام کالون لەو شوێنە نەبوو کەئەو کوشتنە بێشەرمەی برا دینییەکەی تێدا ئەنجامدرا، و لەنزیکەوە ببینێت، کالون ئەم کارە پڕشەرمەی بەجەلادە دڕندەکەی (فارل) سپارد. کالون لەتاوان خستنەپاڵ یاری بەمێشککردن و مەحکومکردنی ئەو بەمەرگ، تەواو بێ گوناه بوو، لەگۆرەپانی تاوانەکە ئامادەنەبوو، بۆئەوەی باری گوناهەکە بکەوێتە ئەستۆی خەڵکانی تر، کالون تەنانەت لە یەکێک لەئەشکەنجەو سووتاندنەکانیش ئامادە نەبوو.

٣. روبسپیر یەکێکی تر بوو لەتیۆر دارێژەرانی کەتوانای بینینی لەسێدارەدانێکی نیە، نەخوازەڵڵا چۆن دەتوانێت جێبەجێی بکات، بەڵام لەسەر بنەمای ئاراستەی ئایدیۆلۆژی بڕیاری کوشتنی سەدان کەسی دا.

بۆ نموونە لەکاتی جێبەجێکردنی بڕیاری سەربڕینی دانتون بە گیوتین، روبسپیر لەماڵەکەیدا لەژێر سەرچەفدا خۆی شاردبووەوە، ئەو دیکتاتۆرەی سەردەمەکەیان بەسەردەمی ترس و تۆقاندن باس دەکرێت، خۆی توانای بینینی کوشتنێکی نەبوو.

٤. قوربانیکردنی خەڵک لەپێناو ئایدیۆلۆژیایەک کەکەس نازانێت لەکوێوە هاتووە، ئەندێشەیەکە بەهۆی زانایان لەخزمەت خۆپەرستان کورتکراوەتەوە. ئەوەی ئەمرۆکەش پێویستە بۆ مرۆڤایەتی ئەوەیە کەبەقوربانیکردنی خەڵک لەپێناو ئایدیۆلۆژیا کارێکی نائەخلاقیەو دوورە لەعەقڵانییەت، مەگەر ئەوە نییە کەئایدیۆلۆژیاکان بەڵێنی یەکسانی و بەختەوەریی و مافی مرۆڤ بەخەڵک دەدەن. کوشتنی دژە ئایدیۆلۆژیاکان بۆ دادوەریی کالونیسم، شۆرشی گەورەی فەرەنسا، سۆسیالیزم، ناسیۆنال سۆسیالیزم و.. یەکسانی نییە تاوانە، تاوانێک کەرێبەرانی ئایدیۆلۆژی بەر لەجێبەجێکەران تاوانباران. ئەو قوتابخانەیەی کەتاوان و نابووتکردن ئاراستە بکات بۆ دژە ئایدیۆلۆژییەکانی خۆی هیچ پەیوەندییەکیان بەعەقڵانییەت و ئەخلاقەوە نییە، تاوانە کەکراسی قوتابخانەی کراوەتەبەر، نابێت رێگا بدرێت تاوانکاران خۆیان بشارنەوە لەپشت ئامانجە سەرەکییەکانی مرۆڤایەتی وەکو یەکسانی و بەختەوەریی.

بەدرێژایی مێژوو بکوژانی راستەقینە هەمیشە خۆیان شاردۆتەوەو تاوانەکانی خۆیان خستووەتە پاڵ خەڵکانی تر، بەڵام دادگای مرۆڤایەتی فریوی شاردنەوەو ساختەکاریی و گەواهی درۆی نەخواردووە، لەکۆتاییدا بەدادوەری خۆی دەمامکی لەسەر تاوانباران و شەرخوازان لابردووە.

تاوان لەپێناو خواش هەر تاوانە، نەک دینداریی بەرهەمی بەدابونەریت بوون (سکولاریزاسون) دین بەتوندوتیژی و تاوان توندەبێت.■

ئەرێ و نەرێ لەتەرازووی ویژداندا

رەفعەت محەممەد (مورادی)

ئەو کوردەی کە رۆژی شەممە ٢٠٠٥/١٠/١٥ لەبەردەم سندوقەکانی دەنگداندا پەنجەی بەبەڵێ سور کرد، بەدڵنیاییەوە ئەو رۆڵە کوردەیە کە خەمی پاراستنی دەسکەوتەکانی گەل، ئەو دەسکەوتانەی کە بەرهەمی چەند سەدە خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان و بەرهەمی خوێنی شەهیدان و ماندویی پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی کوردستانە، پاڵنەری بوو، ئەو کوردەی کە بەڵێی کرد بۆ دەستوور ئەرکی نیشتمانی و نەتەوایەتی و وەفا بۆ شەهیدان و سەرکردەکانی پاڵی پێوەنا تا وەک ئەو سای خەباتی شاخ و شار، وەک رۆژانی سەخت و دژواری بەرەنگاری و خۆ بەخت کردن جارێکیتر بۆ بەرگری و سەروەری خاکی پیرۆزی نیشتمان بەخەنەی کوردایەتی، پەیمانی عەهدو وەفا پەنجە مۆر بکات ئەوانە هەژاران و رەنجدەرانی شارو لادێ بوون، ئەوانە بوون کە رۆژە سەخت و دژوارەکانی سەردەمی بەعسیان لەبیر مابوو، ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەیان لەبیر مابوو، ئەوانە بوون کە لەهەڵو مەرجی ئەمرۆی گڵۆباڵیزم تێگەیشتن، لەسیاسەت و ستراتیژی وڵاتانی زل هێزو دەرفەتە دەگمەنەکان تێگەیشتن تاپردێک بۆ رزگاری و سەربەخۆیی، تاجێ پێیەک بۆ سەرکەوتن لەچیای سەخت و دژواری رۆژگاردا دروست بکەن، تا هیوا و متمانە ببەخشن بەکوردی هەموو پارچەکان....

وتمان بەڵێ: تا لە لۆژیکی دیالۆگ و لەمەیدانی دیموکراسیشدا پێشمەرگە بین تابسەلمێنین کە داکۆکیکەری ئازادییە مەدەنی و تاکە کەسییەکانین. لۆژیکی پێکەوە ژیان و رۆحی ئاشتیخوازی و یەکسانخوازیمان تێدایە.

ئێستا ئاسودەین، ئاسودەین بەوەی کە جیهانمان لەگەڵدایە، دەستورمان لەگەڵدایە، ئەوەی هەمانبوو پاراستمان، رێگامان بۆ دوا رۆژ هەموار کرد ئێستا کوڵمان سووک بووەو رێگەش تا ترۆپکی هیواو ئارەزوەکانمان زۆر نزیکتر بووەتەوە. ئێتر پەشیمان نین لەوەی وتمان بەڵێ بۆ دەستوور.■

لە رۆژهەڵاتەوە

خۆسووتاندنی دوو ژنی رۆژهەڵاتی

بەپێی هەواڵی ماڵپەری رۆژهەڵات، ژنێک بەناوی "نوسرەت مام ئیبراهیم" لەئاوایی میراوای سەر بەشاری بۆکان، دوابەدوای گرفتو ئالۆزییەکی بنەماڵەیی، ئاگری لەجەستەی خۆی بەرداوەو پاش گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانەی ورمێ، بەهۆی لەسەرەوە بوونی رێژەی سووتاوییەکەی، گیانی بەخت دەکات. هەروەها کچێکی تەمەن ١٦ساڵیش لەکرماشان بەناوی "سوهەیلا-ح"، بەهۆی گیروگرفتی بنەماڵەوە ئاگری لەخۆی بەرداوەو ئەویش گیانی لەدەست داوە. شایانی باسە هەر دوو خۆسوتانەکە لەرۆژی چوارشەممە(٩)ی سەرماوەزدا رووی داوە.■

سەردەشت : لێدان و داگیر کردنی بارو سامانی کرێ کۆڵچیەکان

بەگوێرەی هەواڵی رۆژهەڵات نیوزو پشت راستکردنەوەی ئەم هەواڵە لەلایەن پەیامنێری رێکخراوەی مافی مرۆڤی کوردستانەوە، هێزەکانی ئینتزامی لەشاری سەردەشت دەستیان بەسەر بارو دارایی کاسبکاران و کرێکارانی کرێ کۆڵچی ئەو شارەدا گرتووە. شایانی باسە، کاسبی لەشاری سەردەشت وەک زۆربەی شارە سنوورەییەکان و هەژاری خەڵکەکەیەوە، بۆتە کرێ کۆڵچییەتی و گواستنەوەی بار لەسنورەکانەوە. ئەو کاسبکارانەی کە دەست بەسەر ماڵو دارییاندا گیراوە ئەمانەن. "ساڵح سەلیمی، سیامەند عەلیپور، حوسێن مامە ساڵح، قادر ساڵحی، ئەحمەد ئەحمەدی، هەژار فاتمیان، جەلال ئەحمەدی، جەلال مەلا عەلی، ئارام و رەحمان گوویبلی"■

سنە : مادێح ئەحمەدی بە کەفالەت ئازادکرا

مادێح ئەحمەدی رۆژنامەنوسی لاو، پاش (١٢٠) رۆژ لەتێپەربوونی زیندانیبوونی، هەفتەی رابردوو بەکەفالەتی (٥٠)ملیۆن تمەن بەشێوەی کاتی وەهەتاکاتی دادگاییکردنی ئازادکرا. ئەم رۆژنامەنوسە پاش چەندین جار مانگرتن لەخواردن و بێ ئاکام مانەوەی پەروەندەکەی لەم رۆژانەی دواییدا دەمی خۆی هەڵدوری و بەمشێوەیە نارەزایی خۆی لەچارەنوسی نادیاری دەربڕی، ئەم مانگرتنە بەهەوڵ و تێکۆشانی باوکی مادێح ئەحمەدی کۆتایی پێهات و حوکمی ئازادی کاتی و بەکەفالەت لەلایەن دادگاوە پێدرا. شایەنی باسە د. ساڵح نیکبەخت پارێزەری بەناوبانگی ئێرانی و بەرەچەڵەک کورد، پارێزەریی پەروەندەی مادیحی لەئەستۆ گرتووە.■

مەشهەد: دەسگیر کردنی ٤٠ژن و پیاو

بەپێی راپۆرتی هەواڵنێری فارس، هێزەکانی بەرگری لەگەندەڵییە کۆمەڵایەتیەکان لەئێران و لەشاری مەشهەد، ٢٢ژن و١٨ پیاویان بەتاوانی سەماو خواردنەوەو لەبەرکردنی جلو بەرگی ناشەرعی لەمیوانیەکدا دەسگیر کردووە.■

پزیسکی ئەندێشە

محەممەد دلێر ئەمین

یەکەم ئەزموون، یەکەم خۆشەویستی، وشەو، داهێنان، ئەو گەرانە سیحر ئامێزەی کتێب، هەمیشە لەخەون. خولیای نوسەراندا. مانایەکی جوانو، ئەزمونێکی پڕ لەبەخشندەی هەیە. بۆیە لەم تەوەرەدا. ویستومانە، جارێکی تریش، نوسەرانو بیرمەندان، شاعیران، لەزهنو زاکیرەی ئێستایاندا، گەشتێک بۆ رابردووی خوێندنەوە قوڵەکاندا بکەنەوە، ئاخۆ کامە کتێبو نووسراو، تا ئێستایش، لەگەڵ روحیا سەمای شتە جوانەکان دەکەن. ئەو سەمایانەی هەمیشە کتێب، وشەکانی لەرووت بونەوەیەکی عیشق ئامێزدا، لەپەنجەرەی تازەوە پێمان دەڵێن.. ئێوەمان بەردەوام لەبیرو دیدو خەونو خولیاکاندایە. بۆیە، لەیەکەمین پەیڤیندا یەکەم کتێب کامە بوو تۆی بەرەو دونیای نوسین راکێشا؟ لەوەڵامدا محەممەد دلێری روناکبیر دەڵێت:

هەر لەقۆناغی خوێندنی سەرەتاییەوە، بەهۆی گوێ گرتنو لەبەرکردنی سورەتە نیشتمانیەکانەوە، خولیای خوێندنەوەی شیعری کوردیم لا دروست بوو، لەشەستەکانی سەدەی پێشوو داو بەهۆی سەرهەڵدانی شۆرشو تەوژمی بیری نەتەوەییەوە، زیاتر حەزم بەخوێندنەوەی کتێبو بەرهەمی شاعیرە ناودارەکانی کورد ئەکردو چاپو بڵاوکرنەوە لەو ساڵانەدا روو لەگەشەو زیادبوون بوو.

لەیادم نیە کەکام کتێب یان بڵاوکراوەم بۆ یەکەمجار خوێندۆتەوە، بەڵام دیوانی حەمدی صاحێبقران کە بۆ یەکەمجار لەلایەن نامەخانەی گەلاوێژەوە لەسلێمانی چاپو بڵاوکرایەوە، یەکێک بوو لەو دیوانە شیعریانەی تا ئەمرۆ چێژیان لێوەرئەگرم، هەروەها گۆڤاری رۆژی نوێ ١٩٦٠-١٩٦١ کەهەژدە ژمارەی لێدەرچوو، بابەتەکانی زۆر سەرنج راکێش بوون و هەوڵم ئەدا ئەو وتارانەی توانام بەسەریانا ئەشکا، بیانخوێنمەوە.

- کام کتێبە بەردەوام دەگەرێیتەوە لای؟

رەنگە ئەو کتێبانە زۆر بن کەحەز بکەم چەند جارێک بیانخوێنمەوە، هەر لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکدا چێژی زیاتریان لێ وەرگرم لەوانە (دیوانی حەمدی) و (کویرەوەری) و ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژ ١٩٣٩-١٩٤٩، (گوڵی رەش).■

ئا/ ئامانج کەریم

خوێندنەوەیەکی پەروەردەییانە بۆ فەلسەفەی براگماتی

عبدالرحمن تیشوری

و: هێمن مەحمود حەسەن

چ سودێکی هەیە ئەگەر ئێمە بزانین کەجیهان دروستکراوە، یاخود بەرێکەوت دروستبوو؟

فەلسەفەی براگماتی یەکێکە لەبەربلاوترین فەلسەفەکانی جیهان بەتایبەتی دوای ئەوەی فەلسەفەی مارکسی وەک جەستەیەک توشی نەخۆشیەکی ترسناک بوو خرایە ناو سەلاجەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەک هزرێک هەر دەمێنێتەوە. فەلسەفەی براگماتی یەکێکە لەفەلسەفە زیندوەکانی ئەم سەردەمە. ئەم زاراوەیە لەوشەی (براگما)ی یۆنانیەوە هاتوەو بەمانای (کارکردن) دێت، ئەم فەلسەفەیە لەحەفتاکانی سەدەی نۆزدەدا لەئەمریکا سەری هەڵداو. دواتر لەتێکرای وڵاتە رۆژئاواییەکاندا بڵاوبۆوە، لەدیارترین بیرمەندەکانی ئەم فەلسەفەیە:-

(چارلز ساندرز پیرس ١٨٤٠-١٩١٤)(ویلیام جیمس ١٨٤٢- ١٩١٠) (جۆن دیوی ١٨٥٤- ١٩٥٢)

مەعریفە پرۆسەیەکی کەڵەکەکردنی یەک لەدوای یەکە. بەڵام ئایا فەلسەفەی براگماتی چ شتێکی نوێی لەگەڵ خۆیدا هێنا؟

براگماتی هەر لەسەرەتاوە بەرنامەی خۆی راگەیاندو تێیدا داوای دوبارە بنیادنانەوەی فەلسەفەکانی تری کرد هەموو فەلسفەکانی پێشوو تریشی بەنەزۆک و بێ کەڵک ناوزەد کرد، لەبەرئەوە پێویست بوو فەلسەفەکانی تر، هەر هەمویان دوبارە بنیاد بنرێنەوەو چی تر بەدوای بنەماکانی چۆنێتی دروستبونی ژیاندا نەگەرێن، فەلسەفەی براگماتی نەزۆکی هەردو مەزهەبی مەتریالیستی و ئایدیالیستی رادەگەیەنێت، داوا دەکات چی تر فەلسەفە بەئاسمانی شتە روتەکاندا نەفرێت و لەسەر زەوی بنیشێتەوە بۆئەوەی چارەسەری کێشەکانی خەڵکی بکات.

ئامانجی فەلسەفە بریتیە لەگرێدانی مرۆڤ بەواقیعەوە و راکێشانی بەرەو جیهانی سەرزەوی. پێویستە عەقڵی مرۆڤ لەتاوەرە بەرزەکەی خۆی بێتە خوارەوە، چونکە راستی، لەدایکبوی واقیعە نەک بەپێچەوانەوە. ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە دەبینین فەلسەفە بەشێکە لەشەڕی نێوان فەلسەفەو ئاین.

- فەلسەفەی براگماتی دەڵێت، مرۆڤ خۆی ئاینده دروست دەکات، چونکە ئەگەر هەموو شتێک پێشتر بەرنامەی بۆ دارێژرا بێت، ئەوا مرۆڤ دەبێت بەپەرێک و بەدەم باوە یاری دەکات، فەلسەفەی براگماتی، کارکردن و تێروانینە بۆ ئاینده. ئەم خاڵە رون دەکەینەوە:

براگماتی وەکو پەیرەو

-ئامانجی ئەم فەلسەفەیە رون کردنەوەی هزرەکان و ماناکان و ئاشکراکردنی راستگۆیی هزرەکانە. واتە ئامانجی، دۆزینەوەی پێوەرێکە بۆ دەرخستنی راستگۆیی هزرەکان، هەروەها دۆزینەوەی پێوەرێک بۆ دەرخستنی رادەی سودبەخشینی ئەو هزرانە، چۆن دەتوانین بڵێین ئەم هزرە سودبەخشە؟ بێگومان پێوەری راستگۆیی و سودبەخشی ئەو هزرانەی لەرێگای ئەو سودەوە دیاری دەکرێت، کەمرۆڤ بەدەستی دەهێنێت.

ئەگەر هزرەکان بەئەنجامەکانیانەوە گرێ نەدرێن، ئەوا هیچ مانایەکیان نابێت.

ئێمە دەڵێین ئەم هزرە سودبەخشە چونکە هزرێکی راستەقینەیە، نەک بەپێچەوانەوە.

×فەلسەفەی براگماتیزم وەک تێروانینێک بۆ ئاینده، ئەم فەلسەفەیە دەیەوێت ئەو مشتومرە نەزۆکەی نێوان هەردو تێروانینی مەتریالیست و ئایدیالیست یەکلایی بکاتەوە. چونکە ئەگەر وەکو رابردو سەیری هەردوکیان بکەیت، جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوانیاندا بەدی ناکەین، بەڵام ئەگەر وەکو ئاینده سەیریان بکەین، ئەوا مەسەلەکە دەگۆرێت.

براگماتیەکان لەو برواپەدان ئەگەر ئێمە بڵێین جیهان لەمادە دروستکراوە، ئەوا لەوانەیە جیهان لەناکاو بەئاگر بسوتێت، ئەمەش نیگەرانی و دڵەراوکێیەکی دەرونی زۆر بۆ مرۆڤ دروست دەکات و سەر لەتاکە کەس دەشێوێنێت، بەڵام ئەگەر بڵێین هێزێکی نادیار جیهانی دروست کردوە، ئەوا لەوانەیە کەمێک دڵنەواییمان دەست بکەوێت.

فەلسەفی براگماتی بە بەردەوامی لەئاینده دەروانێت، براگماتیەکان دەیانەوێت بڵێن ئێمە پێویستمان بەدانانی سیستەمێکی رەوشی جێگیر هەیە، کەبەشێک لەخۆشی و کامەرانیمان بۆ دەستەبەر بکات.

×براگماتیزم وەک فەلسەفە: چەند خاڵێک هەیە کەتێکرای فەیلەسوفە براگماتیەکان تیایدا هاوبەشن.

راستیەکان رێژەیین و راستی رەها نییە. راستیەکان بەگۆرانی ئەزمونەکان، دەگۆرێت، راستی داوی ئەزمون ئاشکرا دەبێت، نەک بەپێچەوانەوە، ئەو هزرەی کەسود بەمرۆڤ دەبەخشێت، هزرێکی راستەقینەیە، نرخو بەهای هەر هزرێک لەرێگای ئەنجامەکانیەوە دیاری دەکرێت، ویرانکردنی جیهان سود بەمیللەتی ئەمریکا دەگەیەنێت. لەبەرئەوە هیچ رێگرییەک نییە بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە، بەڵام ئەم کارە گوناهی فەیلەسوفەکانی تیا نییە.

فرانسیس بیکۆن

(بیکۆن) کاریگەرییەکی زۆری بەسەر فەلسەفە براگماتیەوە بەجێهێشتوەو هەڵمەتێکی گەورەشی کردۆتە سەر فەلسەفەی ئایدیالی. چونکە لەبنیادنانی زانستو مەعریفەدا، بەفەلسەفەیەکی نەزۆک و بێ کەڵکی لەقەڵەم داوە، بەبڕوای (بیکۆن)، بۆئەوەی عەقڵی مرۆڤ بەباشی کاربکات، پێویستە ئازاد بێت. لەبەرئەوە پێویستە عەقڵی مرۆڤایەتی لەبارگرانی وەهمەکان رزگار بکرێت، (بیکۆن) باسی لەچوار جۆرە وەهم کردووە:-

-خێڵ: ئەمەش هەڵەیەکە بەرامبەر ئەو بیرو بۆچوونانەی مرۆڤ بڕوای پێیان هەیە.

-وەهمەکانی ئەشکەوت: ئەو وەهمانەیە کەمرۆڤ بەهۆی کلتورو باروردۆخی کۆمەڵایەتی و بیروباوەرە ئاینیەکانەوە تێی دەکەوێت. هەموو مرۆڤێکیش ئەشکەوتێکی تایبەتی خۆی هەیەو سەرقاڵی ئەنجامدانی کارەکانیەتی. خەونی ئەو کەسانەشی لەئەشکەوتەکاندا دەژین، زۆر جیاوازە لەخەونی ئەو کەسانەی لەکۆشک تەلارەکاندا دەژین.

-وەهمەکانی بازار: مرۆڤ بەهۆی بەکارهێنانی زمانەوە توشی ئەم وەهمە دەبێت، ئێمە لەرووی مەعریفیەوە لەناو رەحمی کۆمەڵدا دروست دەبین، پێویستیشمان بەپەرەسەندن هەیە. بۆ نمونە ئێمەی عەرەب هەزار وەڵاممان بۆ ئەو پرسیارە پێیە کەلەبارەی رابردووەوە دەکرێت. بەڵام تاقە وەڵامێکیشمان بۆ ئەو پرسیارە پێ نییە کە لەبارەی ئایندەوە دەکرێت.

ئالێرەوە کاری پەروەردە دەست پێدەکات. واتە باسکردنی کارەکان و دیاریکردنی کێشەکان و دانانی چارەسەری گونجاو.

-وەهمەکانی شانۆ: ئەم وەهمە لەئەنجامی هۆشیاری و ئاگایی مرۆڤ و باوەرهێنانی بەبیروبۆچونی ئەو بیرمەندانەوە دروست دەبێت کەجێگای متمانەی ئەوون. لەبەرئەوە پێویستە پشت بەمەنهەجێکی ئەزمونگەرایی ببەسترێت، بۆئەوەی عەقڵی مرۆڤایەتی لەو وەهمانە رزگار بکرێت.

هەنگاوەکانی مەنهەجی ئەزمونگەرایی

لێکۆڵینەوە لەپەرەسەندنی سروشتی دیاردەکان، دانانی خشتەیەک بۆ تۆمارکردنی ئەو دۆخەی کەدیاردەکەی تیادا دروست دەبێت، هەمەرەنگکردنی ئەزمونەکان، درێژەپێدانی ماوەی ئەزمونەکە، گواستنەوەی ئەزمون.

بیروبۆچونەکانی (فرانسیس بیکۆن) بون بەبنەمایەکی پتەو بۆ فەلسەفەی براگماتی (بیکۆن) مەنهەجی ئەزمونگەرایی بۆ تاوتوێکردنی دیاردە سروشتیەکان بەکارهێنا. بەڵام براگماتیەکانی تر ئەم مەنهەجەیان بۆ لێکۆڵینەوەی تێکرای دیاردە سروشتی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیەکان بەکارهێنا.

ویلیام جیمس

دەوترێت دامەزرێنەری راستەقینەی فەلسەفەی براگماتیە. هزری سەرەکیش لای ئەم بیرمەندە ئەوەیە کەهیچ راستیەکی رەها لەئارادا نییە. چونکە راستی لەپەروەردەی تایبەتی هەموو تاکێکدا بە بەردەوامی لەگۆراندایە. ئەمەش خاڵی داهێنانی (ویلیام جیمس)ە.

(جیمس) دەڵێت، دەروازەکانی ئاینده بۆ داهێنان و ئەفراندن کراوەن. مرۆڤایەتی توانایەکی زۆری هەیە بۆ دروستکردنی جیهانێکی باشتر. مرۆڤ دەتوانێت چارەنوسی خۆی دیاری بکات و قەدەر هیچ پەیوەندییەکی بەم کارەوە نییە. تەنانەت (جیمس) بەشێوەیەکی براگماتیانە وشەی ئایینی بەکارهێناوە و دەڵێت ئەگەر ئایین ئاسودەیی بۆ مرۆڤ فەراهەم بکات و ئازار بەخەڵکی نەگەیەنێت، ئەوا زۆر سودبەخش دەبێت.

جۆن دیوی

فەیلەسوف و سەرکردەی براگماتیە. قسەو باسی ئەوەش لەئارادا هەیە کە ئەو درێژەی بەتەمەنی براگماتیزم داوە. توانیویەتی زۆر بەلێهاتوویی دو وشە بەکاربهێنێت کەزۆر نزیکن لەگەڵ ئەمریکاوە. ئەوانیش وشەی زانست و دیموکراسین.

بەبڕوای (دیوی) سیستەمی راستەقینە ئەو سیستەمەیە کەبتوانێت نەرمیەک بخاتە پەیوەندییەکانی نێوان تاک و کۆمەڵەوە. (دیوی) ئامانجی ئەوە بوو کەبتوانێت کۆمەڵێکی دیموکراسی و فەلسەفەیەکی زانستی دابنێت. ئاواتی ئەوەبوو لەفەلسەفەیەکی زانستی بۆ ئەو کۆمەڵە دیموکراسیە دابنێت، بەجۆرێک نرخو بەهای تاک، هاوتای نرخ بەهای کۆمەڵ بێت.

(دیوی) لەفەلسەفەکەی (جیمس)ەوە دەستی پێکرد، بیروبۆچونەکانیشی کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر فەلسەفەی براگماتیەوە بەجێهێشت.

پەروەردە دەرمانێک نییە بۆ جارێک بەکاربهێنرێت و کاریگەرییەکەی بۆ هەتا هەتایە بەردەوام بێت. بەڵکو پێویستی بەنوێکردنەوە هەیە، چونکە زانست بە بەردەوامی شتی نوێترمان بۆ دەهێنێت

بلیمەتییەکەی (جۆن دیوی) لەوەدا دەرکەوت، کەتوانی پەیوەندییەکی هۆشیارانە لەنێوان پەروەردە و کۆمەڵو ژیاندا دروست بکات. ژیان لەئەوروپا پەرەی سەندوە و دواتریش کۆمەڵی ئەمریکی بووە بەکۆمەڵێکی پیشەسازی. بەبڕوای ئەو، قوتابخانە دەبێت وەکو کۆمەڵێکی بچوکی زیندو وابێت. (دیوی) خوازیاری پەروەردەیەکی بەردەوامە، بەجۆرێک لەتەمەنێکی دیاریکراودا کۆتایی نەیەت، واتە پەروەردەیەک بێت لەدایکبونەوە تا مردن بەردەوام بێت.

پەروەردە دەرمانێک نییە بۆ جارێک بەکاربهێنرێت و کاریگەرییەکەی بۆ هەتا هەتایە بەردەوام بێت. بەڵکو پێویستی بەنوێکردنەوە هەیە، چونکە زانست بە بەردەوامی شتی نوێترمان بۆ دەهێنێت، (دیوی) ئەو بۆچونەی (جۆن لۆک) رەت دەکاتەوە کەگوایە مێشکی مرۆڤ لەکاتی لەدایکبوندا وەکو لاپەرەیەکی سپی وایە.

بەبڕوای (دیوی) پەیوەندی راستەقینە لەئەنجامی کارلێکردنێکی دولایەنەوە دروست دەبێت.

ئەمەش مانای ئەوەیە کەگونجاوترین رێگا بۆ فێربون، ئەو رێگایەیە کەپشت دەبەستێت بەتوێژو چارەسەرکردنی کێشەکان فێربونی خودی، هزری راستەقینەی (دیوی) کاتێک دەست پێدەکات کەگرفتێک یان کۆسپێک رێگا لەرەوتی بیرکردنەوەی مرۆڤ بگرێت. سروشت بە بەردەوامی دەگۆرێت و دەوڵەمەندتر دەبێت، لەهەمان کاتیشدا هزری مرۆڤایەتی دەگۆرێت. بەم جۆرە پرۆسەکە بەردەوام دەبێت، نە راستی رەها لەئارادا هەیەو نەمەعریفەش جێگیرە، هەموو شتێک گۆرانی بەسەردا دێت، (دیوی) لەژێر ناونیشانی (چۆن بیردەیکەنەوە و چۆن کێشەکان چارەسەر دەکەین) کتێبێکی داناوە و پێنج قۆناغی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان داناوە کەبریتین لە:-

١-هەستکردن بەکێشەکە.
٢-پێناسەکردنی کێشەکەو دیاری کردنی.
٣-دانانی گریمانەو پێشنیارەکردنی چارەسەرەکان.
٤-تاقیکردنەوەی گریمانەکان.
٥-گەیشتن بەتیۆرەیەک و گشتاندنی تیۆرەکە.

ئامانجەکانی پەروەردە لەفەلسەفەی براگماتیدا

بەبڕوای (دیوی) کاری پەروەردە بریتیە لەئامادەکردنی تاک بۆ ژیان لەناو کۆمەڵدا. بەبۆچونی (دیوی) پەروەردە، تەنیا رێگایەک نییە بۆ بەدەستهێنانی مەعریفەی ئەکادیمی، بەڵکو پەروەردە بۆ هەموو کۆمەڵێکە، پرۆسەی پەروەردەیی راست و دروست گرنگی بەدات بەهەردو لایەنی دەرونی و کۆمەڵایەتی، هەروەها ئامانجە پەروەردەییەکان دەبێت بەپێی پێداویستییەکانی کۆمەڵ دابنرێت، دەبێت پەروەردە بەرەو ئامانجێکی نزیک ئاراستە کرابێت، یاخود ئەو ئامانجە شیاوی بەدیهێنان بێت، پێویستە ئامانجە پەروەردەییەکان نەرم بن و گۆرانکارییان تیادا ئەنجام بدرێت، پێویستە ئامانجەکانی پەروەردە، گەشەپێدانی تواناکانی فێربونی مرۆڤ بێت لەئەزمونەکانی ژیان، چونکە بەبڕوای (دیوی) پەروەردە و گەشەکردن یەک شتن، پێویستە ئامانجی رەفتاری، واقیعی بێت، پێویستە ئامانجە پەروەردەییەکان گەشە بدەن بەزیرەکی و داهێنان و نوێکردنەوەو شیکردنەوەو پێکهێنان و مەعریفەی تیۆری، هزری گشتی لای (دیوی) لەوەدا خۆی دەبینیەوە کەمەعریفە ئەوکاتە لەمێشکی مرۆڤدا جێگیر دەبێت، کەتاکە کەس ئامادە بێت بۆ وەرگرتنی هزرەکە. واتە کاتێک کێشەیەک بەسەر فێرخوازدا دەسەپێنرێت، زۆر ئەستەمە لەمێشکیدا جێگیر ببێت. تۆ دەتوانیت ئەسپێک ببەیت بۆ سەر روبارەکە، بەڵام ناتوانیت ناچاری بکەیت ئاو بخواتەوە، (دیوی) تەرکیزی خستبوە سەر بنەمای گرنگی پێدان. ئەمەش لەرێگای هاندان و وروژاندنی فێرخوازەوە دەبێت بەهۆی گرێدانی قوتابخانە، بەهەردو ناوەندی سروشتی و کۆمەڵایەتییەوە. بەبڕوای (دیوی) قوتابخانە کۆمەڵێکی بچوکی زیندوو و پێویستە هاندان لەناخی تاکە کەسەوە هەڵقوڵێت. چونکە گرنگی دانی کەسێک بەکارێک زیاتر سەرنجی رادەکێشێت، (دیوی) گرنگی داوە بەپاڵنەری فێربون ئەوەیە کەفێرخواز هانبدرێت وتارێک لەبەردەم هاورێکانیدا بخوێنێتەوە، باسی پاداشت و سزای کردوە، دەڵێت، سزاکارێکی ناچارییەو لەدواجاردا بەکاردەهێنرێت، سزا هیچ رەفتارێکی نوێ دروست ناکات، سزا رێگا چارەیەکە کەماموستاو بەرێوەبەری سەرنەکەوتو بەکاری دەهێنن. دەڵێت، نابێت فێرخواز بچەوسێنرێتەوە و دەبێت بواری هەبێت کەگوزارشت لەخۆی بکات، باسی مەعریفە دەکات و دەڵێت، مەعریفەی زانستی پەیوەستە بە بەدیهێنانی دیموکراسیەوە، چونکە مەعریفەی زانستی لەسایەی تاریکی دا ناژی. پێویستە دەروازەکانی عەقڵی مرۆڤایەتی بخرێنە سەر پشت و کۆت و بەند نەکرێن، بۆئەوەی مرۆڤێکی ئازاد دروست بکەیت، پێویستە هەر لەسەرەتاوە ئازاد بێت. چونکە پەروەردە کارکردنی بەردەوامە. براگماتیەکان پرۆگرامی قوتابخانە تەقلیدیەکانیان رەت کردۆتەوە، کەچەند بابەتێکی ئامادەکراو فێری منداڵەکان دەکەن، چونکە لەجیاتی ئەوەی پەروەردە ئامرازێک بێت بۆ گۆرینی کۆمەڵ، دەبێت بەئامرازێک بەدەستی کۆمەڵەوە، بەبڕوای (دیوی)، پەروەردە دوکاری سەرەکی هەیە. یەکەمیان گواستنەوەی مەعریفەی کەڵەکەبوی سەدەکانی پێشترو چاندنی مەعریفەی نوێ. دووەمیشیان چاوخشاندنەوە بە لایەنە باشەکانی پەروەردەی رابردو خستنەسەری شتی نوێتر.

بەبروای براگماتیەکان تەنیا یەک رێگای ئامادەکراو بۆ پەروەردەکردن لەئارادا نییە، چونکە دەبێت پەروەردە بەپێی پێداویستیەکانی فێرخواز بێت، هەروەها دەبێت پرۆگرامەکان و رێگاکانی وانەوتنەوە هەمەجۆر بن و شان بەشانی گۆرانکارییەکانی ژیان بن،

فەلسەفەو فەلسەفەی پەروەردە

(دیوی) جەختی لەسەر پەیوەندی پتەوی نێوان پێشکەوتنی زانستی و سیستەمی دیموکراسی کردۆتەوە. ئەمریکا لەبواری پەروەردەدا سودێکی زۆری لەهزرەکانی (دیوی) وەرگرتوە. بەبروای (دیوی) فەلسەفە دەسەڵاتی یاسادانانەو کاریشی رەت کردنەوەی بەهاکانی ئێستاو پێشنیارکردنی چەند بەهایەکی نوێیە کەهاوشانی گۆرانکاریەکانی ژیان بن. هەروەها کارێکی تری فەلسەفە، شیکردنەوەی ئەنجامەکانی زانستە.

شتێکی زانراویشە کەفەلسەفە بەدایکی زانستەکان دادەنرا، تائەوکاتەی زانستەکان لەیەکتری جیابونەوە، فەلسەفە پرسیار دەکات و زانستیش وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوەو دەیانکات بەواقیع. واتە فەلسەفە یاسا دادەنێت و زانستیش جێبەجێی دەکات. فەلسەفە پرسیاری بێ وەڵام دەکات. چونکە فەلسەفە بابەتێکی جێگیری نییە. فەلسەفە بە بەردەوامی دەپرسێت بۆچی؟، فەلسەفە تێروانینێکی رەخنەییانەی گەورەیە لەتێکرای کێشەکانی ژیان داهەیە، پەروەردە دەپرسێت کەچۆن دەتوانین کۆمەڵێکی دادپەروەری دور لەستەم دروست بکەین؟، پەروەردە چەند رێگایەکی دیاریکراو دادەنێت بۆ دروستکردنی ئەو کۆمەڵەیە، پەروەردە یەکێکە لەو بوارە گرنگانەی کە بەبەردەوامی پێویستی بەچاودێریکردن و رەخنەگرتن و دوبارە بنیادنانەوەی چەمکەکانی هەیە. پەروەردە بە بەردەوامی هۆکاری گۆرانکاری بوە. پەروەردە ئەو کۆششە کردارەکییەیە کەئامانجی گۆڕینی بەها پەروەردەییەکانە، بۆ چەندین ئاراستەو ئامانج و کارامەیی رەفتاری لای هەموو تاکێک. لەبەرئەوە داوا لەفەلسەفە دەکرێت لەتاوەرە بەرزەکەی خۆی بێتە خوارەوەو کێشەکانی کۆمەڵ چارەسەر بکات. چونکە فەیلەسوف تاکێکی ناو کۆمەڵەو لەوانەشە گوزارشت لەبەرژەوەندیەکانی توێژێک یا چینێک یاخود مرۆڤایەتی بکات.

بەڵام فەلسەفەی پەروەردە تێروانینێکی رەخنەییانەی شیکارییانەی گەورەیە لەواقیعی پەروەردە لەرووی پەیوەندی بەواقیعی کۆمەڵایەتی و ئابوری و دانیشتوان و هەمو شتێک کەپەیوەندی بەمرۆڤەوە هەبێت. واتە ئەڵقەی پەیوەندیە لەنێوان پەروەردە و فەلسەفەداو کاریشی شیکردنەوەو رەخنەگرتنە لەپرۆسەی پەروەردەو فێرکردن. فەلسەفە پێداویستیەکی پەروەردەیی تێر دەکات کەبریتییە لەدروستکردنی بیرکردنەوەیەکی تاکە کەسی رەخنەگرانەی ئەوتۆ کەرەخنە لەواقیع بگرێت. فەلسەفە پرسیاری ئازادییە. پرسیاری ئایندەیە. بەبێ ئازادی فەلسەفەش دەمرێت، ئێمە ئێستا پێویستیەکی زۆرمان بەفەلسەفەو ئەو پرسیارانە هەیە کەئامانجیان ئاشکراکردنی راستیەکانە. من چەنەبازی دەکەمو پرسیاری فەلسەفیش بەکراوەیی دەمێنێتەوە. بەفەلسەفێنە. بۆ خۆت دەژیت.■

سەرچاوە: ئەنتەرنێت، سایتی الحوار المتمدن.

د. نەجمەدین کەریم (سەرۆکی ئینستیتۆی کورد لەواشنتۆن):

پارلەمانی داهاتووی عیراق دەتوانێت هەندێک گۆڕان لەدەستوردا بکات، بۆیە دەبێت خەڵکی کوردستان لەهەڵبژاردنەکاندا بەشداریەکی کاریگەرانە بکەن

لەچەند شەوی رابردوودا تەلەفزیۆنی کەرکوک چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ د. نەجمەدین عومەر کەریم (سەرۆکی ئینستیتۆی کورد لەواشنتۆن) ئەنجامداو ئامادەکارو پێشکەشکاری بەرنامەکە "ئەحمەد رەفیق" بەمجۆرە دەقی بەرنامەکەی بۆ "چاودێر" پاکنوسکرد:

چاودێر: بەڕێزتان بەگشتی پرۆسەی هەڵبژاردن چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

د. نەجمەدین کەریم: پرۆسەی هەڵبژاردن کاتێکی زۆر گرنگە بەنیسبەت گەلانی عێراق بەگشتی. بەڵام بەنیسبەت کوردەوە زۆر گرنگتر بوو هەڵبژاردنی رابردوو واتا ئەوەی لە ٢٠٠٥/١/٣٠دا کرا گرنگی خۆی هەبوو؟ کە توانرا دەستورێک دابنرێت بەویستو خواستی سەرجەم چینو توێژەکانی بێ. بەنیسبەت ئەو هەڵبژاردنەی کە لە ١٢/١٥شدا ئەنجام دەدرێت بۆ پارلەمانو حکومەتێکی جێگیرە کەتەمەنەکەی (٤) ساڵە. ئەم ئەنجومەنە نوێیە دەتوانێت هەندێک گۆڕان لەدەستوردا بکات. بۆیە دەبێت کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەشداریەکی کاریگەرانە بکەن بۆئەوەی ئەو کورسیانەی پێشتر لەپەرلەمانی عێراقدا بەدەستمان هێنا بوو بیانپارێزین.

ئەم قۆناغەش بەقۆناغێکی گرنگ دەزانم بۆ عێراق بەتایبەتی بۆکورد، وەکو پێشتریش ئاماژەم پێکرد گرنگی ئەم ئەنجومەنە نوێیە ئەوەیە دەتوانێت دەستکاری هەندێک مادەی ناو دەستور بکات، بۆیە ئەبێت هەموو لایەکمان گرنگی ئەم پرۆسەیە بزانین.

رەنگە هاوولاتیان گلەیی ئەوەیان لەدەسەڵاتی کوردی هەبێت کەوەکو پێویست پرۆژەکان، خواستەکانیان بەدی نەهاتبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێت کاریگەری بۆ سەر پرۆسەی هەڵبژاردن هەبێت.. هاوولاتیانیش ئەم مافەیان هەیەو راستیش دەکەن، بەڵام ئەم پرۆسەی هەڵبژاردنەی لەپێشماندایە زۆر گرنگترو چارەنوسسازترە.

داوا دەکەم لەهەموو ئەوکەسانەی تەمەنیان لەسەروو (١٨) ساڵیەوەیە، بچن دەنگ بدەن، لەبەرئەوەی چارەنوسی خۆیانو نەتەوەکەیانو ئاییندەیانە.. چارەنوسی ئەو پارچانەی کوردستانە کەهێشتا نەگەڕاونەتەوە باوەشی کوردستان، وەکو شاری کەرکوکی خۆشەویستمان.

چاودێر: ئایا پەیوەندی کورد لەگەڵ ئەمریکادا پێش پرۆسە یان دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق..لەکام قۆناغە لەقۆناغەکان لەبرەودا بووە؟

د. نەجمەدین کەریم: پەیوەندی کورد لەگەڵ ئەمریکادا یان سەرکردایەتیی کورد لەگەڵ ئەمریکا بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیووە، ئەگەر ئێمە تەماشابکەین لەحەفتاکاندا یان شەستەکان بەتایبەتی حەفتاکان، پەیوەندیەکی زۆر نهێنی بووە لەسەر بنەمای موخابەراتیو نەتوانراوە بەئاشکرایی ئەو پەیوەندییە ببەسترێت،و هەر قسەیەک یان شتێک هەبووبێ لەنێوان کوردو ئەمریکا هەر قسە بووەو هیچ بناغەیەکی یاسایی یان سیاسی نەبووە، بەڵام لەدوای ساڵی (١٩٩١)وە بەهەنگاوی زۆر بچوک ئەو پەیوەندیانە زیادیان کردووە، تەنانەت وایلێهات لەکۆتایی نەوەدەکاندا نوێنەرانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرەسمی دەهاتنە کوردستان،و بۆ یەکەمین جار پەیوەندیان بەئاشکرایی لەگەڵ کوردستاندا دروستکرد.

دوای پرۆسەی ئازادیی عێراقیش بەشێوازێکی فراوانتر ئەو پەیوەندیانە گەشەیانکرد،و هۆکاری ئەمەش حکومەتو پارلەمانی کوردستان بوو کە وای لەئەمریکا کرد لەبەغدا زیاتر شەرعیەت بەهەرێمی کوردستان بدەن.

هەرئەمەش بوو وای لەسیاسەتی نێودەوڵەتی کرد هەر کەسێک بچێت بۆ بەغدا، زیارەتەکەی بەتەواو نەزانێت ئەگەر نەچێت بۆکوردستان.

هەر ئەمانەش بوو وای کرد لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراق کورد رۆڵی ئەکتیڤانەی هەبێت تەنانەت یاسای کاتی دەوڵەتی عێراق نەتوانرا بەبێ رەزامەندیو بەبێ کورد بنوسرێتەوە، دەستوریش بەهەمان شێوە. بۆیە ئەبێ بزانین کورد رۆڵی بەرچاوی هەیە لەعێراقی ئایندەداو بەواقیع بوونی بووەتە شتێکی زەروری. تەنانەت هاوپەیمانانو ئەمریکاش ئەم راستیەیان بۆ دەرکەوتووەو هەر ئەمەش بوو بەڕێز سەرۆکی عێراق مام جەلالو سەرۆکی هەرێم مەسعود بارزانی بەشێوەیەکی رەسمی هاتنە ئەمریکا. دیارە جەنابی مام جەلال سەرۆکی گەلانی عێراقە، بەڵام کاک مەسعود بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەئەمریکا پێشوازی لێکرا، و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئیعتراف کردنە بەهەرێمی کوردستانو کیانێکی شەرعی.

راستە کوردستان سەربەخۆ نیە، بەڵام وەکو سەرۆکی وڵاتێک تەماشای کاک مەسعود بارزانی کراوە.

چاودێر: ئایا لەئێستادا ئەمریکا دۆستی تاڵەبانیو بارزانیە، یان دۆستی کوردە؟

د. نەجمەدین کەریم: ئەڵبەتە لێرەدا شەخسیەت گرنگە.. ئەگەر تەماشای عێراق بکەی دەبینی سەرۆک وەزیران هەیە، سەرۆکی پارلەمان هەیە، بەڵام ئەمڕۆ لەعێراقدا مام جەلال وەزنو کەسایەتیەکی دیارو بەهێزە،و لەکوردستانیشدا کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە. ئەڵبەتە ئەم پەیوەندییانە ناسینی هەوڵو کۆششی ئەوانە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان نوێنەری ئەو وڵاتانەن کەناردونی، کاک مەسعود بارزانی نوێنەری کوردستانە، ئەڵبەتە مام جەلال -یش نوێنەری کوردستانە، بەڵام بەگشتی ئەو نوێنەری گەلانی عێراقە.

دیارە جەنابی مام جەلال سەرۆکی گەلانی عێراقە، بەڵام کاک مەسعود بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەئەمریکا پێشوازی لێکرا، و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئیعترافکردنە بەهەرێمی کوردستانو کیانێکی شەرعی

چاودێر: ئەو قازانجانەی کە کورد کردونی لەعێراقی نوێدا چین؟

د. نەجمەدین کەریم: ئەو قازانجانەی کە لەعێراقی نوێدا بۆکورد بەدەستهاتوون، بۆ یەکەمین جارە دەستورێک بەویستو خواستی سەرجەم گەلانی عێراق نوسراوەتەوە، دیارە ویستو خواستی کورد لەوە زۆرترە کە لەم دەستورەدا هاتووە، بەڵام بۆ یەکەمین جارە لەدەستورێکدا خاڵی زۆر گرنگ هەیە کەمافی کوردی تێدا چەسپاوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت جارێکی تر ئەو مافانەی لەدەستوردا چەسپاون جارێکی تر ناگەڕێنەوە دواوە، ئەگەر ئێمە تەماشای بەیاننامەی (١١)ی ئازار بکەین دانی بەمافی ئۆتۆنۆمی دانا، هەرچەند ئەو ئۆتۆنۆمییە بەهیچ شێوەیەک جێبەجێ نەکرا، بەڵکو ئەنفالو ماڵوێرانی بەدواوە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەروەکو دیکۆمێنتێک مایەوە. ئەڵبەتە ئەمجارەیان ئەمەیان دیکۆمێنت نیە، کورد بەهێزەوە چووە بۆ بەغداو بەبێ کوردیش مومکین نەبوو ئەم دەستورە بنوسرێتەوە. بۆیە ئەمەش زۆر گرنگە کە لەدەستوردا هاتووە، مافی بەرگری لەکوردستان کەهێزی پێشمەرگەیە دەمێنێتەوە، مافی ئەوەی تێدایە کەزمانی کوردی زمانی رەسمی وڵاتە، هیوادارین ئەوە کاریشی پێ بکرێت نەک هەر بەنوسین بێت.. مەسەلەی دەرامەت لەکوردستاندا ئاوو نەوت..وهتد، هەمووی لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەبێت.

ئەمانە هەمووی شتی نوێیە شتی وا نەبووە پێشتر، ئەگەر بێتو ئەو عێراقە دیموکراتو فیدراڵە بێتە دیو ئەم دەستورە جێبەجێبکرێت بەڕاستی وەکو کۆنفیدراڵی لێدێت، چونکە کورد لێرە دەسەڵاتی تەواوی هەیە بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی رۆژانەی خۆی بۆ بەرگریکردن لەخۆی، بۆئەوەی ئەو سەروەتەی کە رۆژانە لەکوردستاندا بەرهەم ئەهێنرێت خۆی بڕیاری لێبدات. ئەمانە هەمووی بۆ یەکەمین جارە لەمێژووی کوردستاندا بەدیدێت، دیارە هەموو ئەمانەش لەدوای ٢٠٠٣دا بەدەستهاتوون.

چاودێر: بەڕێزت لەمیانی قسەکانتدا وتت ئەم ئەنجومەنە نوێیەی کە لە ٢٠٠٥/١٢/١٥دا هەڵدەبژێردرێت، زۆر گرنگەو گرنگیەکەشی لەوەدایە دەتوانێت دەستکاری هەندێک خاڵی ناو دەستور بکات.. بەڕێزتان پێتان وایە کورد بەو حەجمەی کە بەدەستی دەهێنێت لەپارلەمانی عێراقدا، بتوانێت ئەوەی کەدەیخوازێت لەدەستوردا جێگیری بکات؟

د. نەجمەدین کەریم: بەڕای من دەکرێت، ئەوەش بەدوو شێوە:

یەکەم: دەبێت ئێمە لەبەغدا وای نیشان بدەین کە گەلێکین دوای مافەکانی خۆمان کەوتوینو دەستبەرداری نابین. سەرەڕای ئەو گلەییو گازندانەی کە لەکوردستان هەمانە، بەڵام خۆشبەختانە لەبەغدا یەکدەنگو یەک ڕیزین بەهەموو پەرۆشیەکەوە شوێن مافەکانی خۆمان کەوتووین.

دووەم: ئەگەر ئێمە لەهەڵبژاردنەکاندا کاریگەرانە بەشداریبکەین نوێنەرانی خۆمان هەڵبژێرین، ئەوکاتە ئەتوانین مافەکانی خۆمان بپارێزین، چونکە لەدەستوری عێراقدا ئەوەی تێدایە ئەگەر بێتو ئەوانەی بیانەوێت خاڵێکی گرنگو سەرەکی لەدەستوردا بگۆڕن، ئێمە ئەتوانین بەدوو پارێزگاو مافەیان نەبێت بەدوو لەسەر سێی دەنگەکانیان ئەوە رەتبکەنەوەو نەبێت بەیاسا.

ئەمە بەو مانایە دێت ئەتوانین بەرگری لەخۆمان بکەینو مافەکانمان بپارێزین، بۆیە دەبێت وەکو خەڵکی کوردستان زۆر وریابینو بزانین ئەو مافانەی کەبەدەستمان هێناون چۆن پارێزگاری لێدەکەین، ئەگەر وانەکەین ئیمکانە لەدەستمان بچێت.

چاودێر: ئایندەی عێراق بەچ ئاقارێکدا دەڕوات لەدوای ٢٠٠٥/١٢/١٥ەوە؟

د. نەجمەدین کەریم: ئەڵبەتە هیوای خەڵک ئەوەیە ئەم هەڵبژاردنە بکرێتو عێراقێکی دیموکراتو فیدراڵی لێ دروست بێت. بەڵام هیوا شتێکەو واقیع شتێکی تر.. بەڵام هەڵبژاردن بکرێتو کار بەدەستور نەکرێت رەنگە خەڵکی کوردستان بێدەنگ نەبن، مەبەستم ئەوەیە رەنگە نەتوانن لەچوارچێوەی عێراقێکدا بژین.

دەنگو باسی ئەوە هەیە بەشەکانی عیراق وەکو کونفدرەیشنێکی زۆر زۆر باریکەوە پەیوەندیان پێکەوە هەبێت. هەشە باسی ئەوە دەکات ببێتە سێ پارچەی سەربەخۆ، وەکو سەردەمی خەلافەتی عوسمانی

ئەمێنێتەوە سەر مەسەلەی ئاسایشی عێراق، ئەگەر بێتو ئەم رەوشەی ئێستا هەیە هەر بەردەوام بێت، نەک کاریگەری بۆ مانەوەی عێراق دەبێت، بەڵکو کاریگەری بۆ سەر هاوپەیمانانیش دەبێت. رەنگە هاوپەیمانان بیرێکی تر بکەنەوە، ئەڵبەتە ئەوان ناتوانن هەتا هەتا هێزەکانیان لێرە بمێننەوە، عێراقیش هەر بەم شێوەیە بمێنێتەوە شیعە سونە بکوژێت سونە شیعە بکوژێت. بۆیە ئەمریکا جاران وا بیری دەکردەوە ئەم عێراقەی هەیە هەروەک خۆی بمێنێتەوە، بەڵام ئێستا بیرکردنەوەی ئەمریکا بەرانبەر عێراق گۆڕاوە. ئەمە قسەی من نیەو خەڵکی پسپۆڕو شارەزای ئەمریکی وا دەڵێن، داوای ئەوە دەکەنو دەڵێن ئەم رەوشە هەر بەم شێوەیە بەردەوام بێت، ئەبێت بیرێکی تر بکرێتەوە، لەجیاتی ئەوەی عێراق بەجەنگی ئەهلی پارچە پارچە بێت، دەبێت پلانێکی بۆ دابنرێتو بیکەنە دووبەش، یان سێ بەشەوە تاوەکو زەرەرو کوشتاری زۆرتر روونەدات، وەکو ئەوەی لەیوگسلافیای پێشوودا روویدا..

ئەمریکا جاران وا بیری دەکردەوە ئەم عێراقەی هەیە هەروەک خۆی بمێنێتەوە، بەڵام ئێستا بیرکردنەوەی بەرانبەر عێراق گۆڕاوە

چاودێر: مەبەست لەمە چیبوو؟

د.نەجمەدین کەریم: مەبەستیان ئەوەیە باشترە بۆ ئەمریکاو دۆستەکانی پلانێک دابنێن، کە ڕێگە لەجەنگی ئەهلی بگرێت.

ئەگەر بێتو ئەم کوشتو کوشتارە هەر بەردەوام بێت، عێراق بەسێ پارچەوە لەیەکتری جیابکەنەوە. ئەگەر بگاتە ئەوەی جەنگ ئەهلی رووبدات شیرازەی ناوچەکە تێک دەچێتو رەنگە وڵاتانی دەوروپشت تەداخول بکەن. ئەمە هەر بەتەنها خەتەریاتی لەسەر عێراق نیە، ئەڵبەتە کاریگەری لەسەر دەوروپشتیشی دەبێت. هەموشمان دەزانین ئەمریکاو هاوپەیمانانی کۆمەڵێک ستراتیجی خۆیان هەیە لەناوچەکە.

چاودێر: ئایا کاتێک بیر لەوە کراوەتەوە عێراق بکرێت بەسێ پارچەوە، لەچوارچێوەی عێراقدا دەبێت بەسێ پارچەوە، یان دەبێتە سێ پارچەی سەربەخۆ؟

د. نەجمەدین کەریم: دەنگو باسی ئەوە هەیە بەشەکانی عێراق وەکو کونفدرەیشنێکی زۆر زۆر باریکەوە پەیوەندیان پێکەوە هەبێت. هەشە باسی ئەوە دەکات بێتە سێ پارچەی سەربەخۆ، وەکو سەردەمی خەلافەتی عوسمانی.

چاودێر: ئایا سەربەخۆبوون ئەگەرێکی بەهێز نییە؟

د. نەجمەدین کەریم: بەڵێ منیش وای دەبینم.

چاودێر: پێت وا نیە هێزەکانی هاوپەیمانان بەتایبەتی ئەمریکا بەم زووانە لەعێراقدا بکشێنەوە؟

د. نەجمەدین کەریم: نازانم مەبەستت بەم زووانە ساڵە یان مانگو دوو مانگ؟

چاودێر: مەبەستم ساڵە؟

د. نەجمەدین کەریم: بەڵێ بەڵێ، دیارە لەئێستادا فشارێکی زۆر لەناوخۆی ئەمریکادا لەسەر بوش هەیە بۆکشانەوەی هێزەکانی،و وردە وردەش ئەو فشارە لەزیادبووندایە، کە ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر دەسەڵاتی سەرۆک بوش، کۆمەڵی ئەمریکی دەتوانێت ئەمجۆرە فشارانە بکات ئەگەر پێویستی کرد (بۆ نمونە) ڤێتنام.

بۆیە ئەگەر بێتو ئەمریکا پارەی زیاتر خەرج بکاتو رەوشیش هەر خراپ بێت، دەسەڵاتی سەرۆک بوش لاواز دەبێت. هیوادارم ئەم وەزعە روونەدات ئەگەر لەهەشتو نۆی مانگی داهاتوودا (مەبەست ئەم مانگەیە-چاودێر) شتی وا رووبدات، بۆ عیراق زۆر خراپ دەبێت. بەڵام نابێت ئێمەی کورد ئەو ئەگەرە بەدوور بزانین. خەڵکی ئێمە یان سەرکردایەتیی ئێمە دەبێت ئەوە بزانێت، هەرچەندە سەرۆک بوشو دەسەڵاتی ئەمڕۆی ئەمریکا سورە لەسەر هێشتنەوەی ئەم سیاسەتەی، بەڵام گرەنتی نیە بۆ مانەوەی ئەو سیاسەتە.

چاودێر: ئەی باشە (پرۆژەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە) لەوکاتەدا چی لێدێت؟

د. نەجمەدین کەریم: ئەڵبەتە هەروەکو ڤێتنام کاریگەری لێدەکات، بەڵام ئەمریکا لەدوارۆژدا هەموو شتەکان ئەکەوێتە سەرئەوەی تاچەندە گەلی ئەمریکی پشتیوانی ئەو سیاسەتە ئەکات، ئەگەرئەو پشتگیرییە لاوازو سست بێت، سیاسەتەکە سەرناکەوێت. کێشەی گەورەی ئەمریکا لەڤێتنام چی بوو؟ ئەوە بوو، خۆ ئەمریکا لەڕووی عەسکەریەوە نەیدۆڕاند، بەڵام کاتێک گەلی ئەمریکا لەدژی جەنگەکە وەستانەوە پاڵپشتی لەجەنگەکە کەم بۆوە،و بووە هۆی ئەوەی لەکۆتاییدا سیاسەتی خۆیان بگۆڕن.

من مەبەستم نیە ئەمە لێرەدا روودەدات، بەڵام ئێمە بەتایبەتی وەکو خەڵکی کوردستان، دەبێت ئەو شتانەمان لەبیربێتو بیانبینین کە هەرچەندە ئیحتیمالەکەی زۆر کەمە بۆئەوەی بتوانین خۆمان ئامادە بکەین، بەدیلێکمان هەبێت کەچۆن مافەکانمان بپارێزین.

چاودێر: ئەکرێت کورد لەئێستادا بڵێت دۆستێکمان هەیە ناوی ئەمریکایەو پشتی پێ ببەستین؟

د. نەجمەدین کەریم: ئەمڕۆ دۆستێکمان هەیە ناوی ئەمریکایە ئەمڕۆ پشتی پێ دەبەستین، بەڵام ئەمریکا وڵاتێکی گەورەیە، ئەمریکاش لەهەموو جێگایەکدا بەرژەوەندیەکانی لەگەڵ کورددا ناگونجێتو هیوادارین ئەمریکا وەکو دۆستمان بمێنێتو دواتر وەکو پشتمان بمێنێت، بەڵام.. هەڵەیەکی ئێجگار گەورەیە گەر بێتو ئێمە هەموو هیوایەکمانو هەموو سیاسەتمان لەسەر ئەو ئەساسە دابڕێژین.

چاودێر: رۆڵی دۆزی کورد لەئێستاداو لەئەمریکا چییە؟

د. نەجمەدین کەریم: رۆڵی کورد لەئەمریکا یەکەمین شتێک دەبێت کوردایەتی بکەن، هەر کەسێک لەهەر حزبێک بێت تەنیا ئارەزووی خۆیەتی، بەڵام لەو وڵاتانەدا حزبایەتی هیچ ناهێنێتە دی، تەنها هەستی نەتەوایەتی زاڵترو گرنگتریشە، ئەبێت هەموو کوردێکیش بەشداربێت لەپرۆسەی سیاسیو وڵاتەکەی خۆی ئەگەر بەشداربووی لەپرۆسەی سیاسی وڵاتەکەی خۆت، سبەی ئەگەر کاریکت بەسیناتۆرێک بێت، دەزانێت تۆکێیت.

چاودێر: دوا پەیامت بۆخەڵکی کەرکوک چییە؟

د. نەجمەدین کەریم: پێش هەموو شتێک من زۆر خۆشحاڵم کەدووەم جارە دیمەوە کەرکوک، ئەڵبەتە من لەساڵی ١٩٧٢وە کەرکوکم نەدیتبوو، کە لە ٢٠٠٤ دا گەرامەوە بینیمەوە. ئێستاش دڵگرانم رێگاوبانی کەرکوک بەم شێوەیە دەبینم، بەڵام زۆر دڵخۆشیشم بەچ حەماسەتێکەوە بەچ دڵێکی گەورەو بەهێزەوە دەیانەوێت شارەکە پێش بخەن،و بیگەڕێننەوە باوەشی کوردستان. ئەمڕۆ لەکەرکوکمو لەتەلەفزیۆنی کەرکوک دانیشتووم قسە لەگەڵ ئێوەدا دەکەم، بەڕاستی جێگەی دڵخۆشیە. داوا لەهەموو کەسێک دەکەم لەکەرکوک ئەوەی دەتوانێت دەنگ بدات، تکایە دەنگ بدەن لەم هەڵبژاردنە، لەبەرئەوەی کاتو ساتێکی زۆر گرنگو چارەنوسسازە بۆکورد.■

ئەوەی فەتاح زاخۆیی کردوویەتی

رێزلێنانە لەهونەر، نەک پارە بەهەدەردان

عارف قوربانی

ئەمەی لێرەدا دەینوسم بەرگریکردن نیە لەوەزیری لەسەر کار لادراوی پێشوی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان.. چونکە ئەگەر بڕوام وابوایە کەپێویستە بەرگری لێ بکەم شەرمم لەکەس نەدەکردو لەکاتی خۆیدا بەرگریم لێی دەکرد.. منیش بڕوام وابوو کەپێویست بوو لەسەر دوو هۆکار ئیجرائات لەگەڵ وەزیری رۆشنبیری بکرێ. یەکەمیان لەبەرئەوەی ئەو ئەندامی سەرکردایەتی حیزبێکە کەسکرتێرەکەیان ئەندامی لیژنەی نوسینەوەی دەستور بووە، ئەگەر کورد نەیتوانیبێت هیچ بەدەست نەهێنێ ئەوە دەبوو ئەم هەڤاڵە لەسکرتێری حیزبەکەی خۆی قبوڵ نەکردایە کەئەو وەک حیزب پەسەندی دەستوریان کردووەو داوا لەخەڵک دەکەن دەنگ بدەن، ناکرێت خۆیان دەنگی پێنەدەن کەرۆڵیان لەدارشتنیدا هەبوو..

دووەمیان لەبەرئەوەی بەڕێز زاخۆیی وەزیری کابینەیەکی حکومەتی هەرێم بوو، ئەنجومەنی وەزیرانی ئەو حکومەتە نەک هەر دەستورەکەی پەسەندبووە، بەڵکو وەزیرەکانی راسپاردووە کەدەبێ سەیارەی وەزارەتەکانتان بخەنە خزمەتی گواستنەوەی هاوولاتیانەوەو هەموویان ئیمزای ئەو مەحزەرەیان کردووە، کەتۆ وەزیریو دێی ئەمە جێبەجێ ناکەیت.. کەواتا کەمتەرخەمی لەڕاپەڕاندنی کارێک کەپێت سپێردراوەو **پێشتر رەزامەندبوویتە لەسەر ئەو فەرمانە.. کەدێی جێبەجێی ناکەیت، بێگومان دەبێ چاوەڕوانی ئەنجامێکی لەوشێوەیەیش بکەیت..**

گەرچی ئەو مەسەلەیە تێپەڕیو پێویست نەبوو من تازە ئەو قسەیە بکەم، بەڵام بۆئەوەی ئەم بەرگرییەم بەجۆرێکی تر لێکنەدرێتەوە، بۆیە ئەو پێشەکییەم نوسیو ئەمەوێ ئەوەش بخەمەڕوو کەئێستاش ئەوەی من بەرگریکردن نییە لەفەتاح زاخۆیی، ئەوەندەی بەرگریکردنە لەو هونەرمەندە بەڕێزانەی کە **(چاودێر) بەشایانی هاوکاریکردنیان نازانێ**و ناشتوانی لەئاستی ئەوەدا بێدەنگ بیت کەدەبینی دوای ئەوەی دەسەڵات بڕیارێک ئەدات بۆ دەرکردنی وەزیرێک و بڕوای بەو بڕیارەیەو جێبەجێی دەکات، دواتر دێت دەیەوێ بۆئەوەی بەخەڵک بڵێ بڕیارەکەم سەلیم بووە، دەیەوێ بەشتی تر بیشکێنێ، بۆ نمونە **حەق نیە لەدوای لابردنی فەتاح زاخۆیی تازە شەنو کەوی کارەکانی ئەو بکەن.** ئەی فەتاح زاخۆیی سێ ساڵ بوو وەزیر بوو دەیان لیژنەی چاودێریو دەزگای جۆراوجۆری تر هەن بۆچی لەکاتی خۆیدا متابعەی کارەکانی ئەو وەزیرەت نەکردووە، یان پێت باش بووە..!؟ دوای ئەوەی **لەسەر شتێکی تر کەپەیوەندی بەکاری رۆژانەی وەزارەتەکەیەوە نییە، فەسڵی دەکەیت، دێیت دەکەوێتە تانەو تەشەر لەسەر ئەو کارانەی کردوویەتی..** بەتایبەتیش گەر کارێکی خراپی کردبێو تازە پێبزانن منیش لەگەڵ ئەوەدام بیخەنەڕووبەخەڵک بڵێن ئەمە (فەتاح زاخۆیی) بوو. بەڵام کەدێی تەنها بۆ شکاندنی دەست بۆ وەرەقەیەک دەبەی کەمن پێم وایە بەو کارە کە لەرۆژنامەی چاودێر ژمارە (٥٤) لەرۆژی (٢٠٠٥/١١/٢١) و لەلاپەڕەی یەکدا هەواڵێک لەژێر ناوی (وەزارەتی رۆشنبیری زیاتر لە (١٦٠) ملیۆن دینار دەداتە چەند هونەرمەندێک) بڵاوکراوەتەوەو تیایدا هەوڵدراوە ئەوە بخرێتەڕوو کە لەسەردەمی فەتاح زاخۆییدا پارەی وەزارەت بەهەدەر دراوەو تەنانەت لەدوا دێڕی هەواڵەکەشدا هاتووە (زۆربەی ئەوپارە سەرفکراوانەلەڕێی لیژنە پسپۆڕیەکانەوە رەزامەندیان بۆ وەرنەگیراوە)، ناوی چەند هونەرمەندێک ریزکراوە کەسودمەندبوونە لەو پارەیەو بەحسابی رۆژنامەکە هەوڵدراوە بەریزکردنی ئەو ناوانە کەگوایە موستەحەق نینو فەتاح زاخۆیی بەشێوەیەکی نارەوا هاوکاریکردوون، بۆیە وەزیری لەسەرکار لادراو شایەنی ئەو پۆستە نەبووە..!! من دەپرسم عەدنان کەریمو دیاری قەرەداخیو ئەیوب عەلیو لوقمان سەلیمو بورهان خۆشناوو ئیسماعیل خەیاتو ئەوناوانەی تر (ئایا ئەم هونەرمەندانە بۆچی شایانی ئەوە نەبن هاوکاری بکرێن بۆ تۆمارکردنی کلیپێک ئەگەر هاوکارییەکە لەسەرووی پێویستیشەوە بێت، **بۆ لامان ئاسایی بێت پارەی ئەو وڵاتەو میزانییەی ئەم هەرێمە بۆ تەکەتولاتی ناو حیزب هەڵبڕێژرێت، بەڵام ئەگەر کەسێک ئاوڕ لەهونەرمەندێک بداتەوە جەریمە بێ.. چەند خانوو سەیارەو ئیمتیازی تر دراوە بەخەڵکی لابەلاو ناپێویست..! بەڵام بۆ هونەرمەندێک حەرامە..** چەند وەجبە نەخوێنەوارو خزمو کەسی مەسئول لەسەر وەفدی ئەم وڵاتەو بەپارەی ئەم میللەتە سەفەریان کردووەو تاوان نەبووە، بەڵام گەر هاوکاری هونەرمەندێک کرابێ بۆ سەفەر (کابە روخاوە).. دەپرسم لەم وڵاتەی ئێمەدا ژمارەی ئەو کۆلکە خوێندەوارو کۆلکە سیاسیانە چەندنو چەندیان بۆ سەرفکراوە کەهاتون سەردانی کوردستانیان کردووەو چونەتەوە جنێویان پێداوین..! ئایا ئەوە بەهەدەردانە بۆ شتی لابەلاو ململانێو چیو چی سەرف دەکرێن..!! چەند بەناو سیاسی هاتۆتە وڵاتەکەمانو لەسەر حسابی ئەم میللەتە مەسرەفکراوەو دواتر دەرکەوتووە جاسوسی وڵاتێک بووە..!؟ بۆ ئەو پارانە بەهەدەردان نەبن، بەڵام ئەگەر هاوکاری (عەدنان کەریمو دیاری قەرەداخیو ئەیوب عەلیو ئیسماعیل خەیاتو..) بەوە بزانین کە وەزیر تاوانی کردووە پارەی بۆئەو بێ بەهرەو بێتوانایانە سەرفکردووە.. ئەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان شانازی بەوەوە بکات کەهاوکاری هونەرمەندی گەورەی وەک عەدنان کەریمو دیاریو ئەیوبو خۆشناو ئەو ناوانەی تر کە لەچاودێردا هاتوون کردووە، **هەقە حکومەت کەباسی کارە باشەکانی خۆی دەکات ئەوەی فەتاح زاخۆیی وەک نمونە بهێنێتەوە کەحکومەت هاوکارو پشتیوانی پرۆژەی گرنگی هونەرییەو ئەوەش نمونەکانمان.. کەچی چاودێر وەک ئەوە بەکاریهێناوە کەزاخۆیی تاوانی گەورەی کردبێ.! جا ئەگەر هەموو کارەکانی فەتاح زاخۆی وابوبێت، ئەوە شەرەفی ئەوەی بەردەکەوێت بڵێین باشترین خزمەتی بەهونەر کردووەو سەرکەوتووترین وەزیر بووە..** هەموو ئەوەی فەتاح زاحۆیی بۆ ئەو هونەرمەندانەی کردووە کە لەچاودێردا ناویان هاتووە، بەقەدەر ئەوە نییە کەلەهەڵەی دروستکردنی زێرابێکدا بەفیرۆ دەچێت.. من نازانم **ئەی بۆ چاودێر لەئاستی بەهەدەردانی ئەو هەموو سەروەت بەتاڵانبردنانەدا قسەی نییە کە بە بەرچاوی چاودێرو چاودێرەکانییەوە روو ئەدەن،** بەڵام سەغڵەتە بەوەی دەعمی چەند هونەرمەندێک کراوە کەهەموویان شایانی زۆر لەوە زیاترن کەفەتاح زاخۆیی کردویەتی..!!■

"چاودێر"یش رای هەیە

بەلامانەوە سەیرە کاک عارف وەک رۆژنامەنوسێک بەوجۆرە لەهەواڵێکی رۆژنامەنوسیو بەرپرسیارێتی رۆژنامە تێدەگاو ئەرکی رۆژنامەو حکومەت تێکەڵ دەکات. بۆیە، بەپێویستی دەزانین بەکورتی ئەم وەڵامەی بدەینەوەو نامانەوێ شەنوکەوی تەواوی بۆچونو سەرنجەکانی بکەین، کە لەگەڵ هەندێ لەبۆچوونەکانی تەباین،و تەنها سەرنجمان لەسەر ئەو چەند دێڕەی وتارەکەی دەربەبڕین کە هێڵمان لەژێر داناوە:

-ئەو هونەرمەندانەی لەو هەواڵەی "چاودێر" دا ناویان هاتووە، ئێمە وەک رۆژنامە رای خۆمان تێکەڵ نەکردووە، هەروەک چۆن نابێ لەبلاوکردنەوەی هەواڵدا رەئی بخرێتەڕوو، و ئێمە کتومت ئاماژەمان بەبڕی پارە سەرفکراوەکان کردووە کە بۆ سیدیەکی ئەیوب عەلی گۆرانی بێژ بۆ نمونە زیاتر لە (٥٢) ملیۆن دینار سەرفکراوە، کەئەو پارەیەیش دەبرێتەوە بۆ ئەوروپاو لەوێ بۆ خەرجی سیدیەکە سەرف دەکرێ، ئیتر نازانین چەندی تێدەچێ.

-ئەوە تۆمەتێکی گەورەیە دەدرێتە پاڵ "چاودێر" کەئێمە بەشایانی هاوکاری کردنیان نازانین.

-ئێمە شەرەفی خزمەتکردن لەسەرفکردنی پارە بۆ چەند هونەرمەندێک کورتناکەینەوە.

-ئێمە ئیشمان تەنها شەنو کەوی کارەکانی بەڕێز فەتاح زاخۆیی نیە، یان هەر بەرپرسێکی تری لەسەر کارلابراو، ئەوەندەی ئامانجمان خستنەڕووی هەندێ زانیارییە بە بەڵگەوە کەئاماژە دەکەن بەسەرفکردنی سەروەتو سامانی گەلەکەمان لەبوارە جیاجیاکاندا.

-ئێمەیش هەمان پرسیار رووبەڕووی لیژنەو دەزگاکانی چاودێری دەکەینەوە کە بۆ لەکاتی خۆیدا موتابەعەی کارەکانی، نەک ئەو وەزیرە وەکو نوسەر باسی دەکا، بەڵکو وەزارەتی رۆشنبیریو وەزارەتەکانی تر نەکردووە، تا راپۆرتەکانیان بۆ رایگشتی بڵاوبکرێتەوە.

-دیسانەوە چاودێر مەبەستی شکاندنی هیچ کەسو لایەنێک نیە،و گەر مەبەستمان شکاندن بوایە، بەزمانێکی زبر رای خۆمان دەخستەڕوو، بەڵام کاکە عارف ئێمە هیچ رەئێکمان نەداوە، بەڵکو کەسانی نزیک لەسەرفکردنی ئەو بڕە پارەیە "چاودێر" یان ئەگادارکردووەتەوە: زۆربەی ئەو پارانە لەڕێی لیژنە پسپۆڕیەکانەوە رەزامەندییان بۆ وەرنەگیراوە، هەرچەندە "چاودێر" تێبینیشی لەسەر هەندێ لیژنەی بەناو پسپۆڕیش هەیە.

-ئەگەر کاک عارف وەک ئەندامێکی حزبی بەلایەوە ئاسایی بێ پارەی ئەم وڵاتەو بودجەی هەرێمەکەمان بۆ تەکەتولاتی ناو حزب بەهەدەر ببرێ، ئەوا "چاودێر" تەواو رای پێچەوانەی هەیەو پێشمان وا نیە سەرفکردنی پارەو کۆمەککردنی هونەرمەندان جەریمە بێ.

-ئێمەیش نیگەرانین کەخانو، سەیارە، ئیمتیازاتی لابەلاو ناپێویست بەهەدەر دراوە.

- کاک عارف کە بەحەقی حکومەتی دەزانێ لەنێو کارە باشەکانیدا ئاماژە بکات بەم کارانەی کاک فەتاح زاخۆیی، کەچی دواتر "چاودێر" ی تێکەڵ بەحکومەت کردووە، دەڵێ: کەچی چاودێر وەک ئەوە بەکاریهێناوە کەزاخۆیی تاوانی گەورەی کردبێ،و لەوەدەچێ کاک عارف وایپێبزانێ "چاودێر" زمانحاڵی حکومەتی هەرێمە!!.

- "چاودێر" هەر ناحەقیەک یان گەندەڵیەک یاخود کێشەیەک پێ بزانێو بەڵگەنامەی لەبارەیانەوە دەست بکەوێ، بەئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ بڵاویبکاتەوە،و هیوادارین کاک عارفیش وەک کادرێکی راگەیاندنی حزب بەو بەرپرسیارێتیە کار بکاو هاوکاریشمان بکا، و دیسانەوە وەها تۆمەتبارمان نەکا: کەئێمە سەغڵەت بوین بەدەعمکردنی چەند هونەرمەندێک.

-نووسەر لەوتارەکەیدا کەوتووەتە دوو رای پێچەوانەوە سەبارەت بە فەسڵکردنی بەڕێز فەتاح زاخۆیی،و خوێنەرانیش دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ سەرلەنوێ خوێندنەوەی وتارەکەیو ئێمەیش لێرەدا هیچ تەعلیقێکمان نییە، جگە لەوە نەبێ کە دەقی ئەو دوو دێڕەی نووسەر دەخەینەوە روو کە پێچەوانەی یەکترین: .. پێشتر رەزامەندبوویتە لەسەر ئەو فەرمانە.. کەدێی جێبەجێی ناکەیت، بێگومان دەبێ چاوەڕوانی ئەنجامێکی لەوشێوەیەیش بکەیت.. دێڕەکەی دواتریش بەمجۆرەیە:

لەسەر شتێکی تر کەپەیوەندی بەکاری رۆژانەی وەزارەتەکەیەوە نییە، فەسڵی دەکەیت، دێیت دەکەوێتە تانەو تەشەر لەسەر ئەوکارانەی کردوویەتی.■

شوێنی سەردێڕ لەراگەیاندندا

فەرەیدون سەدیقی

و: جوامێر مارابی

بەبڕوای کەسێکی رۆژنامەنووسو مامۆستای رۆژنامەنوسی، "سەردێڕ" رۆحی زاڵ بەسەر ناوەرۆکی رووداوێک، هەواڵ یان راپۆرتێکە.

فەرەیدون سەدیقی لەوتوێژدا لەگەڵ هەواڵنێری بەشی "پەیوەندییەکان"ی هەواڵنێری خوێندکارانی ئێران (ئیسنا) سەبارەت بەجێگاو شوێنی سەردێڕ لەراگەیاندنەکاندا، رایگەیاند: بەرەنگ لەدانانی سەردێڕ لەراگەیاندنەکاندا بەتایبەت لەراگەیەنە نڤیسارییەکاندا دەوری سەرەکی دەگێڕێ، بەواتایەکی دیکە ناوەرۆکی پەیامی تێدایە. واتە رووداوێکی هەواڵی لەدوو رۆژنامەدا بە لەبەرچاوگرتنی جۆری بیرکردنەوەی بەرەنگەکان، سەردێڕی جیاوازی تێدا بەکاردەچێتو لەئاکامدا سەردێڕی سەرنج راکێشو کاریگەر پێشکەش بەبەرەنگ دەکرێت.

ئەو لەدرێژەدا دەڵێت: ناوەرۆکی هەواڵێک لەرۆژنامە جیاوازەکاندا بەپێی بەرەنگی تایبەتی خۆی، دەبێ فۆرمی پێکهاتەییو قەبارەی وێنەیی جیاوازی هەبێت، چونکە ئاستی تێگەیشتنیو زەوقیو بیرکردنەوەی خوێنەرانی ئەم دوو رۆژنامە لەگەڵ یەکتر جیاوازە.

بەبڕوای ئەو، سەردێڕە هەواڵییەکان بەپێی ناوەرۆکەکەی یان لەڕاستیدا جۆری بەستێنی هەواڵ، شێوازی جوڵەی فۆرمیو پێکهاتەی جیاواز دروست دەکات، واتە سەردێڕی هەواڵی ئابووری لەگەڵ سەردێڕی هەواڵی هونەری یان رووداو دەبێ جیاواز بێت.

مامۆستای رۆژنامەنوسی لەدرێژەیدا وتی: لەباسە سیاسییەکاندا بەپێی جوڵەی ناو پەیام، هەواڵو خولقێنەرو سەرچاوەکەی، سەردێڕ دەبێ بزوێنەر بێتو بەپێی رادەی بەرەنگ بجوڵێت. هەروەها ئەگەر بمانەوێ بەدەر لەئالقەی سیاسەت باسی سەردێڕی بزوتو تەوسیفی بکەین، دەتوانین ئاماژە بکەین بەسەردێڕی فیلمی "دختری باکفشهای کتانی" (فیلمێکی ئێرانییە)، چونکە ئەم سەردێڕە ناوەرۆکی جوڵەو وەصفی فیلمەکە لەزەینی بەرەنگدا زیندوەکاتەوە.

سەدیقی لەکۆتاییدا ئاماژە دەکات بەجیاوازییەکانی سەردێڕ لەهەواڵنێرییەکانو چاپەمەنیەکانداو دەڵێت: بەهۆی ئەوەی هەواڵنێرییەکان بەرهەمهێنەرانی هەواڵو رووداوەکاننو بەکارهێنەرانی بەرهەمەکانی ئەوان رۆژنامەکانن، بەشێوەیەکی ئاسایی لەئاهەنگی بازدانو جوڵەو شورو شەوقی سەردێڕ کەم دەکەنەوە، چونکە ئامانجی ئەوان راکێشانی بەرەنگی زۆرتر نییە، بەڵام هەلومەرجی رۆژنامەکان وا دەخوازێ کە بەپێی بەرەنگ لەتاکتیکی سەرنج راکێشو کاریگەر لەهەڵبژاردنی سەردێڕدا کەڵک وەرگرن.■

وەڵامی وەزارەتی رۆشنبیری بۆ هەفتەنامەی بەڕێزی (چاودێر)

لەهەفتەنامەی بەڕێزی "چاودێر"ەوە هەندێ رەخنەی نارەوا لەوەزارەتی رۆشنبیری گیراوە، بەپێویستمان زانی وەڵامێکی کورتو راستو رەوا بدەینەوە لەپێناو راستکردنەوەی هەڵەکانی چاودێرو دەرخستنی راستییەکان بۆ خوێنەرانی ئازیزی. جیاواز لەوەزارەتەکانی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی رۆشنبیری پەیوەندی رۆژانەو راستەوخۆی بەسامانێکی گەورەی نەتەوەییەوە هەیە کەبریتین لەنوسەرو هونەرمەندو روناکبیرانی گەلەکەمانو ئەرکێکی سەرەکیمان بەدەنگەوەچوونی ئەو توێژانەی کۆمەڵەکەمانە کە بەداخەوە لای خۆمان هێندەی (دەرەوەی خۆمان) ئەو بایەخەی پێنادرێت!

وەزارەتی رۆشنبیریو بەدڵنیاییەوە نوسەرانو هونەرمەندان،و هتد چاوەڕێبووین، هەفتەنامەی "چاودێر" رەخنەوگلەیی ئەوەی هەبێت کەئەم بودجەیە کەمەو لەئاستی کارو پرۆژە هونەریو روناکبیرەکاندا نیە، نەک بەلایەوە زۆربێت کەوەزارەتی رۆشنبیری کۆمەکی هونەرمەندێکی کورد بکاتو دەستگیرۆییەکی بکات لەسەرخستنی پرۆژەیەکی هونەریدا!.

ئێمە بەچاودێر ئەڵێین ئەو بڕە پارانەی کە لەلایەن وەزارەتەوە پێشکەش بەکارو پرۆژە هونەرییەکان ئەکرێت، شاراوە نیەو فەرمانی تەنیای بەڕێز کاک "فەتاح زاخۆیی" نیەو نەبووە، بەڵکو هەموویان بەڕاوێژ لەگەڵ بەڕێوەبەرێتییە پەیوەندیدارو تایبەتمەندەکانو بەرەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانو بەئاشکرا خەرجکراونو دەکرێت.

دەربارەی تەسویەکردنی سلفەکانیش، پێش وەخت دەبێت ئەوە راست بکەینەوە کەدەبوو دارشتنی مانشێتەکە وابێ کەوەزارەتی رۆشنبیری سلفەکانی تەسویە نەکردووە نەک ناکا، چونکە ناکا مانای ئەوە دەگەیەنێ کەبەمەبەست نایکا، وەڵامەکانی تریش لەم چەند خاڵەی داهاتوودا کورت دەکەینەوە:

یەکەم: چوار لەو پێشینانەی کە چاودێر باسیان دەکات، پەیوەندی بەدیوانی وەزارەتەوە نیە.

دووەم: یەکێکیان پووچەڵ (ابطال) کراوەتەوە یەکێکی تریشیان بۆ مووچەیە نەک سلفە (وەک چاودێر ئەڵێت).

سێیەم: بیستو یەک (٢١) پێشینەیان تەسویەکراون.

چوارەم: دوانزە (١٢) سلفەیان، هێشتا پرۆژەکانیان تەواونەکراوە (ئیدی لەکوێوە تەسویە بکرێت!) چونکە کارو پرۆژەی هونەری نە بەزۆری ئێمە تەواو دەبێتو نەکەسیش کارو پرۆژەی کرچ وکاڵی قبوڵە.■

راگەیاندنی وەزارەتی رۆشنبیری

وەڵامی چاودێر

-سەرچاوەی باوەڕپێکراو لەنێو وەزارەتی رۆشنبیریدا "چاودێر"ی ئاگادارکردووەتەوە کەتەواوی ئەو بڕە پارانەی سەرفکراون بەراوێژ نەبووە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار، و رەنگە هەندێکیان بەراوێژ بوبێ.

-بەراگەیاندنی وەزارەت دەڵێین:

فێری نوسینی مانشێتمان مەکە چۆن دەبێ، چونکە هەموو ناونیشانێکی هەواڵ "مانشێت"یش وەک ناونیشانی هەواڵ، دەبێ رانەبردووی بەردەوام بێو "ناکا" رانەبردووی بەردەوامەو "نەکردووە" رابردووە..

ئێمە لەدەسپێکی ئەو هەواڵەدا بە "نەکردووە" نوسیومانە کەدەسپێک جیاوازە لەناونیشان، یان مانشێت.

-لەوەزارەتی رۆشنبیری دەپرسین: ئایا ئەمە وەڵامی ئێوەیە یان راگەیاندنەکەتان؟ وەک چۆن لەناونیشاندا بەوەڵامی وەزارەتی رۆشنبیری نوسیوتانەو لەژێر وەڵامەکەشدا "راگەیاندنی وەزارەتی رۆشنبیری"تان نوسیووە!.

-دوا قسەشمان ئەوەیە: "چاودێر" ئەو قسانەی نەکردووە، بەڵکو هەموو ئەوانە لێدوانی بەڕێوەبەری گەنجینەی (٢)ی سلێمانین کەبەبەڵگەوە قسەدەکا، هەروەک چۆن پێشتریش وەزارەتی دارایی گلەیی لە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری وەزارەتەکەتان کردووە لەرووی خەمساردی لەتەسویەکردنی سلفە سەرفکراوەکان،و ئەوەیش قسەی ئێمە نییە، بەڵکو قسەی بەڕێوەبەری گەنجینەی (٢)ی سلێمانیە.■



بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی: ١٦ باخچەی ساوایانو قوتابخانەی سەرەتاییمان داگیر کراوە

پاشماوەی یەکگرتووی ئیسلامی

ئەو برگەو مادانەی دەستوور کە مافی کوردی تیا بەرجەستە کراوە، لە ئارادا نەماوە، ئایە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە، نەتەوەی کورد، بەتەواویی پشتێنی لێ بکاتەوە و دڵنیابێ لە چارەنوسی درەوشاوەی، ئایا کورد دڵنیا بێ، لەو عێراقەی کەکەلەپور و نەریت و فیکری بەعس و ڕەفتاری سەدام و جەلادەکانی بەعس تیایدا، ڕۆچۆتە ناو ناخ و عەقڵییەت و ڕەفتاری، چەندین سەدام و جەلادی تری دەمامکدار، کە ئەگەر زەمینەو بارودۆخێکی تری ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی، سەردەمی زێڕینی ڕژێمی بەعس و سەدام حسێنی دیکتاتۆریان بۆ برەخسێ و بۆ دروستبێتەوە، ئەمجارە، ئەوەی کە حیزبی بەعس و سەدام پێی نەکراوە بە نەتەوەی کورد، ئەوانە، هەوڵی جێبەجێکردنی ئەدەن و ئەمجارە بەیەکجارەکی هەوڵی قڕکردنی کورد ئەدەن! ئەوەی یەکگرتووی ئیسلامیی کردوویەتە پاساو بۆ نەمانی پێویستێتی و نەمانی شەرعییەت بۆ (لیستی هاوپەیمانی کوردستان) و بەشداری نەکردن تیایدا وڕەتکردنەوەی ئەو هاوپەیمانێتییە، لەلایەک گەڕاندویانەتەوە بۆ دیاردەی گەندەڵی و لە لایەکی تریش گەڕاندویانەتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو هاوپەیمانێتییە، تەنها بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد بووە لە دەستووردا و دەستووریش بڕیاری لێدرا، ئەمە لە کاتێکدا ئەم پاساوە لاوازە و نابێتە پاساوێکی لۆژیکی و واقیعی، چونکە لەلایەک، بەشێک لە بڕگەو مادە گرنگ و چارەنووسسازەکان، لە پەرلەمانی عێراقدا پێویستیان بە دەرکردنی یاسا هەیە بۆیان، لەلایەکی تریش لە ئێستاوە، هەندێ ڕەوت و هێزی بەشداربووی عەرەبی سوونە، هەڕەشەی هەڵوەشانەوەی دەستوور و هەندێکی تریشیان لەنموونەی حیزبی ئیسلامیی عێراقیی، بەهیوای گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە دەستووردا، بەشداری هەڵبژاردن ئەکەن، زۆرینەی ئەو هێزانە، ئاراستەی بۆچوون و هەڵوێستەکانیان، لەناوەرۆکێکی شۆڤێنیزمییانەی بەعس ئاساوە هەڵقووڵاوە لە دژی نەتەوەی کورد و، تیایاندایە بۆ خۆبەهێزکردن و هاوسەنگی هێزلە پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا، بە پشت بەستن بە پردی عەقیدەی ئایینی، ئومێدی لەسەر فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیی هەڵچنیوە و بە تەواوکەری پرۆژە عەقیدەییە ئایینییەکەی خۆی ئەزانێ؛ ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەندێ لە مادەکانی دەستوور، ئەبێ گوشار، یان هێزی یاسایی (فراکسیۆن) لە ناو پەرلەماندا کار بۆ بەکردارکردنی بکاو تێبکۆشێ، واتە ئەو شەڕە سیاسییە بکا، کە بەڕێز مەولود باوەمورادی ئەندامی (م.س) ی یەکگرتووی ئیسلامیی لە هەڵبژاردنی پێشوودا، باوەڕی پێ بووە و پێویستێتی (لیستی هاوپەیمانی کوردستان)ی لەو شەڕە سیاسییەدا بینیوەتەوە، بەڵام لەمجارەیاندا، بە پێچەوانەوە، هەروەها، سەبارەت بە بەڕێز سەڵلاحەدین محەمەدی ڕابەری گشتی یەکگرتووی ئیسلامیی کە ئەڵێ: (ئێمە هەر بڕوامان بە هاوپەیمانێتی نییە بۆ کوردستان و خەڵکی کوردستانیش پێویستی بەو هاوپەیمانێتییە نییە)، ئەڵێین؛ ئاساییە یەکگرتووی ئیسلامیی لە دید و بۆچوون و جیهانبینی خۆیەوە، لەم قۆناغە هەستیارو چارەنووسسازەی ئێستادا، لە ڕووی ئەرکە نەتەوایەتییەکانەوە، خۆی بە بەرپرسیار نەزانێ و هەرگیز بڕوای بە هاوپەیمانێتی نەبێ بۆ کوردستان، بەڵام، هەرگیز سروشتی و ڕەواو ئاسایی و لۆژیکی نییە، پرۆسەی (هاوپەیمانێتی کوردستان)، بۆ ئەم قۆناغە، بێ بایەخ بکرێ و ڕەتبکرێتەوە و بە پێویست نەزانرێ، حەق نییە، ئەوەندە دڵنیایی بدەین بە خۆمان کە نەیارو دوژمنە شۆڤێنیزم و داخلەدڵەکانی کورد، کەبە عەقڵیەتی تیرۆر، مامەڵەلەگەڵ مافەکانی کورددا ئەکەن، ئەگەر بۆیان بلوێ، ئیتر هیچیمان لە بەرامبەر ناکەن؟!

ئایە (لیستی هاوپەیمانی کوردستان)، لە بنەڕەتدا هەڵە بووە، یان یەکگرتووی ئیسلامیی، ئایە یەکگرتووی ئیسلامیی لە کام هەنگاو و هەڵوێستیدا هەڵەی کردووە، هەڵوێست و هەنگاوی بەشداریکردن لە پێکهێنانی (لیستی هاوپەیمانی کوردستان)، کە بە ئەرکێکی شەرعی ئایینی زانیوە لە هەڵبژاردنی پێشوودا، یان جیابوونەوە لەو لیستە، لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا، کە لەمجارەیاندا، جیابوونەوەی لەو لیستە، بە ئەرکێکی شەرعی ئایینی سەرشانی خۆی زانیوە!

سیاسەت و هەڵوێسی گۆڕاوی یەکگرتووی ئیسلامیی، تەمومژییەکی پێوە دیارەو شەفافییەتی تیایە پەیڕەو نەکراوە، ئەوان لەلایەک ئەڵێن؛ (لیستی هاوپەیمانی کوردستان) شەرعییەت و پێویستێتی نەماوەو مافەکانی کورد لە دەستووردا چەسپاوە و سەلمێندراوە، لەلایەکی تریش ئەڵێن، جیابوونەوەیان پەیوەندی بە هەڵوێستیانەوە هەیە لەسەر دیاردەی گەندەڵی لەکوردستاندا!!■